GOLDEN BOOK

يوسف جاسم رەمەزان

# 11:11

لەوانەیە ئەفسانەیەک لە هەزار راستی باشتر بێت..



وەرگێڕان: ئارام عوسمان

Scanned with Can




شرۆڤە

کتێبخانەیەك تایبەت بە زیاتر فێربوونوو کارا کردنی عەقڵ و دوور کەوتنەوە لە نەزانین و رەش بینی..

@haval_pashaie10

t.me/kteb_khana

بەستەری بانگهێشت

ورياکەرەوەکان

داگرساو

ئەندام

4235 بەشداربووەکان

with Can



# 11:11

رۆمان


نووسینی: یوسف جاسم رمضان

وەرگێڕ: ئارام عوسمان

پێداچوونەوە: سیروان سلێمان

دیزاین: هەرێم عوسمان

چاپ: تاران

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (۱۱٤٤) ی ساڵی ۲۰۲۱ ی پێدراوە



کتێبخانەی گۆڵدن بووک

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

07701598762 - 07501444434

Goldenbook @ktebfroshe_warzer

Scanned with Cam

**لەوانەیە ئەفسانەیەک لەهەزار راستی باشتربێت..**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ڕۆژەکەم لەکۆتایی، کاتژمێرەکەی دەستم ئاماژەی بۆ کاتژمێر 11و 11 خولەک و 11 چرکە دەکرد..

11:11:11

خەونە پەرش و بڵاوەکانم دەبینم، لەژێر ئارەزوویەکدا کۆدەبنەوەو سەیری ئەستێرەکان دەکەم و ئارەزوویەک دەنێرم بۆ ئاسمان، وەک چۆن ئەو کچە نامەیەک بۆ مۆبایلەکەی ئەو دەنێرێت..

وەک چۆن ئەو کوڕەش گوڵی سورو سپی دەنێرێت بۆ بەردەم دەرگاکەی..

ئەو وەڵامێک وەرناگرێتەوە... ئەمیش کەس نییە دەرگاکەی لێ بکاتەوە..

پەیوەستبوونمان لەگەڵ ئەو خەیاڵانەی دڵخۆشمان دەکەن.. لەو راستییانە باشترن کەدەمانگرێنن..

She was a little girl

she always made her wishes at 11:11 until i decided to steal that from her and everyone started copying it

Scanned with Cam

she smiled

she was ok with that

She began making her 11:11 wishes at 11:10

خولەکێک پێش هەمووان بێت هەموو شتێک دەگۆڕێت..

شەست چرکە بەسە بۆ کەوتنە نێو خۆشەویستییەوە..

خۆشەویستییەک کەبۆ هەتاهەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە..

بۆیە لەسەرم قورسە کەبەیانیان هەڵدەستم..

چونکە شەو هاوڕێیەکم دۆزیوەتەوە..

تۆش شەو عاشقێکت دۆزیوەتەوە..

و دەنگی ئامێری قاوەکەت (نسبیرسو) ڕێگرە لەوەی گوێم لەچرپەچرپت بێت لەگەڵ عاشقەکەت..

نەفرەتم لەو دیارییەش کرد کەپێشکەشم کردیت بەبۆنەی یادی بیست و چوار ساڵەی لەدایکبوونتەوە کەچەپکێک گوڵیشی لەگەڵدا بوو، بەژمارەی ساڵەکانی تەمەنت..

پێش تۆ قاوەم نەدەخواردەوە..

تەنیا "چا" و "شیر" هاوڕێکانی بەیانیانم بوون، بەڵام تۆی هاوڕێی خراپ کارێکت کرد هاوڕێکانم جێبهێڵم و هاوڕێکانی تۆ بناسم، ئەی هاوڕێی خراپ، بۆچی بەخێرایی بەرەو جیهانەکەی خۆت رامدەکێشیت..

تۆ لەوە زیرەکتر بوویت.. بۆچی لەهاوڕێکانم بێبەشم دەکەیت.. ئیتر بەقاوەی تێکەڵ بە شیر ئالودەم دەکەیت..

ئەوەی دواتریش سەرەتای ئالودەبوونە بێهۆشکەرە سەرەتایی



Scanned with Cam

و ڕۆچووەکانەو لەشەوو ڕۆژێکدا بێهۆشکەری هاتوو بەس نین بۆئەوەی بەیانیان دەم وچاوم بشۆم..

ئێستا حەزم لەوەیە قاوەکەم لەڕەنگی دڵت بێت..

ڕەش و تاڵ بێت و هیچ شەکری تێدا نەبێت، چونکە سەرچاوەی شەکری من لەژیاندا لێوەکانت بوون، کەلەگەڵ تێپەڕینی کاتدا پزیشکەکەم لێی قەدەغە کردووم. کەسەرچاوەیەکی چڕی گلوکۆزەو ئەگەر بەردەوام بم لەماچکردنت ئەوا ناچار دەبم دەرزی ئەنسۆلین لەخۆم بدەم..

پێی وتم:"لێوەکانت پەنکریاست لەناودەبات".

گوێم پێ نەدا.. چونکە بەرلە لێوەکانت خۆشەویستیت دڵمی لەناوبردو ئێستا گوێم لەلێدانەکانی نیە، تاکە بەڵگەشم بۆ ئیشکردنی ئەوەیە کەهێشتا زیندووم..

بەپزیشکەکەم وت: "هەمووومان ڕۆژێک هەر دەمرین.. بمرم بەنەخۆشیی خۆشەویستیی ئەو، باشترە لەوەی بەتامەزرۆیی لێوەکانییەوە بمرم"..

✍ بمرم بەبڕێکی زۆری تۆوە.. باشترە لەوەی بەعەقڵێکی تەندروستەوە بژیم و لەبیرکردنی تۆ چارەسەر بکەم..

قژم درێژو نارێکوپێک بوو، و تۆش ڕێگرم بوویت لەکورتکردنەوەو ڕێکخستنی و نەمزانی بۆ.. ڕەنگە لەبەرئەوە بوویێت حەزت بەشێواویی من بێت لەبەرامبەر ڕێکوپێکی و نموونەییبوونی خۆتدا..

من تاکە شتێکی شێواو بووم لەژیانی تۆدا، و تۆش تاکە شتێکی ڕێک بوویت لەژیانی مندا..

## وێنەدانەوەی شووشەیەک..

بەدەم ڕێکخستنی تاڵ بەتاڵی مووەکانی قژتەوە، چەندین کاتژمێرت لەبەر ئاوێنەدا بەڕێدەکرد..

دەتبرد بەلایەکدا، بۆئەوەی خۆت شێتی خۆت بکەیت.. عاشقی درێژیی گەردنت و ئەو دەمارانە بوویت کەپیایدا درێژدەبوونەوە..

جگە لەخۆت کەسیتر هێندەی من پێت سەرسام نەبوو..

کەس هێندەی خۆت تۆی خۆشنەویستووە..

تا ئەوپەڕی خۆتت خۆشدەویست..

تۆ باوەڕت وابوو ئامێرێکی یۆنانیت کە "بۆسیدۆن" (خودای دەریاو زریان و زەمینلەرزەی یۆنانییە دێرینەکان) دەکاتە ماسییەکی بچوک لەناو دەریای ستەمکاریی تۆدا..

تۆ باوەڕت وابوو لەکاتێکی هەڵەدا نێردراویت، چونکە تۆ باشتربوو لەسەردەمی کیلۆپاترا بوویتایە.. و کیلۆپاترات بکردایە بەخزمەتکاری خۆت..

زۆرجار بەلقیست بیردەخستمەوە..

بەڵام من سامانەکەی سولەیمانم نەبوو.

جنۆکەکانیش بەفەرمانی من ناڕۆن و من بەفەرمانی ئەوان دەڕۆم..



Scanned with Can

گوڵفرۆش و چیرۆک

منت جێهێشت و چوویت بۆلای ئەو..

هەموو شەوێک بەتەنیا دادەنیشتیت و قسەت لەگەڵ دەکرد..

تۆ رازی بوویت لەو ناپاکییەی لەمنت کرد.. بڕوات وابوو کەشایستەی ئەوەیت دوو عاشقت هەبێت.. من بەتەنها نەمدەتوانی لەخۆباییبوونی تۆ تێربکەم..

دەمی تۆ جارێک منی ماچ دەکردو جارێکیش شەوی ماچ دەکرد..

سوریی گۆناکانیشت شەرمیان لێ دەکردم، کاتێک ماچم دەکردن..

بەڵام شەرمیان لەشەو نەدەکرد کەدەتکردە دیاری گۆنات بۆئەوەی ماچت بکات..

تۆ لەگەڵ من شەرمن بوویت..

لەگەڵ شەویش کچی شەو بوویت..

بەهەموو جوانیتەوە دەمبینیت و داوای لێبوردنت دەکرد..

-ئەمە هەموو جوانییەکەم نیە..

هەردوکمان دەمانزانی کەدرۆ دەکەیت..

تۆ هەمیشە لەوپەڕی جوانیتدایت.. حیجابەکەت داناو بەچەند چرکەیەک توانیت قژت بەدەست دابهێنیت..

پێش تۆ مەحاڵ بوو دڵم بچێتە سەر کچێکی داپۆشراو.. بەڵام تۆ بوونەوەرێکی جیاوازیت..



Scanned with Cam

داپۆشراویت دەمهەژێنێت..
داپۆشینەکەت لەدەرکەوتنەکەت جوانترە..
غیرەتیشم لەنووسەرێکی لیبراڵییەوە کردوومی بەسەرۆک هۆزێک، کەبەهەمیشەیی چوونـەدەرەوە لەژنەکەی قەدەغە دەکات..
تۆ هەموو بژاردەکانت باسدەکرد.. بەرلە چوونەدەرەوەشت لەماڵ، ئەوەت هەڵدەبژارد کەدەتەوێت چی بیت..
سەیری خۆت دەکەیت و دەپرسیت:
ئایا دەمەوێت دولبەر بم..
سەرنجڕاکێش بم..
ورووژێنەر بم..
یان تەنها جوان بم بەسە..
پێستە شیرییەکەت لەزستاندا و ئەسمەر لەهاویندا، وادەکات ئـەوەی سپیی خۆشـدەوێت شوێنت بکـەوێت.. ئـەوەش کە ئەسمەری پێخۆشە عاشقت ببێت..
پەیوەندیت لەگەڵ خـۆر جوانـە.. پێویستت بەپێداویستیی زۆری جوانکاری یان ماسکی خۆپاراستن نییە لەخۆر..
خۆر خۆشی دەوێیت.. سەرەڕای گەرمییەکەی لەگەڵ تۆدا ناسکە.. رێکەوتنێکت لەگەڵ خۆر هەیە، بەمەرجێک لەبری ئەو بچیت بۆ سەردانی مانگ..
جوانییەکەت بێزارکەرە بۆئەو کەسانەی ناتوانن بەدەستت بهێنن.. چۆنیەتیی بەدەستهێنانی دڵت، بیرکردنەوە شەکەت



Scanned with Can

دەكات،

وادەكات هەولی فراندنت بدەم و قاچەكانت ماچ بكەم..

تۆ وادەكەیت دلرەق بم بەسۆزەوە..

تاوانباربم بەسۆز..

شێتانە ئاقڵ بم..

ژمارەیەكی زۆر كورو كچ پێت سەرسام بوون..

رۆژانە چەپكە گوڵەكان سەردانیان دەكردیت..

بەلام گوڵەكەی من بەتەواوی جیاواز بوو..

چونكە من چەپكە گولی ئامادە ناكرم..

خۆم یەك بەیەك گوڵەكانم هەڵدەبژارد..

لەپێش تۆدا باوەرم وابوو هەموو گولێك بۆنی خۆشە..

دوای تۆ بوومە پسپۆرێكی رووەكی..

مانگانە یەك جار سەردانی مامم (باوكی حوسام) دەكەم لەكۆلانە بچوكەكەیانداو لەگەلمدا سەردەكەوێت و دەچین بۆ كۆگا..

ئەو شوێنەی كەزۆر ساردە.. لەزستان و دلی تۆ دەچێت..

دەرمانی زستانیش پالتۆكەم و خواردنەوەیەكی گەرمە..

بەلام دلە ساردەكەی تۆ دەرمانی نییە..

ئەو دەستیدەكرد بەباسكردنی چیرۆكی هەموو جۆرە گولەكان بۆم.. سەرەتا ئەوانەم هەلدەبژارد كەجوان بوون بەلامەوە،

بەدوای گولی كراوەدا دەگەرام.. كەئامادە بوو بۆ پێشكەشكردن..



Scanned with Cam

نەمدەزانی ئەو زووتر دەمرێت.. دواتر بەدوای گوڵە تازەپێگەیشتووەکاندا دەگەڕام..
گەنج.. هەروەکو من بەبینینی تۆ بەتەواوی پێدەگات..
دەستی لێدەدەیت.. ماچی دەکەیت.. و جێیدەهێڵیت بۆئەوەی بمرێت..
بەخۆشەویستیی تۆ دەمرێت.. دواتر زیندوودەبێتەوە..
لەبەرئەوەی سەرسامبووەکانت کێبڕکێی منیان دەکرد.. لەگوڵێکەوە دەستم پێکرد.. بۆ دە بۆ سەد تاکو وامڵێهات هەزاران گوڵم دەکڕی..
چەندین کاتژمێر لەگەڵ کرێکاری کۆگاکە دادەنیشتین و دەمانژماردن و ڕێکماندەخستن و ریزمان دەکردن.
هەمیشە گوڵێکی پلاستیکیشم دەخستە نێو گوڵەکانەوە..
بۆئەوەی بۆت دووپات بکەمەوە کەخۆشەویستیم دەمرێت دوای مردنی دوایین یاسەمین..



Scanned with Can

## هۆڵی قومار

ڕۆژە جوانەکانمان بەڕێکرد، وەک چیرۆکێکی خەیاڵی.. من کوڕی بازرگانێک یان شازادەیەک نەبووم..

بەڵام موچەیەکی مانگانەم هەبوو، کەتۆ بەشی هەرە زۆریت بەردەکەوت و بەشەکەی دیکەشم پاشەکەوت دەکرد، بۆئەوەی کاتێک لەسەر کاغەز بوویتە هاوسەرم وەک شاژنێک بتژێنم..

هاوسەرگیری زۆر سەرقاڵی نەکردبووین، چونکە دەمانزانی تەنها بەشێکە لەگەشتێک.

زۆرکەس لەڕستەی (هاوسەرگیری کۆتایی خۆشەویستییە) دا دەکەوێتە هەڵەوە، و کێ دەڵێت ئەنگوستیلەی (فان کلیف) کەتەنها دوو موچەم مابوو بۆئەوەی بۆت بکڕم، کۆتایی خۆشەویستیی منە بۆت..

هاوسەرگیری تەنها دەربڕینێکی تازەیە.. زاراوەیەکی تازەیە.. ناونانێکی تازەیە..

گۆڕانی کاروبارەکان لەنهێنیبوونەوە بۆ ئاشکرایی.. سەرەڕای هەندێک ڕەفتاری شێتانەمان، کەتەنانەت لەدوای هاوسەرگیریش پێویستە بەنهێنی بمێننەوە..

چونکە ڕاستییەکەمان هاوشێوەی خەیاڵ بوو.. کەمێک نەبێت باوەڕیان پێنەدەکرد..

تەنها شێتەکانی وەک خۆمان باوەڕمان پێ دەکەن..

هاوسەرگیری ڕێپێدانێکی حکومییە، کە دەتوانم لەهوتێلێکدا

ژوورێک بگرم لەوڵاتەکەماندا، بۆئەوەی شەوەکەمانی تێدا بەسەربەرین..

سەماکردن نییە..

عەرەقیش قەدەغەیە..

و هۆڵی قومار.. پێی دەڵێن (بۆرسە) یان بازاڕی کاغەزە داراییەکانی وڵاتەکەم..

تۆش زۆر لەبازاڕی دراوە کاغەزە داراییەکان دەچیت..

وەبەرهێنەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ڕێژەیەک لەدڵت.. هەندێک پێیان وایە کەدەتوانن بەشێک لەدڵت بەدەستبهێنن..

کەسێکیان دەیکڕێت و مەبەستی ئەوەیە کاتێک نرخی بوونەکەی بەدڵی تۆوە بەرزدەبێتەوە بیفرۆشێت..

بەڵام پشکەکانی تۆ بەردەوام سوورن.. بەهای هەر هەڵگرێکی پشکەکانی تۆ ڕۆژانە کەمدەبێتەوە، تاکو هەموویان مایەپوچبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن..

مایەپوچبوون لەهەر پشکێکی دڵت..

دواتریش سەرلەنوێ پشکەکانت بەرزدەبنەوە، تاکو کەسانێکی تر وەبەرهێنان بەخۆشەویستیتەوە بکەن..

هەرگیزیش کەس قازانج ناکات..

لەڕاستیشدا تۆ کۆمپانیایەکی تایبەتیت، کەڕێگا نادەیت تەنها بەیەک وەبەرهێنەوە نەبێت کەهەموو پشکەکانی دڵی تۆی هەبێت..



Scanned with Can

ئەو بەڕێوەبەری گشتیی دڵی تۆیە..

ئەو تاکە خاوەنەو پشکەکانی هەموو رۆژێک دیواری دڵی تۆ دەبڕێت..



Scanned with Cam

## میزاجیبوونی مێیەک

نازانم بۆچی دەمانەوێت ژورێک لەهوتێلێکدا بگرین، کەتەنها شتێک جیایدەکاتەوە لەماڵی خۆمان، ئەویش خێرایی دەرپەڕینی ئاوەکەیەتی لەکاتی خۆشۆردندا..

پێکەنیت و وتت:

-لێرە خزمەتگوزاریی ژوورەکان هەیە، دەتوانین هەرکات هەرچییەکمان ویست بیخۆین..

ئایا لەماڵە بچوکەکەماندا ئەوە ناکەین؟

هەموو بەیانییەک هەڵناستیت و دەبینیت قاوەیەکم بۆ ئامادەکردوویت لەگەڵ خوانی بەیانی؟..

ڕێگات پێدەدەم لەناو جێگەکەتدا بیخۆیت..

ئایا هەڵناستیت لەناو جێگاکەتدا و دواتر یاری دەکەیت لەبەردەم باخچە بچوکەکەماندا..

ئەوەی کەخۆت ئاوی دەدەیت.. تۆوەکان فرێدەدەیت.. و تەماشای خۆر دەکەیت..

تۆ تاکەکەسیت کەدەتوانیت لەگەڵ خۆردا قسە بکەیت، و بەوپەڕی سۆزەوە سەردانی تۆوەکانت بکات.. هەوریش بەزەردەخەنەوە هات و بارانێکی نەرمی پێبوو، بۆئەوەی تۆوەکانت ئاو بدات..

دوای کۆتاییهاتنی غەزەلت، لەگەڵ شەو دێیت بۆ لام و کوپێک شیری گەرمت پێیە بۆ قاوە و سەرم ماچ دەکەیت و



Scanned with Can

دەست دەهێنێت بەڕیشە شێواوەکەمدا..

من کاتێک دەست بەنووسین دەکەم، هەموو بوون و بەئاگاییەک لەدەستدەدەم و هەرچەندە هەوڵی زیاتر بدەم دەرچەیەک نییە..

هەروەها کاتێک دەست بەنووسین دەکەم ڕێگای جگەرەکێشانم پێ دەدەیت و چەرخێک هەڵدەگرم و سیمای ماندوویەتی بەڕوونبوونەوەی تاریکییەکە دەردەکەوێت..

کاتێک دەنووسم دەمبینیت بەبێ هۆ پێدەکەنم و بەبێ هۆ دەگریم و نۆرەکانی توڕەیی سەردانم دەکەن، بۆیە کاتێک دەنووسین گەشت بۆ جیهانێکی دی دەکەین.. جیهانێک کەهەموو شتێک تیایدا ڕێپێدراوە.. ئێمە پاشای کتێبەکانمان و شای لاپەڕەکانمان و فەرمانڕەوای ناونیشانەکانمانین..

بیرم دەخەیتەوە کە سبەینێ بەڵێنێکی گرنگم هەیە.. پێویستە باوەڕیان پێ بهێنم کەکتێبەکانم شایستەی بڵاوکردنەوەن..

بەوەی شێتانێک هەن دەیانەوێت وشەکانم بکڕن..

لەوەش گرنگتر ئەوەیە بڕوایان پێ بهێنم کەکتێبێک هەیە، تەنانەت دەستم بەنووسینی پێشەکییەکەشی نەکردووە..

شایستەی بڵاوکردنەوەیە..

دواتریش بەڵێنێکی گرنگم هەیە لەگەڵ پارێزەرەکە..

وابڵاودەبێتەوە کەحکومەت دەیەوێت دادگاییم بکات..

پێکەنیناوییە کەحکومەتەکەم دادگاییم دەکات..

ئایا بەس نیە کەچەند ساڵێک من بەرگەی ئەوانم گرتووە؟



Scanned with Cam

بەرلەوەی بڕۆم بەرەو لای داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوە،
ماچت کردم..
-تۆ تۆمەتباریت بەدۆسیەی هاندان بۆ فیسق و خراپەکاری..
بزەم کرد.. بگرە پێکەنیم..
کەس نییە بتوانێت لەسەر ئەو دۆسییەیە دادگاییم بکات جگە لەتۆ..
نهێنییەکەمت ئاشکراکردووە؟
پێت وتوون کەهەموو شەوێک گوێیەکانت ماچ دەکەم..
پێت وتوون ئەو بۆنە لەخۆم دەدەم کەتۆ پێت خۆشە..
(فیرس من ابیکرومبی ئاند فیتج) بۆئەوەی هانت بدەم بۆ خۆشویستنم..
لەبەختی رەشم، بەم نزیکانە دوکانیان لەکوەیتدا دەکرێتەوە.. لەبۆنەکەی من دەکڕن..
ئەگەر بەدەستی من بوایە، یاسایەک دەبوو بۆ رێگرتن لەفرۆشتنی بۆن بەزیاترلە کەسێک، و بۆن وەکو پەنجەمۆر دەبوو و هەریەکەمان بۆنێکی تایبەت بەخۆی دەبوو، تەنانەت کاتێکیش کۆچمان دەکرد، بۆنەکەمان بەجلی کەسێکی ترەوە ئەوانەی بێزار نەدەکرد کەخۆشیان دەوێین..
تکایە یەک خولەک..
بۆچی تۆش دادگایی ناکرێیت..
فیتنەی تۆ زیاترە..
تەنانەت خۆرهەڵاتیش واگومان دەبات کەتۆ لەخۆرهەڵاتن

جوانتریت..
وێنەکەتم بۆ لێکۆڵەر دەرهێنا..
پێموت.. سەیری بکە..
بەعەباکەی.. بەمووەکانی قژی..
بەپێکەنینەکانیدا..
ئایا داپۆشینەکەی عەورەت نیە؟
ئایا پۆشاکەکەی فیتنە نیە؟
من دادگایی دەکەیت؟
نووسینەکانم..
ملیۆنێک بەبیرداهاتوو..
ملیۆنێک بێعەقڵ کەتێناگات..
لەبەرئەوەی گەل کەژیانی بوێت پێویستە وەڵامی چارەنووس بداتەوە..



Scanned with Can

**شێوە ئەندازەییەکان..**

دوای ئەوەی کەوتمە داوی خۆشەویستی تۆوە، تەنانەت وانەی بێزارکەری بیرکاریش لەڕابردوودا وایکرد تێبگەم کەیاساکانی لەبارەی من و تۆوەن..

من و تۆ دوو هێڵی تەریبین.. هەندێک خەفەتی ئەوەیان هەیە ئێمە لەیەک دەچین و بەیەکەوە دەڕۆین..و هەرگیز بەیەک ناگەین..

بەڵام هەست بەنزیکیمان لەیەکەوە دەکەین و ئەوەشمان بەسە..

ئەگەر تەریب بەتۆ بم باشترە بۆم، لەوەی هێڵی ژیانم لەخاڵێکدا بگات بەتۆو دواتر هەریەکەمان بەلایەکدا لەیەک دووربکەوینەوە.

سڵاو لەوەی تەریبی منەو بۆ هەتا هەتایە لەگەڵم دەڕوات.

ئێستا خەریکە لەشێوە ئەندازەییەکان تێدەگەم..

یاسای فیساگۆرس لەبارەی خۆشەویستییەوەیە..

بڕوام نەبوو کەمامۆستا "مەدحەت" لەناوەندیدا لێم دەدات، لەبەرئەوەی نەمدەویست فێری خۆشەویستی ببم..

پێی وتم گۆشەی سێگۆشەی گۆشەوەستاو 90 پلەیە..

تەواو وەکو خۆشەویستییەکەمان وەستاوە..

هەروەها پێی وتم درێژیی لایەکی چوارگۆشە کۆی درێژیی لای دووەم دەکاتە درێژیی تەوەری چوارگۆشە..



Scanned with Can

ئەوەی ئەوکاتە دەمبیست بریتی بوو لەپڕوپوچی یەکەم کۆی پڕوپوچی دووەم و بیرکردنەوەم دەشێوا..

تەنانەت تۆ بڕیارت دا ببیتە مامۆستای تایبەتی بیرکاریم.. بەجلە کورتەکانتەوە..و بە چاویلکە پزیشکییە سەرنجڕاکێشەکەتەوە.. و قژت کەتوند لەدواوە بەستبووت کەدەگەیشتە کۆتایی پشتت..

سوێندت بۆ دەخۆم کەمن بۆم دووپات کردیتەوە لەدنیادا سەرکەوتووم، چونکە تۆم هەیەو دەنگی نوێنەرەکە گۆرانیی (حلاتک) بەعەقڵم دەڵێت بۆ تۆ..

"درێژە چۆن.. پڕە چۆن.. تکا دەکەم کورتی مەکەرەوە".

دەچێتە عەقڵەوە کە من ئەو وشانەم نەنووسیبێت؟ ئایا ئەوە گۆرانیی منەو لێیان دزیوم؟

ئەو شیعرو گۆرانییانە جوانن کەهەستدەکەین موڵکی خۆمانن و خۆمان نووسیومانن و پێمان ناخۆشە کەسێکی تر گوێی لێبێت و پێشکەشی بکات بەوەی خۆشمان دەوێت..

داوی بیرکردنەوەمت پچڕاند بە:"یائەلا پێویستە بخوێنیت".

دەستتکرد بەشیکردنەوەی بیردۆزەکە بۆم..

بەوەی پەیوەندییەکەمان سێگۆشەیەکە..

سێ لای هەیە..

من..

تۆ..

و ئێمە..

بۆئەوەی ئەو لایە ونبووە بدۆزینەوە.. درێژترین لاکانی

سێگۆشەکە..ناودەبرێت بەتەوەر.. لەبەرئەوەی بەیەکەوە لەسەری مۆسیقا دەژەنین..
بۆئەوەی درێژیی (ئێمە) بزانین، پێویستە لەسەر هەریەکێکمان دووئەوەندەی خۆی بدات:

من توانی خۆم.

تۆ توانی خۆت.

بەمشێوەیە تەوەری (ئێمە)مان دەداتێ..

تاقیکردنەوەی کرداریت دەستپێکرد..

تۆ منت خۆشدەوێت 3..

پێم برێت

-ئەوە حەرامە ستەمکار.

زەردەخەنەت کرد..

-جوان سەیرکە..

-ئیشەڵا تەمەنت درێژ دەبێت

-منیش تۆم خۆشدەوێت 4..

-برۆم بەرزکردەوە..

-وەڵا باشە..

-درێژیی تەوەری خۆشەویستیمان (ئێمە) چەندە؟

پێنووسەکەم لێ وەرگرتیت..

سەرنجم دا تۆ قەڵەمی رەساس بەکارناهێنیت

ئەوە ئاماژەیەکی مەترسیدارە کەتۆ لەهەڵەکان خۆشنابێت..

3توانی 9یە..



Scanned with Can

4 توانی 16یە..
ڕەگی 25 بریتییە لە5
ئەوەی مایەی پێکەنینە..
من لەهەموو بابەتە زانستییەکاندا سەرکەوتووم..
بەڵام خۆشە من قوتابی سەرشێتی تۆ بم، کە وابکەیت لەبابەتێکدا بەمەبەست بکەوم بۆئەوەی گرنگیم پێبدەیت.
چێژی سەیرکردنی لێوەکانت کاتێک دەوەستیت و پێنوسەکە لەدەمتدایەو پاشان بەپێنووسەکە یاری بەمووەکانی قژت دەکەیت..
بێگومان پێنووس چەکێکی ترسناکە..
نەک تەنها ئەوکاتەی چەند پیتێکی کاریگەر دەنووسێت، بەڵکو کاتێکیش بەدەستی کچێکی سەرنجڕاکێشەوە بێت.. کەبزانێت چۆن بەکاریدەهێنێت..
لەوەش گەورەتر ئەوەیە کەئەو کچە دەتوانێت بنووسێت، هێندەی توانای بۆ بەکارهێنانی لاستیکی کۆتایی قەڵەمەکە بۆ لێوی..
کاتێک (مستغانمی، ئەسیر، غادەو عەلیا)م لەخۆبەکەمزانینتدا دەبینی.. دانپێدانانێکی سادە هەرگیز بۆ پیاوان ناخوێنمەوە.. چونکە من لەخۆیانم و دەزانم کەهەموو پیاوەکان ئامانجیان کێشکردنی دڵی کچانە، ئەگەرچی نموونەی وەکو من پێچەوانەی ئەوەش بین..
بەڵام پیتەکانی ئافرەت چەکێکی ئاگرینن.. جەنگێکی (نازی)یە.. هیتلەرێک لەهەموو کچێکدا دەنووسێت..
دڵی هەموو کچێک کلاشینکۆفێکی تێدایە، بەگوللەی زیندووەوەو بۆمبی هێشوویی کەدەیەوێت دەوروبەری بتەقێنێتەوە، کەبریتییە



Scanned with Can

لەپشتێنێکی بۆمبڕێژکراو بەعەقڵێکی خۆکوژییەوە..
دەزانێت کەهەموو ئەوەی پێویستییەتی..پێنووسەکەیەتی..
کۆمەڵگا لەو ئافرەتە دەترسێت کەدەنووسێت..
چونکە پێنووسەکەی راستگۆترینە.. هەرکات دەمامکی کۆیلایەتی و شوێنکەوتەیی پیاوان کەوت، پێیوادەبێت کەپێویستی بەنێرینەیەک نییە بۆئەوەی بەختەوەر بێت..
پێویستی بەشایەک نییە بۆئەوەی ببێتە شاژن..
خۆی بەبێ پاشایەک تاجی شانشینەکەی لەسەر دەکات..
ئەسپێکی بۆ سوارچاک..
لەوانەیە "مەریەم"ی کچی "عیمران" بەڵگە بێت لەسەرئەوەی کەدووەم گەورەترین پێغەمبەر کەبۆ خەڵکی نێردرابێت ناوی باوکی هەڵنەگرتووە..
پێویستی بەباوک نەبووە..
تەنها پێویستی بە"مەریەم" بووە..
ئەوە بەڵگە نییە لەسەرئەوەی ئافرەت لەپیاو مەزنترە؟
ئایا باشترین دروستکراو (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) بەهەتیوی و بەبێ باوک نەهاتە دنیاوە؟
ئایا خاتو "خەدیجە" دایکی باوەڕداران، یەکەم کەس نەبوو کەباوەڕی پێی هێناو دەرگای بەهەشتی بۆ دەرکێتەوە؟
ئایا "پێغەمبەر" (درودو سڵاوی خودای لەسەربێت) لەدوایین ساتەکانی تەمەنیدا مانەوە لەلای "عائیشە" دایکی باوڕدارانی هەڵنەبژارد؟



Scanned with Cam

هەموو ساڵێک زیاترلە دوو ملیۆن حاجی روودەکەنە ماڵی خوداو لەنێوان سەفاو مەروەدا دەڕۆن، بۆ لاساییکردنەوەو بەگەورەزانینی مێینەیەک کەناوی "هاجەرە" و بەدڵی پەیامێکی هەڵگرتبوو و لەدوای نزیکەی دوو هەزار ساڵ هێشتا خەڵکی حەوت جار بەدووپاتکردنەوەی کارەکەی ئەو بەرز ڕایدەگرن..

کاتێک پیاو سەرەڕۆیی دەکات و پێیوایە ئازایە.. ستەمکارە.. لەناوچووە.. توانای وەستانی بەرامبەر هیچ شتێک نییە..

بەرامبەر مێینەیەک دەوەستێت..

کێ دەیتوانی بەڕووی فیرعەوندا بوەستێتەوە..

جگە لە "ئاسیا"..

مەزن بوو.. لەگەڵی بوو و بۆی دەرکەوت کەهیچی نییە جگە لەبەتاڵی..

تەنها پیاوێکی بەتاڵ بوو.. کەموکوڕییەکی هەبوو کەوایدەکرد هەست بکات ئەو پەروەردگاری باڵایانە..

ئەو تەنها منداڵێکی ترسنۆک بوو..

دووەمیان قژداهێنەری کچەکەی بوو..

بۆی دەرکەوت باوکی ئەم کچە ئەگەر خودا بوایە، ئەوا قژی لوولی کچەکەی پێویستی بەداهێنان نەدەبوو..

کەی مێینە بۆی دەرکەوت کەپیاو تەنها قاپێکی شوشەی بەتاڵە.. کەئەو پڕی دەکات لەخۆشەویستی و سۆزو وەفا..

دەتوانێت هەرکات ویستی فڕێی بدات.. دەبێت بەوردەو تۆز..

لەوانەیە من تۆم خۆشویستبێت، تاکو قاپەکەی من و تۆ



Scanned with Can

پڕبووەو خۆشەویستییەکەی ناوی دەستیکردووە بەلێڕژان، بۆیە زیاتر لەتوانای تێگەیشتنی دڵت خۆشم ویستیت..

خۆشەویستیی زۆرم خستە نێو قاپی دڵتەوەو دەترسم هەموو خۆشەویستییەکەم لێ ون ببێت..

وەک کەسێک کەدڵی خۆی بەخشیوە.. مردووە لەپێناوی ئەوەی بەتۆی ببەخشێت، بەڵام جەستەت بڕیاری دا رەتیبکاتەوە.. هەموو ئەوەی لەتۆدایە بەرگری دەکەن و نایانەوێت دڵی من لەسنگی تۆدا ئۆخژن بگرێت، جەستەت پێی خۆشە بمرێت نەک بژی بەهۆی دڵی منەوە.. عەقڵت دەڵێت پێویستە بارەنگاری ئەو تەنە نامۆیە ببینەوەو دژەتەنەکانت بەرەو دڵی داماوو تەنهای من دەڕۆن، هاتوون بەفەرمانی عەقڵت بەخڕۆکە سوورو سپییەکان و ئەنزیمەکانەوە بجەنگن..

وەک جەنگێک کەدڵم بەبێ چەک بەرامبەر شیرو ڕمی ئەندامەکانی تۆ وەستاوە..

بەرلەوەی دڵیشم ئاڵای خۆبەدەستەوەدان هەڵبکات، مێشکت بڕیاری دا دڵم قبوڵ بکات.. و بەقوربانیدانی قایل بێت..

لەبەردەمی هەمووان‌دا ئەو مەرجەی دانا کەدڵم رازی بێت بەوەی بەدیلی بژی.. بەجەستەی تۆوە تاهەتایە..

## ئەحلام موستەغانمی

مەجنون دەڵێت: لەوە جوانتر نییە کاتێک لەیەکەمین دیداردا بزانیت کەدوایین دیدار بوونی نییە.

ئەو رۆژە بەیانییەکەم جیاواز بوو، وەک ئەوەی هەستم کردبێت کەئەمڕۆ دەکەومە داوی خۆشەویستییەوە..

خۆشەویستی هەندێک لەمردن دەچێت و لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێت کاتێک دەستەواژەی (دەمرم بۆ خۆشەویستیت) بەکاردەهێنین.

چونکە خۆشەویستیش گیاندانی تێدایە.. خۆشەویستی پیشەکیی هەیە..

وەک رۆمانێکی ئەدەبیی جوان، کەنووسەرەکەی توانیویەتی بەباشی رووداوەکان بەیەکەوە بگونجێنێت..

وەک کتێبی (هەڵە لەئەستێرەکانماندا-THE FAULT IN OUR STARS).

وەک ئارەزووەکەی "ئۆگستۆس" کەبۆ خۆی بەکاری نەهێنا، بەڵکو بڕیاری دا "هیزل" ببات بۆ ئەمستردام، بۆئەوەی چاوی بەنووسەرە دڵخوازەکەی بکەوێت..

خۆشەویستی ئەوەیە نوسەرە دڵخوازەکەیت خۆشبوێت، تەنانەت ئەگەر حەزیشت بەخوێندنەوە نەبێت..

خۆشەویستی ئەوەیە چەندین کاتژمێر بەپێوە چاوەڕێ بکەیت، بۆئەوەی کەسێک واژویەکت بۆ بکات کەتۆ نایناسیت..



Scanned with Can

بەڵام ئەو عاشقیەتی..

خۆشەویستی ئەوەیە ئەوە بخوێنیتەوە کەئەو پێی خۆشە..

خۆشەویستی ئەوەیە نوسەرە دڵخوازەکەی ئەو بناسیت و کتێبە خواستراوەکانی بخوێنیتەوەو هەندێک لەکتێبەکانی بۆ دەستەبەر بکەیت..

خۆشەویستی ئەوەیە لاپەڕەیەکی بۆ دابنێیت..

چیرۆکێکی کورت لەپێتەکانت.. پێویست ناکات "مەحمود دەرویش" یان "جوبران" بیت بۆئەوەی بۆی بنووسیت..

پێویست ناکات "نـزار" بیت.. یان تەنانەت "یوسفی" بیت بۆئەوەی وابکەیت مووەکانی لاملی لەجوانیی وشەکانت ڕاست ببنەوە..

خۆشەویستی ئەوەیە بەپیتێک دەستپێبکەیت و بەچەندین لاپەڕە کۆتایی پێبهێنیت..

جگە لەئەو کەس نەیخوێنێتەوە..

لەبەختی باشم جارێک چاوم بە (ئەحلام موستەغانمی) کەوت..

ئاهەنگێکی واژۆکردنم هەبوو.. لە"شاریقە"و لەدوای ئاهەنگی واژۆکردنەکەی من ئاهەنگی واژۆکردنی ئەو دەستپێکرد..

بەخێرایی خۆم گەیاندە چاپخانەکەی و (ڕەنگی ڕەشت لێ دێت)م کڕی..

ڕامکرد بۆ کۆتایی ڕیزە درێژەکە..

سەدان کچ.. و دەیان پیاو..

زۆرینەیان وەک من بوون..

واژۆی کەسێکیان دەویت لەوڵاتەکەدا.. دوای نزیکەی چوار سەعات سەرەی من هات..

بەگوێی "ئەحلام"دا چرپاندم: کەئەمە دیارییە بۆ بۆنەی یادی لەدایکبوونی کچێک..

باوەشی پێداکردم و وتی: لەناوەڕاستی کتێبەکەدا پێشکەشکردنەکە دەنووسم، بۆئەوەی کاتێک خوێندییەوە سەرسام ببێت بەدیاریی یادی لەدایکبوونەکەی..

ئای "ئەحلام"..

ئەگەر ئەو ڕۆژە بمزانیایە ژمارەکەم لەگەڵت دەگۆڕییەوە.. بەڵام ئەمڕۆ هاوڕێین.. سکاڵات لێدەکەم و سکاڵام لێ دەکەیت..

بۆت دەنووسم و بۆم دەنووسیت..

تۆ شۆڕشگێڕیت.. وڵاتەکەت خۆشدەوێت.. واتکرد ئێمەش وڵاتەکەتمان خۆشبوێت.. بەڵام وڵاتەکەت تۆی خۆشناوێت..

وەک چۆن وڵاتەکەم منی خۆشناوێت..

لەوانەیە نرخمان نەزانن تاکو کۆچ دەکەین..

نهێنییەکە ئەوەیە "ئەحلام" کە من ئارەزووی خۆم لەخودا داواکردووە.. خەونیشم ئەوەیە ریزێکی درێژم هەبێت وەک ئەو ریزەی تۆ کەچاوەڕێی واژووی من بن..

لەدوای ساڵێک و مانگێک لە"شاریقە" ریزێک وەستابوون کەلە ریزەکەی تۆ درێژتر بوون..

بەڵام ئەو نەهات..



Scanned with Can

ئامادە نەبوو..

لەوێ نەبوو..

لەگەڵم ئاهەنگی نەگێڕا..

نەمبینی کەنوسخەی خۆی بەدەستەوە بێت..

لەگەڵ ئەوەی هەمیشە نوسخەی یەکەم بۆ ئەو دەبوو..

"ئەحلام" ئەو خەونی من بوو..

من بۆ ئەو و لەبارەی ئەوەوە دەنووسم، ئەو کچی نازداری منە..

من دەنووسم بۆ راکێشانی دڵی و ئەو چێژەی هەستی پێدەکەم، کاتێک کتێبەکەمی بەدەستەوەیەو لەناو فرۆکەدا دەیخوێنێتەوەو منیش لەڕیزەکانی پێشەوە دانیشتبووم، بەڵام بەردەوام ئاوڕم دەدایەوە بۆ دواوەو خۆشترین کاتەکانیشم ئەوکاتانە بوون کەبەدانی لێوەکانی دەگەست لەکاتی خوێندنەوەدا..

ئەو وەکو ئەوانیتر نەیدەخوێندەوە..

هەمیشە کاتێک دەیخوێندەوە پێنوسێکی پێبوو کەچوار نوکی هەبوو.

پێویستە پیاو هەمیشە لەو ئافرەتانە بترسێت کەدەخوێنێتەوەو پێنوسێکی بەدەستەوەیە، چونکە ئەو دێڕەکان ناخوێنێتەوە، بەڵکو نێوانی دێڕەکان دەخوێنێتەوەو بۆ واتایەکی نهێنی و شاراوەو پەنهان دەگەڕێت..

دەگەڕێیت بۆئەوەی نەمنووسیوەو بۆچی نەمنووسیوەو چی دەبوو ئەگەر بمنوسیایەو لەوەی نەمنووسیوە مەبەستم کێیە.



Scanned with Cam

دەنگی "سندیباد" بیرکردنەوەم دەپچڕێنێت کەگۆرانیی دەوت
ئەم گۆرانییە نامۆیە
چۆن بزانم کەپرسیاری پێیەو نەیپرسیوە.. وەکو کاغەزێکی تاقیکردنەوەی سپی
ئەویش مامۆستاکەمە، کاتێک دەستم بەرزکردووەتەوەو دەپرسم:
"مامۆستا پرسیارەکان لەکوێن؟"
زەردەخەنەی کردو وتی:"خۆت پرسیارەکە بکەو وەڵامیشی بدەرەوە"..
بابگەڕێینەوە بۆ ریزە درێژەکەو ئەو نووسەرەی لەنێو کچەکاندا بۆ ئەو دەگەڕا..
دەیزانی هەرگیز نایەت..
دەیزانی مەحاڵە لەڕیزێکدا بوەستێت لەگەڵ ئافرەتانی دیکە
من دەمزانی ڕۆژێک دەکەومە داوی خۆشەویستییەوە
بەڵام نەهات..
ئەو پرسیارەی نەکرا ئەوەیە:
"ئایا ئەگەر کتێبەکەم یەک نوسخە بوایەو ریزەکەش تەنها بۆ ئەو بوایەو لەسەر بەرگەکەی ناوی ئەو هەبوایە، دەهات؟"

**Never Ask Questions you don't want the answers to.**

پرسیارێک مەکە کەپێویستت بەوەلامەکەی نییە

That day.. with my nike shoes on. i decided to go running..

The only part of me that never stops running was my heart.. it was always running after you..

رادەکات بەدوای تراویلکەدا

ir A mirage

بەڵام تراویلکەیەکی راستەقینەیە

We never met

هەرگیز

but i knew you can work both ways

دەتناسم بەڵام پشتگوێت دەخەم

I don't know how to explain it

ئەمە وتەیەکی سەیرو سەمەرەیە کەوەڵامگۆی رۆحە

i know when i meet you i will fall for you it can work

کەوتنە ناو خۆشەویستی بەکەوتن ناونراوە، چونکە بڕێکی بێشومار ئازاری لەخۆگرتووە

we say we fell in love because falling hurts

بەڵام ئازار تامێکی شاراوەی تێدایە



Scanned with Can

Happiness in Pain confusing (what do you mean)

سڵاو لەوەی بەرلە چاو نیشتەجێی دل بوو

i promise i will say that the second we meet

ئاواتەخوازم

if it's in the Future it can work the first time i see you would be an airplane above thousands of feets

ئاواتەخوازم یەکەمین دیدار بێت لەناو فڕۆکەدا

i just got my boarding pass my seat was 7A

سەرەڕای زۆریی گەشتەکانیشم چێژێکم لەم گەشتەمدا دەبینم

i love traveling alone

منیش بەتەنها نەبووم

my Macbook Air was there

بۆ نووسین.. دڵیشم خەیاڵێکی تێدابوو کەخۆشەویستەکانی لەیاد ناکات

My iPod was shuffling or on shuffle

دەتوانیت لەمرۆڤەکان تێبگەیت لەڕێی گۆرانییە دڵخوازەکانییەوە



Scanned with Can

confusing if you decided that day, you would steal my Dr Dre. it can work leave it as is

دەتزانی کەهێندەی عەشقی تۆ بۆ قاوە من عاشقی خەمم

ئەگەر خەم بفرۆشرایە ئەوا هەموو خەمەکانم لەتۆ دەکڕی، بۆئەوەی بەبەختەوەری بژیت

if it was possible i would steal sadness from your heart

لەدڵی خۆمدا جێگیرم دەکرد



Scanned with Can

## یەکەمین دیدار

مەجنون دەڵێت: لەخۆشەویستیدا هەموو دیدارێک وەک یەکەم دیدار وایە..

لەناو فڕۆکەیەکی زەبەلاحی دوو نهۆمدا بووم..

عەشقم بۆ فڕۆکەکان کۆتایی نایەت، لەدوای خۆشەویستیم بۆ تۆ ئەمە سەری هەڵدا..

چونکە فڕۆکە گەورەترین داهێنانە کەمرۆڤ دروستیکردووەو دەتوانێت بەچەند سەعاتێک لەئاسمانی خەمەوە بتگوازێتەوە بۆ ئاسمانی دڵخۆشی..

تۆ.. تۆ.. تۆ

پاشان فڕین..

ئەوکاتەی عەقڵت هەموو بیرکردنەوەیەکی لەبارەی شتە بێزارکەرەکانەوە دەوەستێنێت، چەند چرکەیەک بەرلە فڕینە.

خەمەکانت لەکاروبارەکانی دنیادا کەهەرگیز کۆتاییان نایەت بەرزدەبێتەوەو تەنها سەرقاڵی نزای گەشتکردن دەبێت و تا فڕۆکەکە بەرزتر ببێتەوە ئینتیمات بۆ زەوی و خەڵکەکەی کەمتر دەبێتەوە.. دەبێتە بونەوەرێک کەگۆی زەوی نیشتمانیەتی، ڕەنگە لەبەر ئەم هۆیەش بێت کەباڵندە ئازادەکان بەئاوازێکی جیاوازتر دەخوێنن لەو باڵندانەی لەناو قەفەسدان، چونکە ئاوازی ئازادی جوانە..



Scanned with Cam

ئـازادی بـەدەربـڕین یـان بـەو پۆشاکانە نییە کەزستان داتدەپۆشن و هاوینیش رووتت دەکەنەوە..
بەڵکو ئازادی بریتییە لەوەی ئینتیمات بۆ هیچ شتێک نەبێت.
هەموو خەمەکانت گەیشتنی فڕۆکەکەت و ژووری هوتێلەکەت و روانگەی ئەو پەنجەرەیەت بێت کەبەسەر دیمەنەکانی شوێنی مەبەستدا دەڕوانێت..
بیرچوونی فڵچەی دانـەکـەت گـەورەتـرین خـەمت بێت و بەخێرایی لە(کۆنسێرج-پێشوازیکەر)ی داوا بکەیت..
گەشتکردن جوانە.. هەموو شتەکان سادە دەکاتەوە
رەنگە ئەمە شیکردنەوەی (جـەواز سەفەر-پاسپۆرت) و وشەی (ئیجازە-مۆڵەت) بێت، چونکە هەریەکەیان رێگای ئەوەت پێدەدات کەدەتوانیت لەنیشتمانەکەی خۆتدا بیکەیت..
لەبەردەممدا وەستایت و شێوەی روخسارتم نەبینی..
بۆنی عەترو بخوردی مووەکانی قژتم بەس بوو..
ســـەرەڕای پۆشـاکـە نـامـۆکـەت، بــەڵام هێشتا پێناسە خۆرهەڵاتییەکەت پێیە..
نابینرێت، بەڵام هەستی پێ دەکرێت.
هەستی پێ دەکـەم، وەک ئـەوەی شارستانیەتیی "نەجد" لەڕەشیی مووەکانی قژتدا ببینمەوە..
لێت نزیک بووم، بەئەندازەیەک کەپێشوازیکەرەکە وایدەزانی بەیەکەوەین..
ئەو یەکەم کەس بوو کەبزانێت چیرۆکێکی خۆشەویستی



Scanned with Cam

هەیە، کەماتۆری فرۆکە زەبەلاحەکەیان هەڵیگرتووە..

چەندجار بینیوتە کەکەسێکی ڕێبوار تێدەپەڕێت و چاوی بەکچێک دەکەوێت، تۆش دانیشتوویت و لەدوورەوە چاودێری دەکەیت و بەخەیاڵی خۆت بڕیار دەدەیت کەئەوانە بەیەکەوەن..

ئەو (کوڕەکە) دەڕوات..

ئەمیش (کچەکە) دەڕوات..

و عەقڵی ناوەکیت ئەوە ڕەتدەکاتەوە..

لەکۆتاییشدا پـەروەردگـار جوانترین دەق بۆ هـەمـووان دەنووسێت و تۆو توانات بۆ بەدیهێنانی ئەو ڕۆڵە..

لەوکاتەدا تاکە خۆزگەم تەماشاکردنی ڕوخسارت بوو.. بەڵام ئەو ڕۆژانە تۆ کەللەڕەق بوویت..

هەنگاوەکانم خێرا دەکەم و پێشت دەدەمەوە..

ئاوڕ دەدەیتەوە بۆ دواوە..

هەنگاوێک دەگەڕێمەوە..

بەرەوپێشەوە دەڕۆیت..

ماوەیەکە ئەمسەراوسەر دەکەیت..

پێشوازیکەرەکە ئـامـاژەی بۆ ئـەوە کـرد کەکورسییەکەم لەنهۆمی سەرەوەیەو تۆش بەردەوام بوویت لەڕۆیشتن بەرەو پێشەوە..

وەک منداڵێک وابووم کەبرایەکی دوانەی هەبێت و باوکیان جێخەوێکی دووقاتیان بۆ بکڕێت، لەو جۆرەی پەیژەی هەیەو منیش لەسەرەوە بم و بەدرێژایی شەو تەماشای خوارەوە بکەم

تا بزانم براکەم لەوێ ماوە..

"عەبدولمەجید عەبدولا" بەگوێمدا دەچرپێنێت: "پەلەی چیت لێی هەیە".

بێگومان هەموو شتێک لەکاتی خۆیدا شیرینە، بەڵام کاتی پێویستم لەبەردەستدا نییەو ئەو ماوەیەی بەبێ تۆ تێپەڕیوە بەسە..

چەندین ساڵە من تۆم نەناسیوە، ئەوە خەمبارترین ئەو نووسینانە نییە کەتائێستا خوێندبێتتەوە؟

کورسییەکەم جێهێشت و داوای لێبوردنم کرد، بەوەی شتێکم لەبیرکردووە لەخوارەوە، کاتێک پێشوازیکەرەکە لێی پرسیم چییە؟

وەڵامم دایەوە:

دڵم..

هەنگاوەکانم هەڵیانگرتم تاکو بینیم تۆ وەستابوویت..

وابزانم هەڵەیەک روویدابوو، بۆیە کۆمپانیای فڕۆکەوانییەکە سەرلەنوێ هەستا بەدابەشکردنەوەی کورسییەکانی گەشتیاران..

خۆشەویستیمان بۆ کورسیی فڕۆکە نامۆیە، وەک ئەوەی بۆ ئێمە دروستکرابێت و بیرمان لای ئەو کەسانە نییە کەلەپێش ئێمەدا لەسەری دانیشتوون، و لەوانەیە دەیان هەزار کەس کەمردوون لەو کورسییەدا بەشداری ئێمە بووبن..

پێش تۆ خۆویست بووم.. بەئەنقەست خۆم دوادەخەم لەسواربوونی فڕۆکە، بۆئەوەی دڵنیاببمەوە لەوەی من دواین



Scanned with Can

سەرنشینم..

نرخی ئەوە دانیشتنمە لەسەر کورسییەک بەتەنهاو جانتاکەم لەسەر کورسییەکەی دیکە دادەنێم، بۆئەوەی کەسێک نەیەت و بیگرێت،

رەنگە بەدرێژایی چەندین ساڵ کورسییەکەی تۆم پاراستبێت..

قەدەرم وابوو ئەو رۆژە بێت کەتیایدا مەحاڵ دێنمە بوون و تۆ لەنزیکمەوە دادەنیشیت..

دووبارە پێشوازیکەرەکەم بینییەوە..

زەردەخەنەی دەکرد بۆم..

دڵنیام لەئاسمانەوە فریشتەکان لەسەر شێوەی مرۆڤ دێنە خوارەوە بۆئەوەی (چارەنووسە نوسراوەکەمان) بۆ ئاسان بکەن..

چاوەکانم پێیدەوت کەوتوومەتە داوی خۆشەویستییەوە..

ئەگەر کات بگەڕایەتەوە، ئەوا باوەشم پێدادەکرد کاتێک بەگوێمدا چرپاندی: "بگەڕێرەوە بۆسەر کورسییەکەت و چەند چرکەیەکی دیکە دەیهێنم".

بەخێرایی وەک منداڵێک رامکردەوە بۆسەر کورسییەکەم..

دەنگی "فەهد"ی یاریدەدەر لەمێشکمدا دەیوت: "تۆ ئەو دیدارە ناوبنێ رێکەوت و منیش ناوی دەنێم رۆژی چاوەڕوانکراو.. من چاوەڕێم دەکردیت و تۆش بەرێکەوت تێپەڕیت".

ویستم وادەریبخەم کەگرنگی پێنادەم و سەرقاڵم بەشتێکەوە، سەرەڕای ئەوەی لەخەیاڵمدا بوو کەئەو کەسە قەڵەوە نەیەت و



Scanned with Can

بڕیار بدات لەتەنیشت منەوە دابنیشێت..

هات بۆلات و وتی: "پێت چۆنە بچیتە سەر کورسیی پیاوانی کار لەنهۆمی سەرەوە؟"

تۆش ڕازی بوویت و لەگەڵی ڕۆیشتیت بۆ نهۆمی سەرەوە.. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا لێدانەکانی دڵم زیاتر دەبوون، تەنانەت کاتێک گەیشتیتە سەر کورسییەکەت شڵەژام و ترسم هەبوو گوێت لەلێدانەکانی بێت..

ترسام دڵم پێت بڵێت ئەمە ڕۆژی چاوەڕوانکراوە بەوەی من لەڕاستیدا ئەو گۆڤارەی فڕۆکەکە ناخوێنمەوە کەبەدەستمەوەیەو ئەوە تەنها دیمەنێکی نواندنە..

کەسێتیم ویستی ڕۆڵی گوێپێنەدان ببینم.. بەوەی بەلامەوە گرنگ نییە..

لەڕاستیشدا واهەستم کرد بۆ یەکەمجار تەماشای بوکەکەم دەکەم کەلەسەر ئاواز بەڕێدا دەڕوات..

Here comes the bride

یان لەسەر گۆرانیی "عەبدولرەب": (شەوێک)
لەکڵێسایەکی بچوکدا کەناونراوە پلەی پیاوانی کار..

گەیشتیتە سەر دڵم، ببورە سەر کورسییەکەی تەنیشتم و هێشتا چاوم بەچاوت نەکەوتبوو..

پێشوازیکەرەکە جانتاکەی تۆی لەسەرەوە لەنزیک جانتاکەی من داناو دانیشتیت..

چواردە سەعات بەرەو "نیویۆرک"، ئایا بەسە بۆئەوەی



Scanned with Cam

بکەویتە داوی خۆشەویستیی منەوە؟

من تەنها چەند چرکەیەکم پێویست بوو کەلە بۆنی بخوردەکەوە بەرەو دوو چاوی گەورە دەستمپێکرد کەقەڵەمێکی کل بەوپەڕی ناسکی گاڵتەی لەگەڵ دەکردن -دواتر دەردەکەوێت کەتۆ چاوت نارێژیت بەکل- و دوو لێوی پڕلە رەنگی گێلاس کەبەدەم خوێندنەوەو یاریکردن لەتاڵەکانی قژتەوە گازیان لێ دەگریت..

لوتت بەلاری و جوانە..

دەشزانم کەتۆ پێت جوان نییە..

بەڵام بۆ تۆ دروستکراوە..

هەموو ئەوەی لەتۆدایە گونجاوە بۆ خۆت..

قژت لاداو یەکەم پیتی ناوەکەت دەرخست کەگوێت پێ ڕازاندبووەوە (تاتۆت کردبوو)..

شەیتانەکەم دڵەڕاوکێی بۆ دروستکردم، کە ئەگەر هەوڵ بدەم دەتوانین ئەو پیتانە بگۆڕین بۆ (ی).



Scanned with Can

# NEW YORK CITY

OFF TO NYC

A Lunatic once said

" All YOU NEED IS NEW YORK CITY " IN NYC THE IMPOSSIBLE IS POSSIBLE ..

I Have never been lucky in my life ..

Never Ever !!

I barely win anything ..

if there were 99 prizes for 100 people i would be that one person that went home with nothing ..

yet that day ..

I was lucky ..

I missed my earlier flight ..

Okay !! saying the truth ..

I slept ..

Yes , i know Im Careless ..

Well , before you I had nothing to care about ..

Before you ..

The purpose was only surviving ..

Now Im Living !! Im Enjoying ..



Scanned with Can

7A ..

7B ..

My Seat and yours ..

I still have those boarding passes ..

Damn Memories..

Hmm..

where was I? Oh Yes..

Those Earrings with your letter..

and you had the top of your ear pierced..

that is so hot!!! I know I smelled your hair. An Amber Scent..

Your Earring with or your Letter..

and the top pierced with a shiny small diamond. and thats it..

I Needed more..

I wanted to stand and just stare a while..

an hour or so..

just staring. while you are giving me the look that says "Whats „8uo1M and I will be like " no worries just enjoying god's great creation"



Scanned with Can

## سیانزە سەعات و بیست خولەک..

مەجنون دەڵێت: کاتێک کەسێکت خۆشدەوێت، بەردەوام بەخۆتدا دەچیتەوە، لەوەی عەقڵت چی پێبڵێت، بۆ دەیان جار، بەڵام دواتر زمانت شتێکی دیکە دەڵێت.. شتێکی زۆر جوانە.. دانیشتیت..

هەوڵم دا زۆر پەلە نەکەم لەقسەکردن لەگەڵت، بۆئەوەی ئاستی شێتیی خۆمت بۆ دەرنەخەم..

هەوڵیشم دا من سەرەتا دەست بەقسەکردن نەکەم..

هەوڵیشم دا تەماشای روخسارت نەکەم..

لەسەر هەوڵە شکستخواردووەکانم زۆر سوپاس دەکرێم..

بەڵام من بەتەنها دانیشتنەکەت زەردەخەنەیەکم پێشکەش کردیت..

یەکەم کەس کە سڵاوی کرد من بووم..

زیاتر خۆت بەگەورە مەزانە، چونکە من سونەتێکی پێغەمبەری خودام (درودی خودای لەسەربێت) جێبەجێ کردووە..

دواتر کۆششم کرد سەیرت بکەم، بێئەوەی خۆت ئاگادار بیت..

نەمدەزانی کەناکرێت سەیری ئافرەتێک بکەیت بەبێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، وەک ئەوەی هۆرمۆنێکتان هەبێت بەناوی



Scanned with Can

(ئەو سەیرت دەكات)!

لێدانەكانی دڵم بەڕێژەیەكی راستەوانە لەگەڵ جولەی فڕۆكەكەدا زیاتر بوون، كەیەكەمجار بوو شتی لەوشێوەیە روویدات..

وەك ئەوەی بۆمبێكی نراوە هەبێت كەلە هەر ساتێكدا بتەقێتەوە، ئەو بۆمبە ناوی كات بوو..

لەسەرەتای جوڵانی فڕۆكەكەوە كاتم بەرەو كەمبوونەوە دەچوو..

ژماردنی پێچەوانە دەستپێكردو ئای چەندە خەفەتم خوارد كاتێك كابتنی فڕۆكەكە وتی: كاتی گەشتەكەمان سیانزە سەعات و بیست خولەكی پێدەچێت..

لەچل خولەك بێبەشی كردم، كەهەر خولەكێك لەخۆشەویستیدا بەهای خۆی هەیە..

لەوانەیە نەكەویتە داوی خۆشەویستیمەوە، تاكو خولەكی بیست و یەك لەدوای سیانزە سەعات..

تا فڕۆكەكە خێراتر بوایە، دڵم خێراتر لەدیواری سینەمی دەداو داوای لەعەقڵم دەكرد كردارەكە دەستپێبكات..

بینیم سەیری كات دەكەیت..

چەندە پێم خۆشبوو كەبۆیەی نینۆكت بەكارنەهێنابوو، چونكە رقێك لەنێوانماندا بوو كەچەندین ساڵ تەمەنی هەبوو، دەستەكانیشت زۆر نەرم بوون..

وەك ئەوەی سەعاتە (كارتەر)ەكە ئازاری مەچەكت بدات..



Scanned with Cam

چونکە قورس بوو بۆ قۆڵ و مەچەکە رازاوەکەت..
مۆبایلەکەت دەرهێناو دەستتکرد بەنووسین..
بەرلەوەی فڕۆکەکە هەڵبستێت و پەیوەندیت بپچڕێت..
لێرەدا ئەو خەونەم مرد کەدەستیپێنەکردبوو..
بۆمبی خەونەکانم تەقییەوە، وادیارە پێویستم بەزیاتر لەخولەکێک نەبوو بۆئەوەی بزانم بەختی خراپم هەرگیز ناگۆڕێت.
بەختە خراپەکەم ئەوەیە کەهاوڕێ تاقانەکەم سەرەڕای هاوڕێیەتییە خراپەکەی، بەڵام ناتوانم لێی جیاببمەوە..
وەک هاوڕێیەک پێی رازی بووم و لەسەر بێهیواکردنەکانی راهاتووم..
هیچ کچێک بەخێرایی و چەند چرکەیەک بەرلە فڕین نامەیەکی بەپەلە نانێرێت، مەگەر عاشقی ئەو کەسە نەبێت کەنامەکەی بۆ دەنێرێت، چونکە ناتوانێت لێی جیاببێتەوە تا چارەنووس ناچاری بکات جێی بهێڵێت و ئەو کاتەی کەماوە بەبیرکردنەوە لێی بەسەربەرێت، تاکو چەند خولەکێک بەرلە نیشتنەوە کاتێک پەیوەندی دەگەڕێتەوەو بەخێرایی نامەیەکی دیکەی بۆ بنێرێت، تەنانەت بەرلەوەی فڕۆکەکەش بەر وشکایی بکەوێت.
بەڵام دەرکەوت تۆ جریوەیەکت بڵاوکردووەتەوە.. شاشەی سپی و شینی تویتەر بۆ من وەک هەورێکی خێرداری باراناوی بوو کەهیوای بەختە وشکەکەمی ژیاندەوە.. بینیم دەنووسیت.
11:11
بەدڵێکت دەسپێرم کەهەرگیز خەم ناخوات..



Scanned with Cam

## 11:11

I don't get it!!

کات پەیوەندیی چییە بەئاواتخواستنەوە!؟!

چیرۆکی کاتژمێر یانزەو یانزە خولەک چییە؟!

You looked zt your watch like it was a deadline!!

وەک ئـەوەی تـۆش هـەروەکـو مـن کـاتـت کـەم بێت.. من پێویستم بەچەندین سەعات هەیە بۆئەوەی بکەویتە داوی خۆشەویستیمەوە..

But you,, you did it in amatter of seconds..

نەمتوانی پرسیار بکەم.. چونکە نامەویێت وەک ئەو گەشتیارانە بم کەبۆ هاوڕێکانتی باس دەکەیت کەسەیری سەعاتەکەت دەکات و پرسیارت لێدەکات

?But am or am I not allowed to stalk for once

ئایا مافی ئەوەم نییە شتێک بکەم کەهەرگیز نەمکردووە؟

ئـەگـەر وەڵامـەکـە بەڵێ بـووایـە.. ماچم دەکـردیـت، بـەڵام لـەوکـاتـەدا نەمدەویست دەنگی هـاوارکـردنـت بەرزببێتەوەو لەفڕۆکەکە بەسەرشۆڕی بکرێمە دەرەوەو رۆژنامەکانیش لەدوایین لاپەڕەیاندا بنووسن: هاوڵاتییەک هاوڵاتییەکی دیکەی



Scanned with Cam

ماچ کرد بەبێ ڕەزامەندیی خۆی..

Im not against kissing you but I profer it out of the

بەبێ ڕێپێدانی خۆی

part

لەگەڵ ئەوەی من بەردەوام لەخەیاڵی خۆمدا ماچت دەکەم، بەڵام دەمویست ماچی یەکەممان جیاواز بێت، چونکە ماچی یەکەم هەرگیز لەیاد ناچێت..

Alzheimer could take all your memories it could never take away but never could it take away the first kiss

لەبەزەییەکانی خودا بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کاتێک قژی سپی دەبێت و کەمتر لەڕابردووی بۆ دەمێنێتەوە، دەست بەلەبیرچوونەوە دەکات..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕابردووی دووری لەبیرناچێت و ڕابردووی نزیک لەبیردەکات، چونکە خودای پەروەردگار دەزانێت کەئێمە هەرکات دەچینە تەمەنەوە ڕابردووی دوور دەلاوێنینەوە..

کاتێ لاوازی ڕووم تێدەکات و قژە گەنجەکەم سپی دەبێت، نامەوێت کاتەکانی پزیشک و کاتی خواردنی دەرمانەکانم لەبیربمێنێت، یان ناوی خزمەتکارەکەم و شۆفێرەکەم و هەموو



Scanned with Cam

رووداوەماندوكەرەكانی رۆژ و بەزەیی دەوروبەرەكەم، بەڵام یادگارییەكانی دوێنێم دەوێت..

نامەوێت یەكەم ماچم لەیاد بچێت..

بیركەوتنەوەی یەكەم ماچ دەمكاتە پیرێكی بەختەوەر..
"خڵەفاو" بەڵام بەختەوەر..

بەڵام هێشتا قژم رەشە-لەگەڵ چەند مویەكی سپی لێرەو لـەوێ- سەعاتێك تێپەڕی و هیچم نـەوت، خۆبـەزلـزانی و لەخۆباییبوون زاڵ بوو بەسەرمدا..

تـۆش سـەرقاڵی كتێبەكەی "نـەجیب مـەحفوز" بوویت، لەوكاتەوە كەزانیم حەزت بۆ كتێب هەیە ترسم لێ نیشت..

چەند ترسناكە ئەو كچە خوێنەرە رۆشنبیرەی هاوسەردەمی چەندین نـەوەو شارستانیەت بـووەو سەركردایەتیی هەموو پیاوانی ناو كتێبەكانی كردووە..

ئافرەت ناخوێنێتەوە..

ئافرەت ئەو دێڕانەی ناو كتێبەكەی دەستی دەژێنێتەوە..

ئەو دەبێتە پاڵەوان و دەبینێت كەلەگەڵی دەگری و لەگەڵی تورە دەبێت و لەگەڵی گەورە دەبێت و لەگەڵی ئازار دەچێژێت..

ئـەو بە (عەبدولعەزیز) ماندوو دەبـوو بەگۆرانیی: (زیـاد لەپێویست خۆشم ویستیت)..

She hated Augustus for dying in The Fault in Our Stars



Scanned with Can

کچی خوێنەر پاڵەوانی هەر کتێبێکە کەدەیخوێنێتەوە، تاکو زیاتریش بخوێنێتەوە ڕۆڵی پاڵەوانێتییەکانی زیاتر دەبێت و شارەزایی زیاتر دەبێت لەگەڵ ڕەگەزی دڕندە، تەنانەت ئەگەر هەرگیز لەماڵ خۆی نەچێتە دەرەوە..

کچی خوێنەر مێینەیەکە کە لەگەڵ دە پیاو بووەو ناپاکیی لەم کردووەو ئەوی پاراستووەو یەکێکیان لەبەڵێنی دواکەوتووە..

بۆیە هەندێک لەدایکان ڕێگای کتێب نیشانی کچەکانیان نادەن و ڕێگریان دەبن، چونکە لەمنداڵییاندا لەگەڵ چەندین پاڵەوانی کتێبەکان ژیاون..

کچی خوێنەر هەمووفێڵەکان دەزانێت.

To get the heart of a female reader you just can’t go by the book You need to write her a book

ئێستا باوەڕم بەو درۆیە کردووە کەهەر یانزەو یانزە خولەکی شەوێک ئارەزوویەک ئاراستەی ئاسمان بکەم..

ئەمە نزا نییە، نزا وەرگیراوەو لەهەموو کاتێکدایەو بۆ پەروەردگار بەرزدەکرێتەوە، بەڵام ئەمە ئارەزوویەکە کەهیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.. هیچ واتایەکی نییە

بەڵام جوانە.. ڕۆژی یەک جارەو زیانی نییە..



Scanned with Can

**ئەگەر قسە بکات، پێویستە لەسەریان بێدەنگ بین..**
**ئەگەر بێدەنگیش بێت هەموو (ریاز) لەگەڵی بێدەنگ دەبن**

لەگەڵ ئـەوەی ئێمە بەهێڵی ئیماراتی گەشت دەکەین و گەشتەکەمان لـەدوبـەی-ەوە دەستپێدەکات، بـەڵام من بڕوام وابوو تۆ لەسعودیەیت..

جوانییەکەت هاوشێوەی سعودیەیە..

هەر دەبێت ئەو جوانییەت (سعودیی) بێت.

جوانیت هاوشێوەی (ریاز)ە.

جوانییەکەت (شەرقیە)م بەبیردێنێتەوە..

ئەگەر لێت بپرسم لە(جدە)وە هاتوویت؟ وەڵام دەدەیتەوە چۆن؟ تۆش لە(جدە)وە هاتوویت؟

لەبەرئەوەی دراوسێکەت ئاگادارنەکردووە بە گەشتەکەت، بۆیە دراوسـێکـەت خـەیـاڵ دەکـات و دەنووسـێت لـەبارەی کەسێتیەوە..

کاتێکیش دەنووسین..

یان راستییەکان دەنووسین.. یان راستی دروستدەکەین..

منیش بڕیارم دا تۆ پاڵەوانە سعودیەکەم بیت..

سعودیەم زۆر خۆشدەوێت..

کاتێکیش پێشوازیکەرە عەرەبەکە هات و پرسیاری کرد لەوەی حەزمان لەچی خواردنەوەیەکەو لیستی خواردنەوە سەرخۆشکەرەکانیش لەو گەشتەدا بەردەستەو ئەگەر ویستم پاشەکشە لەئەرکەکە بکەم ئەوا پەنا بەخودا داوای خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان دەکەم..

بۆئەوەی ئەرکەکە لەبیر بەرمەوە..

داوای خواردنەوەیەکی غازیم کرد.. مزرەمەنییەکان هەروەک سعودییەکان وای پێدەڵێن..

تۆش وتت (ئاو).

جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئاوو ئاوەکەی تۆ وتت، لەوانەیە ئەوەی تۆ زیاتر تینویەتی بشکێنێت..

زەردەخەنەیەکم کردو وتم سعودیت؟

زەردەخەنەت نەکردو وتت نا کوێتیم!!

سەرم سوڕما، کوێتی بەوشێوەیە دەڵێن ئاو؟

دڵم دەیوت بەسە، نەک بە(ئەوە پەیوەندیی بەتۆوە نیە) وەڵام بداتەوە!

وەڵامەکە ئەوە بوو (دایکم سعودیە).

یەکەم دەربڕینی دڵداری لەدەمم دەرچوو ئەوەبوو (بەڵێ هەر وتم).

گفتوگۆکە گۆڕا بۆ گفتوگۆیەکی تایبەتی:

-بۆ کوێتییەکان عەیبیان چییە!!

تیژیی تۆنی دەنگت زیاتر عاشقی کردم..



Scanned with Can

-هیچیان نیە بەڵام سعودیەکان جوانترن

-چۆن ئەو بڕیارەت دا؟

-هەموو وادەڵێن.

لەدڵی خۆمدا وتم خۆزگە بێدەنگ بومایە.

-جوانی لەهەموو شوێنێک هەیە، بەڵام عەیبەی چاو ئەوەیە تەنها ئەوانە دەبینێت کەحەزی پێیان هەیە.

ویستم بابەتەکە بگۆڕم و کۆتاییش نەهێنم بە گفتوگۆکردن لەگەڵت..

-جوانترین رۆژی ژیانت کامەیە؟

پرسیارم لێکردیت و زەردەخەنەیەکت کردو پرسیارەکەم سەرسامی کردیت..

چونکە ئافرەتان بەوەڵامەکانت سەرسام نین، بەڵکو بەپرسیارەکانت سەرسام دەبن..

بەقسەکانیشت سەرسام نابن، بەڵکو سەرسامن بەتوانای گوێگرتنت..

-جوانترین رۆژی ژیانم ئەوە بوو کاتێک منداڵ بووم و خەمی گەورەم جلی بوکەکەم بوو (سارە) کەهەرگیز لێم جیانەدەبووەوە، هەرکەس سارەی خۆش نەوێت لەواتای ژیان تێناگات..

"لەپاش ئەم رستەیە پاڵەوانەکە لە لەهیب شەوقەوە گۆڕا بۆ سارە"

-ئەی تۆ؟



Scanned with Cam

وەلامم نەدایەوەو سەیری چاوەکانتم کرد..

-هێشتا ئەو ڕۆژە نەهاتووە..

-کەی دێت؟

-پەیوەستە بەبەختی خراپمەوە.

-بەختی خراپ بوونی نییە.

-هیچ نازانیت لەبارەی (یوسف) و بەختییەوە؟

دەشزانم تۆ لەپرسیاری داهاتووت زیرەکتریت

-یوسف کێ بوو؟

یوسف ئەوەیە زۆرترین خۆشەویستیی هەیە بۆت و ناشتناسێت.. دڵم ئەوەی وت!

-یوسف گەنجێکە حەزی لەتراویلکەیەکە.. دەزانیت ئەوەی حەزی لەتراویلکە بێت هەرگیز خۆشەویستییەکەی کۆتایی نایەت.

-تۆش؟

-لێت جیابووەتەوە؟ ناوی هەموو ئەو کەسانەت لەبیر ماوە کەلەگەشتەکاندا لەتەنیشتتەوە دانیشتوون؟

-بۆچی پێت وایە من زۆر گەشت دەکەم؟

-وام پێشبینی کرد.

-هەرگیز پێشبینیت هەڵەی کردووە بۆ جارێک؟

-هیچ ئافرەتێک هەیە پێشبینیی هەڵەی کردبێت؟

ئافرەت هەرگیز پێشبینییەکانی هەڵە دەرناچن، چونکە پێوسیتی بەبەڵگە نییە بۆئەوەی تۆمەتبارت بکات، هەموو

ئەوەی پێویستیەتی ئازارێکی بچوکە لەدڵیدا، کەدرێژخایەن و بەردەوامەو هەموو شتێکی پێدەڵێت.

ئازارێک هاوشێوەی ئازاری هەناسەتوندی، نەخۆشی (ڕەبۆ) پێوسیتی بەبەڵگە نیە کەهەناسەی بەرەو توندبوون دەچێت، بەڵام هەستێکی ناوەکی سنگی توند دەکات.

ئەمەش وادەکات بەخێرایی ماسک بەکاربهێنێت و ماسکی ئافرەتیش دانپێدانانە بەوەی پێشبینیی ئافرەت هەڵە ناکات..

-نازانم بۆچی واڵە پیاوان دەکەن ببنە لێکۆڵەر!! ئافرەتان باشترین لێکۆڵەرن و لە ئێف بی ئای باشترن.

بۆ یەکەمجار پێکەنیت و پێکەنینەکەت زۆر جوان بوو.. نایاب و خۆنەویستانە بوو هاوشێوەی منداڵێک..

چاوەکانت دادەخەیت و پێدەکەنیت پاشان بەشەرمێکەوە دەمت دادەپۆشیت، لێرەدا ئەو نیشانەیەی سەر ڕوومەتی ڕاستتم بینی کاتێک پێدەکەنیت.. ئەو بازنەیە چەند جوانە لەناوەڕاستی ڕومەتتدا، ئەمەش بەڵگەی خۆنەویستبوونە، چونکە تەنها ئەو کاتانە چاڵی ڕومەتت دەردەکەوێت کەبەڕاستگۆیی پێدەکەنیت، بۆیە بەیەکەم زەردەخەنەت لەگەڵ مندا کاتێک دانیشتیت چاڵی ڕومەتت نەبوو.

سوپاس بۆ خودا لەسەر ئەم نیعمەتە، کەبەهۆی بوونی چاڵەکانی ڕومەتتەوە ناتوانیت پێکەنینی دروستکراو بکەیت، وەک ئەوەی ئافرەتانی دیکە دەیکەن.

نواندن بۆ تۆ مەحاڵە..



Scanned with Can

-چاڵی رومەتت هەیە؟

-زۆر بەسەرنجیت ماشەڵات لێبێت.

-نا.

-ئەی چۆنە؟

-تەنها سەرنجم دەچێتە سەر ئەو شتانە کەپێیان سەرسامم.

-هەرکەس لەتەنیشتتەوە دابنیشێت ئەمەی پێدەڵێیت؟

-نا.. بەردەوام لەشوێنێک دادەنیشم کەکورسیی تەنیشتم کەسی تێدا نەبێت.

-ئەی ئەگەر فرۆکەکە پڕبوو؟

-ئەی ئەگەر هێڵەکانی فرۆکەوانی هەڵەیەک بکەن و کورسییەک بۆ دوو کەس دابنێن؟

-بێگەردی بۆ خودا.. هەموو شتێک دەزانیت!!

-تەنها ئەوە دەزانم کەدەمەوێت بیزانم..

-خواردنەوە غازییەکەم گەیشت.. ئاوەکەشت گەیشت.



Scanned with Cam

## خودا لەئاسمانەوەو بەئاسمان تۆی بەدیاری بۆ ناردم

پێش ئەو گەشتە حەزم لەدیاری نەبوو.. چونکە پێموابوو ئەوە قەرزێکە کەسێک پێتدەبەخشێت بۆئەوەی لەگەردنتدا بمێنێتەوەو هەمیشە لەیادت بێت کەلە نزیکترین بۆنەدا وەڵامی بدەیتەوە..

هیچ کەسێک دیاریی یادی لەدایکبوونی بۆ ناردویت و بیرت لەوە نەکردبێتەوە کەی یادی لەدایکبوونی ئەوەو چی بۆ بکەیتە دیاری کەبەهەمان نرخ بێت؟

بۆیە هەمیشە دیارییەکی بێ ناوت پێدەبەخشم، بۆئەوەی قەرزێک نەبێت لەگەردنتداو ناچاربیت بۆم بگەڕێنیتەوە..

دیارییە راستەقینەکان کارتیان پێوە نییە.. بۆنەیان نییە.. ناونیشانیان نییە.

کاتێک دیارییەکی بێ کارت دەبەخشیت، ئەوە سەرەتا بەخۆتی دەبەخشیت بەرلەوەی بەکەسێکی ببەخشیت کەخۆشت دەوێت..

بەڵام تۆ دیارییەک بوویت کەچارەنووس بەمنی بەخشی..

بەختە خراپەکەم ویستی قەرەبووی بێئومێدییە بەردەوامەکانی رابردووی بکاتەوە.. ویستی دیارییەکم پێببەخشێت لەسەر

شێوەی فریشتە.

دوو کاتژمێر لەگەشتەکە تێپەڕی.. ژەمی ئێوارە هات، ڕێکوپێکیی تۆو شێوازی فڕۆکەوانیم بەدڵ بوو کەخواردن بەچەقۆو چەتاڵێکی پلاستیکییەوە پێشکەش بکەن، لەترسی ئەوەی نەوەک یەکێک لەگەشتیارەکان لەڕێی چەقۆی کانزاییەوە هەڵبستێت بەڕفاندنی فڕۆکەکە..

منیش لەبیری ڕفاندندا بووم..

بەڵام بۆ ڕفاندنی دڵت نەک بۆ فڕۆکەکە..

شێوازی ڕێکخستنت بۆ خواردنەکە وایکرد هەست بکەم لەگەڵ شاژن نانی ئێوارە دەخۆم..

قاپەکانت ریز کرد..

شەرمت کرد کاتێک بینیت من بەو کەوچکە نان دەخۆم کەتایبەت بوو بەخواردنی شوکولاتەکەی تەنیشتمەوە..

بەڵام هیچت نەوت..ڕەخنەت لێ نەگرتم.. هێندەی خۆشەویستیی من بۆ ڕێکوپێکیت تۆش شێواویی منت خۆشویست..

ئێمە بەچەند پۆلێک دروستکراوین..

و نیوەکەی دیکەمان هەمیشە جیاوازن لەئێمە..

بۆیە سالب بەدوای موجەبدا دەگەڕێت، نەک لێی دووربکەوێتەوە..

بەدوای نیوەیەکدا دەگەڕێت کەجیاواز بێت لێی و شتێکی بۆ زیاد بکات..



Scanned with Can

چی خۆشییەک لەوەدا هەیە کەسێکت خۆشبوێت کەهاوشێوەی خۆت بێت؟

ئەگەر ئەوەمان بویستایە ئەوا لەگەڵ خۆمان خۆشەویستیمان دەکرد.

چونکە خۆمان ئازارمان نادەن و جێمان ناهێڵن و دوورناکەونەوە لێمان..

..

پێویستە ساتی بڕیاردان لەکەوتنە نێو خۆشەویستی کەسێک هەڵبژێرین کەلەخۆمان نەچێت..

خاڵە لێکچووەکان شتێکی جوانن..

بەڵام خاڵە جیاوازەکان جوانترن..

زۆر جوانترن..

ڕێکەوتن لەسەر هەموو شتەکان هیچ چێژێکی نییە، چونکە هیچ شتێک نادۆزینەوە تا گفتوگۆی لەسەر بکەین و ململانێیەکی بەردەوام هەبێت لەنێوان بۆچوونی من و بۆچوونی تۆدا و بەڵگە بهێنمەوە بۆئەوەی قەناعەت بکەیت.. ببینم بەردەوام تۆ زاڵ دەبیت بەسەرمدا..

سەیرت کردم.. ئەوە یەکەمجار بوو تۆ دەست بەقسەکردن بکەیت!

-بۆ زەڵاتەکەت نەخوارد؟

فێر نەبووم کەس گرنگیم پێ بدات..تەنانەت خۆشم گرنگی



Scanned with Cam

چـی خـۆشـییـەک لــەوەدا هـەیـە کـەسـێکت خـۆشـبوێت کەهاوشێوەی خۆت بێت؟

ئەگەر ئەوەمان بویستایە ئەوا لەگەڵ خۆمان خۆشەویستیمان دەکرد.

چونکـە خـۆمـان ئـازارمـان نـادەن و جێمـان ناهێڵن و دوورناکەونەوە لێمان..

..

پێویستە ساتی بڕیاردان لەکەوتنە نێو خۆشەویستی کەسێک هەڵبژێرین کەلەخۆمان نەچێت..

خاڵە لێکچووەکان شتێکی جوانن..

بەڵام خاڵە جیاوازەکان جوانترن..

زۆر جوانترن..

ڕێکەوتن لەسەر هەموو شتەکان هیچ چێژێکی نییە، چونکە هیچ شتێک نادۆینەوە تا گفتوگۆی لەسەر بکەین و ململانێیەکی بـەردەوام هەبێت لەنێوان بۆچوونی من و بۆچوونی تۆدا و بەڵگە بهێنمەوە بۆئەوەی قەناعەت بکەیت.. ببینم بەردەوام تۆ زاڵ دەبیت بەسەرمدا..

سەیرت کردم.. ئەوە یەکەمجار بوو تۆ دەست بەقسەکردن بکەیت!

-بۆ زەڵاتەکەت نەخوارد؟

فێر نەبووم کەس گرنگیم پێ بدات..تەنانەت خۆشم گرنگی



Scanned with Cam

بەخۆم نادەم..

-بۆچی؟ پێویستە؟

پرسیارم لێکردیت و دەمزانی تۆ کەسێکیت گرنگی بەشتەکانی دەوروبەرت دەدەیت.. وادیارە بابەتی تۆ چاککردنی جیهانە..

منیش بەشێکی دانەبڕاوم لەم جیهانە..

بەلام لێی بێهیوام

-بەڵێ، پێویستە..

-نەمخواردو هیچیشم بەسەر نەهات..

-بۆ تەندروستیت باشە لەسەر ئاستی دوور.

بیرکردنەوە لەئاستی دوور شتێکە نامبزوێنێت، چونکە من نەخشە بۆ زیاترلە ڕۆژێکم دانانێم، گەردونیش لەگەڵ من یان بەبێ من هەر دەڕوات و هەرگیز رووی نەداوە گەردوون بۆ خولەکێک لەبەر من بوەستێت..

ئیتر من بۆچی بوەستم لەبەر ئەو..

بۆچی چێژی دانیشتن لەنزیک تۆوە تێکبدەم بەبیرکردنەوە لەداهاتوویەک کەلەوانەیە تۆی تێدا نەبێت .. پەنا بەخودا دەگرم لە (لەوانەیە)

-بەمەرجێک زەلاتەکەم دەخۆم..

-چییە؟

-ئەوەی لەبارەی خۆتەوە شتێکم پێبڵێیت کەپێشتر بەکەست نەوتووە..

-بەلام.. من تۆ ناناسم!!!



Scanned with Cam

-ئەوە جوانترین شتی گەردوون نییە؟

قسەکردن لەگەڵ کەسێک کەناتناسێت..

بڕیارت لەسەر نادات..

ڕابردووت و داهاتووت نازانێت..

جوانترین هەستە..

لەبەرئەوەیە کتێب و نوسەر هەیە، چونکە هەموو نوسەرێک چیرۆکێکی هەیە کەنایەوێت بۆ ئەو کەسانەی ئاشکرا بکات کەدەیناسن..

ڕوو دەکەینە بێگانەکان، چونکە قورسە بتوانن بەهۆی دانپێدانانەکانمانەوە ئازارمان پێبگەیەنن..

ڕاستییەکەش ئەوەیە کەس ئازارمان نادات ئەگەر خۆمان ڕێگای پێنەدەین..

ڕێگاشیان پێنادەین کاتێک بڕوامان هەبێت کەئازاردانیان بۆ ئێمە مەحاڵە..

لەدوای بیرکردنەوەیەکی زۆر زەردەخەنەیەکت کردو دەستت کرد بەچێژوەرگرتن لەزەڵاتە کەمەکەم و دەتتوانی ئەو کاتە بکشێیتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆ ئافرەتیت هەرگیز ناکشێیتەوە..

قسەکەی بزمارێک بوو لەسەر تابلۆیەک..

ئەوەم پێخۆشە کەلەکاتی بیرکردنەوەدا یاری بەقژت دەکەیت، چونکە بیرکردنەوەکانت پەیوەستن بەمووەکانی قژتەوە..

-ئۆکەی.. زانیت چۆن! جارێک.. ئۆتۆمبێلی ماڵەوەم دزی و خۆم کێشا بەئۆتۆمبێلی دراوسێکەماندا، گەڕامەوەو وام



Scanned with Can

دەرخست کەمن هۆکار نەبووم و پێکەنینیشم دەهات.. نەک لەبەرئەوەی هەڵوێستەکە پێکەنیناوییە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەوە نهێنییە شاراوەکەتە..

پێکەنیت و ددانە مرواری ئاساکانت و چاڵی رومەتت بۆم پێدەکەنن.

-سوێند بەخودا.. تۆ یەکەم کەسیت ئەم نهێنییەت بۆ ئاشکرا دەکەم..

ژیانت بەرلەم گەشتە چەندە سادە بووەو ژیانی منیش چەندە ئاڵۆز بووە بەرلە ناسینی تۆ.. بەرلە دیداری تۆ لەهەموو شتێکدا شکستم هێنا..

ژمارەی ئەو پەیوەندییە سەرنەکەوتووانەی هەمبووەو شیاوی باسکردن نین زۆرە..

ژمارەی تانەکانی هاوڕێیان بەسە بۆئەوەی لەڕۆژێکدا یەک ملیۆن جار بکوژرێم و ئێستاش هەر بەڕوویاندا پێدەکەنم و وا دەریدەخەم کەمن ئاگام لەنیازی خراپیان نییە..

پێشوازیکەرەکە هات و سەیری منی کرد.. بەویژدان بوو لەگەڵم کاتێک تۆی بۆ هێنام، منیش پێموت کەخەڵاتی دەکەم، بەوەی ناوەکەی ببێتە ناوی پاڵەوانی یەکێک لەڕۆمانەکانم و لێرەوە ناوی (ماریا) بەملیۆنێک یادگارییەوە هاتە ئاراوە..

-کچێکی جوان بەتەنها بەئاراستەی نیویۆرک چی دەکات؟

-نازانم دەڕۆم و پرسیاری لێدەکەم.

بەردەوام تۆ زاڵدەبیت بەسەرمدا.



Scanned with Can

بەڵام دۆڕان بەرامبەر تۆ بردنەوەیە.

-بەتەنها نیت؟

-بەڵێ.

-تۆ جوانیت؟

-تاڕاددەیەک..

-کەواتە چی دەکەیت بەتەنها دەچیت بۆ نیویۆرک؟

عەقڵم دووبـارە ئاواتەخوازە گوێبیستی "ئـەوە پەیوەندیی بەتۆوە چییە شێخ" نەبێت!

-سەردانی نەنکم دەکەم لەوێ لەژێر چارەسەردایە.

-خودا شیفای بدات.

-خودا بتپارێزێت.



Scanned with Can

## بەڵای کۆمەڵێک قازانجە بۆ کۆمەڵێکی تر

داوای لێخۆشبوون لەخودا دەکەم، بەڵام هەواڵی نەخۆشییەکەی نەنکت دڵخۆشی کردم.

چونکە ئەگەر ئەو نەخۆش نەبوایە تۆش گەشتت نەدەکرد وەک ئەوەی کاتێک چارەنووس شتێکمان لێ زەوت دەکات بۆئەوەی بیبەخشێتەوە بەکەسێکی تر..

کەواتە دنیا بەنادادپەروەرییەکەشی هەر دادپەروەرە..

دنیا مێزێکی (رۆلێت)ە، کەبەختەکان لەسەر ژمارەکان دابەشدەکرێن و هەموو جارێکیش یەک براوە هەیە.

دۆڕاوەکان وادەزانن نادادپەروەرانەیە، بەڵام براوە پێیوایە دنیا 36 جار دادپەروەرە.

پەندە ئەمریکییەکە دەڵێت:

THE HOUSE ALWAYS WIN

لەوانەیە باشە بەر ئێمە نەکەوێت بەهەمیشەیی، لەوانەیە باشەی نەخۆشییەکەی ئەویش لەوەدا بێت کەنەوەکەی لەناو فڕۆکەدا خۆشەویستەکەی ژیانی بدۆزێتەوە؟

لەوانەیە ئەویش کاتێک بچوک بووبێت چاوی بەباپیرت کەوتبێت کەچووە بۆ سەردانی نەنکە نەخۆشەکەی؟

بەدوای شیکردنەوەیەکی لۆژیکیدا دەگەڕێم تاکو بەهۆی دڵخۆشبوون بەهەواڵی نەخۆشییەکەی تووشی ئازاری ویژدان نەبمەوە.

سەرلەنوێ داوای لێخۆشبوون لەخودا دەکەمەوە.. بەڵام ئارەزووم ئەوە بوو ماوەیەکی زۆرتر لەوێ بمێنێتەوە..

ویستم تۆ بۆ هەتاهەتایە لەگەڵم بمێنیتەوە..

هەرچەندە من سەردانی نیویۆرک دەکەم بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەیەکدا کە هەفتەیەک دەخایەنێت، بەڵام کێشەم نییە کەلە کۆتایی هەفتەکەدا سەردانی سێوە گەورەکە بکەم، وەک ئەوەی لەنیوجێرسی دابنیشم و کارەکەشم لەنیویۆرک بێت.. وردە وردە بیرم لەوە دەکردەوە کەدوانزە سەعات بەرەو نیویۆرک و دوانزە سەعاتی گەڕانەوەش دوو ڕۆژی مەزن دەبن کەبەیەکەوە بەسەریان دەبەین..

being with you is worth the 247/ jetlag

بەناوی خۆشەویستییەوە هەموو شتێک دەکرێت..

-ئەی چی تۆی هێناوە بۆ نیویۆرک؟

-ئایا ڕاستییەکەت پێبڵێم؟ ئەی دواتر چۆن بیانوو بۆ هەموو کۆتاییەکانی هەفتە لەوێ بهێنمەوە؟

-من لێرەم بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەیەکی تایبەت بەکارەکەم..

-کارەکەت چییە؟

-زۆر شت دەکەم بەڵام تەنها یەک شت دەزانم.

-چی دەزانیت؟



Scanned with Can

-نووسین..

-لەکەسێک ناچێت کەنووسین بزانێت..

باشترین کەس کەنووسین بزانێت ئەوەیە کەوادیارە نووسین نەزانێت..

-دەیزانم بەڵام بەدوای چیرۆکێکدا دەگەڕێم کەشیاوی نووسین بێت..

-لەبارەی کێشەی فەڵەستینەوە بنووسە.. لەبارەی منداڵانی غەززەوە بنووسە..

-ببورە، لەبارەی کێشەیەکی مرۆیی عەرەبەوە بنووسم؟ هەر لەبنەڕەتەوە مرۆڤیان تێدایە؟

-راستە، راستت کرد، کەواتە لەبارەی منەوە بنووسە.

-تەواوە، دەتەوێت لەناو رۆمانەکانمدا چی ناوێکت لێبنێم؟

-لەرۆمانێکدا سارە... و لەدانەیەکی دیکەشدا مریەم.. لەوەی کۆتاییشدا ناوم مەهێنەو با بێ شوناس بم.

-سێ رۆمان؟! ئایا ئەو هەموو چیرۆکەت هەیە؟

-بەڵێ.. دەمەوێت چیرۆکی درێژیش بن، نامەوێت کورتە رۆمان بن.. کەهەرکات پاڵەوانەکانی بەیەک گەیشتن کۆتایی بێت.

رازی بووم و بڕیارم دا لەبارەی تۆوە بنووسم، رۆمانی سەرکەوتوو پێویستی بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش و چیرۆکێکی باوەڕپێنەکراوە..

چیرۆکێک کەخۆم نووسەرەکەی بم باوەڕی پێ نەکەم..

پێکەنینەکەت داوی بیرکردنەوەمی پساند، کەچاڵی سەر رومەتەکانتی لەگەڵ نەبوو بەوەدا زانیم راستەقینە نیە..

-سوعبەتت لەگەڵ دەکەم..



Scanned with Can

## پوچ..

شتێک لەناو مندا باوەڕت پێناکات..

ئەوە یەکەم و دوا شتی پوچ بوو کەوتت..

لەڕاستیدا تۆ تائەندازەیەک درۆزن بوویت، بەلاشمەوە سەیر نیە کەلەکۆتاییدا بۆم روون ببێتەوە کەبەدرێژایی گەشتەکە من لەگەڵ خۆمدا قسەم کردووە..

چونکە کاتێک راستی بەو شێوەیە روون و جوان بێت زیاتر رێی تێدەچێت خەون بێت..

کێشەی خەونەکانیش ئەوە نیە راستی نین بەڵکو راستین.

چی دەبێت ئەگەر دەربکەوێت کەکاتێک خەون دەبینین ئەوە ژیانە راستەقینەکەمان بێت و ژیانی راستەقینەی بێزارکەریشمان تەنها خەونێکی ناخۆش بێت کاتێک هەڵدەستین سەردانمان بکات؟

لەتوێژینەوەیەکدا هاتووە کێشەی خەونەکان ئەوەیە کەلە شەش چرکە زیاتر ناخایەنێت.. کەواتە چی لەو هەموو سەعاتەی دیکە بکەم کەتیایدا دەخەوم؟

وام نیشاندا کەباوەڕم پێکردوویت.. تۆش وات نیشاندا کەباوەڕت بەباوەڕهێنانەکەم کردووە..



Scanned with Can

مۆڵەتت لێ خواستم بۆئەوەی بچیت بۆ دەستشۆرو جانتایەکی بچوکت پێبوو، بەلام کاتێک گەڕایتەوە جلەکانت گۆڕیبوو.

A little English won't harm anyone..

You came back.. The "True Religion" Jeans was taken off..

you put on your "Pink" pants and you wore a white shirt with a pink Breast Cancer supporting ribbon The neckless that had your name on it appeared, i guess it was hidden with the whole classy "blazer and jeans look" I smiled and commented "you love yourself a lot!" You felt offended but i bet deep inside you agreed with it Why so!! I added " your earrings carry your letter, your neckless has your name,on it and i bet your phone's background picture is many pictures of you..

You laughed so hard..

the dimple was as clear as the sky in July..

How did you know?!!! you asked i smiled.. i know everything..

You insisted on seeing my background picture and you were shocked with my black screen..



Scanned with Can

Don't you have anything worth displaying? Take a picture with me.. I will make it my background picture..

I promise I won't ever remove it. I would print and store hundreds of copies so that i world never lose it..

I was sure the answer would be hell no, but month, my year and my eternity..

It felt like Christmas and Eid when you said Okay. It was that Okay? the Okay moment Gus and Hazel shared.

You always found a way to make my day, my I took my phone in the air and it was the first time your shoulder touched mine..

oh i wished we had economy seats, i book business class not because i am rich, there are a lot of things I can't afford buying but that feeling when I sit next to an over weight passenger, his greasy hairy arms touching me and i feel sick all flight long, so those extra dollars are always worth it..

But in my case now i wished we had had



Scanned with Can

those seats I wished your silky arms touchod mine all twelve hours long..

i wished you had fallen asleep on my shoulders.. Damn business class Emirate Airline seats left me all alone, you were very far away..

We took that first selfie together..

After r my iPhone 4 i used an iPhone 4 plus, iPhone 5, iPhone 5 plus, Galaxy Tab I, Galaxy S4, Galaxy S5, Galaxy Tab II, and an IPhone 6 Plus. All of those phones i got (apparently i break phones a lot) had that picture stored, i even sent it to my work email, my personal email, stored it in two flash memories, in my Macbook Pro and Air, and printed 10 hard copies in colors and black and white.

Because this picture reminds me of the definition of Happiness..

Happiness is always about the small things..

we took another picture with your phone, you said maybe i will need it when you become famous one day..



Scanned with Cam

## وردە کارییە بچوکەکان..

بەپێچەوانەی رابردووەوە.. گرنگیم دەدا بەهەموو وردەکارییە بچوکەکانت..

شێوازی گێڕانەوەت.. شێوازی دانیشتنت.. شێوەی قسەکردنت..

بەردەوام بەئاگاییەکی تەواوەوە لەمێشکمدا هەڵدەستام بەتۆمارکردنی هەموو شتێک لەبارەی تۆوە..

بەدەستی چەپ دەنووسیت و منیش چەپەم و لەوەدا هاوبەشین لەگەڵ تەنها 10%ی دانیشتوانی سەر زەوی..

ئێمە زیاتر تووشی شەقیقەو هیلاکی دەبین و لای راستی مێشکمان بەکاردەهێنین کەئەمەش وامانلێدەکات سێ ئەوەندەی خەڵکی تر رووبەڕووی ئالودەبوون ببینەوەو بەشێوەیەکی تێکڕایی 9 ساڵ کەمتر لەراستەکان بژیین.

لەبەرئەوەی تێکڕای تەمەنی ئێمە کەمترە لەزۆرینەی سەرنشینانی ناو ئەم فڕۆکەیە، بۆیە پێویستە هەلەکان لەدەست نەدەین و بەخێرایی بکەویتە خۆشەویستییەوە لەگەڵم..

کاتم بەرەو کەمبوونەوە دەچوو و کابتنی فڕۆکەکەش رووناکییەکانی کوژاندەوە بۆئەوەی سەرنشینان بخەون، خۆزگە نەیدەکوژاندەوە، چونکە ئەوە مانای ئەوە بوو پێویستە



Scanned with Can

گفتوگۆکەمان بوەستێنین..

ئایپادەکەم دەرهێناو دەستمکرد بەنووسین..

ئێستا تەنها دەتوانم بەجوانترین و باشترین شارەزاییم لەژیانمدا هەڵبستم..

بەلام تۆ کەمێک بەردەوام بوویت لەخوێندنەوە، پاشان جلێکت لەناو جانتاکەتدا دەرهێنا کەلێی نووسرابوو

I love marcella

لەبەرت کردو سەرت پێ داپۆشی و داپۆشەرە پەمەییەکەی چاویشت لەناو جانتاکەت دەرهێناو بێبەشت کردم لەڕوانین بۆ چاوەکانت..

بێدەنگی باڵی کێشاو من و لێدانەکانی دڵمماینەوە، کەلەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا لێدانەکانی خێراتر دەبوون..

نیوەم تۆقی کەبێبەش بوو لەقسەکردن لەگەڵت.. نیوەکەی ترم شاگەشکە بوو بەبینینی جوانییە درەوشاوە بەشکۆکەت، وەک باوکێک بووم کە بۆیەکەمجار منداڵە لەدایکبووەکەی دەبینێت و لەشی رادەچڵەکێت لەهەستی باوکایەتی و بەرپرسیارێتی و چۆنیەتیی مراندنی خۆویستی و دەستدەکات بەنەخشەکێشان بۆ داهاتووی ئەو دروستکراوە بچوکەو دەستدەکات بەبێبەشکردنی خۆی لەهەموو شتێک بۆئەوەی ئەو منداڵە ژیانێکی شکۆدارانەی هەبێت کەئەم لێی بێبەش کراوە..

خۆشەویستیی باوکەکان بەقسە نییە، بەڵکو بەکردەوەیە..

من چێژ لەبینینت وەردەگرم و هەستی ئینتیمام داپۆشیوم، تۆ



Scanned with Can

نیشتمان و وڵات و شوناسی منیت، ئێستا تۆ بوویتە ڕەگەزنامەم و تاکو تۆ لەگەڵم بیت لەنیشتمانی خۆمدام و هەرکات تۆ پێکەنیت ئەوە ڕۆژی نیشتمانیی وڵاتەکەمەو بەهۆیەوە ئاهەنگ دەگێڕم..

پێشوازیکەرە ئەوروپییەکە هات و وەستاو سەیری من و تۆی کردو لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ ژووری سەرکردایەتی بەدەستەکانی شێوەی دڵی خۆشەویستیی دروستکردو لەبەرئەوەی ئافرەتیش بوو پێشبینییەکانی هەڵە دەرناچن لەهەستکردنی بەو خۆشەویستییەی من بۆتۆم هەڵگرتووە..

ئاواتەخواز بووم "ماریا" واز لەخاچەکەی بهێنێت و ببێتە مسوڵمان، بۆئەوەی بتوانم نزای بۆ بکەم (جێگای بەهەشت بێت)، چونکە هەر لەدنیادا بەهەشتی پێشکەش کردم..

وەنەوز دەستیکرد بەململانێ لەگەڵم، تاکو زاڵ بوو بەسەرمداو چاوەکانم نوقاندو خەونێکم بینی.. ئێمە لەهەمان گەشتدا بیووین و بەرەو وڵاتەکەمان دەگەڕاینەوەو دەستت بەدەستمەوە بوو..

خەونەکان جوانن، هەرچەندە ماوەکەیان کورتە، بەڵام دەتوانێت زەردەخەنەیەکت پێبدات کەتەواوی ڕۆژەکە لەگەڵتدا بمێنێتەوە.

Cabin Crew Ready for Landing

WTF!!

Why NO!! Time tricked me...

Why the hell did i sleep that long..

I tried not to panic



Scanned with Can

وام نیشاندا کەترسم نییەو لەناخیشمدا ئاگرێکی گەورە هەڵگیرسابوو کەهەموو باخەکانی هیوامی دەسوتاند بەچیرۆکێکی خۆشەویستی کەبەنەمری بمێنێتەوە.. کاتژمێرەکەی دەستم ئاماژەی بۆ یانزەو یانزە خولەکی نیوەڕۆ دەکرد.. زانیم کەهەلێکی نموونەییە بۆ من.. بێئاگابوونت لەمن و خۆئامادەکردنت بۆ دابەزین، کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی بۆ قورس کردم..

-ئارەزوویەک نانێریت؟

-مەبەستت چیە؟!

-ئێستا 11:11یە.

پێکەنیت و چاڵەکەی رومەتت جەختی کردەوە کەنەخشەکەم سەریگرتووە.

-بەڕێز "یوسف" ئەم ئەفسانەیە چی واتایەکی هەیە بۆ تۆ؟

-هیچ.. بەڵام بۆ تۆ واتای زۆرە..

-چۆن زانیت؟

-پێم نەوتیت من هەموو شتێک دەزانم!!

-ئاگادارت نەکردم!!

ئای شێوەزاری سعودی-لوبنانی چەند جوانە..

11:11- سودی نابێت مەگەر هەور بێت و لەگەڵ خۆرهەڵاتن ئارەزووەکەت بنێریت و ئەستێرەی ئارەزووت بۆت بهێنێتە دی، بەڵام نیوەڕۆ هیچ ئارەزوویەکی تێدانیە..

-من پێویستییەکی زۆرم بەئارەزوویەکی بەپەلە هەیە.

That reminded me of the song “ Airplanes”



Scanned with Can

when you are in an airplane you can't make a wish!! Because someone already made a wish when they pretended your Boeing 777200- is a shooting star..

Damn peasants!! I need a wish right now..

پێویستم بەشتێکە لەئارەزوو گەورەتر بێت.. چونکە بەختی من لەگەڵ ئارەزووەکاندا کار ناکات.. کەسێکی وەکو من پێویستی بەپەناگرتن هەیە.. پێویستی بەتەلیسم و جادوویەک هەیە کەتوشت بکات..

As good as it gets

ململانێکەم بریتی بوو لەوەی خۆم بەدەستەوە بدەم و تۆش وەک یادگارییەکی جوان بمێنیتەوە، کەبۆ جارێک خۆشم ویستووە..

یان ببیتە خۆشەویستی ژیانم کەلە رۆژێکدا ملیۆنێک جار عاشقی دەبم..

ئایا بەچارەنووس رازی بم؟

وابکەم زاڵبێت بەسەرمدا وەک هەموو جارێک وادەکەم؟

دەتوانم داوای ماچی ماڵئاواییت لێبکەم؟

..

لەناکاو بیرم لەگەڕان بۆ ئەنگوستیلەیەک کردەوە بۆ فرۆشتن لەگۆڤاری بازاڕی ئازادداو لەناو فرۆکەیەکدا، بەڵام تەنانەت بازاڕی ئازادیش کەمێک بەرلە نیشتنەوەی فرۆکە دادەخرێت،



Scanned with Can

پێشم وانیە رازی بێت لەسەر بابەتی خوازبێنیکردن..

تاکو فڕۆکەکە لەزەوی نزیک دەبووەوە خەونەکانم لەئاسمان و لەهەمان بەرزیدا دەمانەوە..

تا ئەوکاتەی تایەی فڕۆکەکە دای لەزەوی.. بێ هیچ خەون و ئارەزوویەک مامەوەو تێگەیشتم کارەکە شکستی هێناوە..

قورسترین شت لەگەردوندا..

شکست نیە، بەڵکو داننانە بەشکستدا..



Scanned with Cam

## هێشتا پێهیوا نەبووم

مەجنون دەڵێت:"لەوانەیە هەموو شتێک لەپیاودا بمرێت.. جگە لەهیوای ناو دڵی.. چونکە پیاوی بێ هیوا ژیان بەرێدەکات نەک بژی"..

لەبەرئەوەیە پێغەمبەر (درودو سلاوی خودای لەسەربێت) پەنای گرتووە بە "دۆڕانی پیاوان".

هیچ شتێک نیە هێندەی بێهیوایی پیاوان تووشی دۆڕان بکات.

ئێمە تەنها جەستەیەکین کەئارەزووی هەڵگرتووە.

هەریەک لەئێمە 11:11ی تایبەت بەخۆی هەیە.

پێش تۆ رازی بووم بەوەی هیچ ئارەزوویەکم نەبێت..

بەڵام ئێستا..

ئارەزووم هەیە..

ئارەزووەکەشم ژمارەیەکی بێکۆتا ئارەزووی تێدایە..

"من بەتەواوی رازیم.. هیچم ناوێت جگە لەتۆو هەموو تۆ ئەگەر رێگام بدەیت".

لەوکاتەدا لەبەرخۆمەوە دەڵێم من بەتەواوی رازیم هیچم ناوێت جگە کەمێک لەتۆ..



Scanned with Can

هەر شتێک ڕێنیشاندەرم بێت بۆلای تۆ..

سەیرم کردیت لەکاتێکدا خۆمان بۆ جێهێشتنی فڕۆکەکە ئامادە دەکرد، بەو بڕوایەوە کەجارێکی دیکە دەتبینمەوە..

ریزی ڕۆیشتن درێژەو لەوانەیە بۆ چەند سەعاتێک تیایدا بوەستین و سەرلەنوێ دەرگای قسەکردن دەکرێتەوەو بەڵکو بەشتێک بیانوو بدۆزمەوە بۆئەوەی ژمارەکەت وەربگرم.. ئەژماری تویتەرەکەت یان ئیمەیڵەکەت.. بۆ یەکەمجارە ئاواتەخوازم تەکنەلۆجیا بەویژدان بێت لەگەڵم..

پێشوازیکەرەکە بۆ دوایین جار بەڕوومدا پێکەنی..

سوپاس "ماریا".. بەڵام ئێستا پێویستە هەوڵەکان لەلایەن خۆمەوە بێت..

بەیەکەوە بەتونێلی گەیشتن لەنێوان فڕۆکەکەو فڕۆکەخانەی (جی ئێف کیندی)دا ڕۆیشتین، هەنگاوەکانم لەگەڵ هەنگاوەکانتدا بوون، نامەوێت لەدواتەوە یان لەپێشتەوە بم، بەڵکو دەمەوێت هاوتەریبی تۆ بم..

نامەوێت پێشبڕکێ بکەین.. نامەوێت کێبڕکێت لەگەڵ بکەم.. دەمەوێت لەناو تیمەکەی تۆدا بم..

ریزە درێژەکەم بینی لەپێشمانەوەو تەنها من لەناو هەمواندا دڵخۆش بووم بەو قەرەباڵغییە..

هەلێکی تر دێتە بەردەستم.. وەک ئەوەی بەختم گاڵتەم لەگەڵ بکات..



Scanned with Can

تۆ نەتتوانی بەدرێژایی ئەو گەشتە هیچ بکەیت و ئەوە من چەند سەعاتێکی زیادەت پێدەبەخشم..

وەک یارییەکی تۆپی پێ.. تیمێک تا خولەکی کۆتایی بەگۆڵێک لەدواوەیە، پاشان دەبینێت ناوبژیوانی یارییەکە چەند خولەکێکی زیادکراوی پێدەبەخشێت کەلەوانەیە ببێتە هۆی هەڵگەڕانەوەی ئەنجامی یارییەکە..

"کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ"ی ناخم لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوو بۆ تۆمارکردنی گۆڵ لەو ریزە درێژەدا..

چەند گفتوگۆیەکم ئامادەکردووە بۆئەوەی لەگەڵ تۆدا بیانخەمە ڕوو..

هەوڵدەدەم ڕۆشنبیرتر دەربکەوم.. سەرنجڕاکێشتر.. جدی تر..

ویستم بەرلەوەی پاسپۆرتەکەمان مۆر بکرێت و فەرموومان لێبکەن بۆ چوونەژوورەوە تۆ بکەویتە خۆشەویستی لەگەڵ من..

دەمویست ڕێگام پێبدەیت بچمە ناو دڵتەوە.. ناو وڵاتەکەتەوە..

نامەوێت پاشا بم..

یان تەنانەت شازادە بم..

دەمەوێت لەوڵاتەکەتدا هاوڵاتییەکی سادە بم.. ڕۆژانە بچێتە سەرکارەکەی و وێنەی پاشاکەی لەهەموو شوێنێک هەڵبواسێت..

ڕێزو شکۆی تۆ بپارێزێت.. پێچەوانەی یاساکان نەبێت.. ئەگەر سەرکوتیش کرا یاخی نەبێت.. باوەڕی بەوە هەبێت کەگوێڕایەڵیکردنی فەرمانڕەوا ئەرکە..



Scanned with Can

تۆش فەرمانڕەوای منیت..

بەڵام بەرلەوەی خەیاڵم دەستبەکاربێت، ناوبژیوانی یارییەکە فیکەی دۆڕانی هەمیشەیی منی لێدا..

بینیم ڕێگایەکت گرتووە جیاواز لەڕێگاکەی من.. سەرەتا پێموابوو دەچیت بەرەو دەستشۆر، بەڵام دەرکەوت تۆ پاسپۆرتی ئەمریکیت هەیە..

بینیم بەڕاڕەوێکی چۆڵدا دەڕۆیت و ئیتر هەموو شتێک بەهێواشی دەڕۆیشت.. وەک ئەوەی کات بیەوێت چێژ لەدوایین تروسکایی هیوا وەربگرم..

بابەتەکە زۆر پەیوەستە بەشێوازی تێڕوانینتەوە بۆی..

ئەلف میم لام بریتیە لە ئەلف لام میم..

کاتێک هیوا لەوپەڕی درەوشاوەییدا دەمرێت (لام) زاڵدەبێت بەسەر (میم)دا.. و شوێنی دەگرێتەوە..

..

هیچ کاتی نەویست جگە لەچەند خولەکێک تاکو ئازاد بیت و چێژ لەشنەبای نیویۆرک وەربگریت..

بەڵام من.. دوای زیاترلە دوو سەعات توانیم خۆم رزگار بکەم.. جانتاکەم چاوەڕێم بوو، لەبەختی باشم تایەکانی بە 360 پلە دەسوڕانەوە، چونکە توانای راکێشانیم نەبوو، بۆیە لەبەردەمی خۆمەوە پاڵم پێوە دەنا.. چونکە شکستەکەی تۆ لەپشتمەوە بوو..

کارتێکی چوونە ناو فڕۆکەو کورسیەکەم و رۆژەکەی و ژمارە حەوتم پێبوو کەژمارەی دڵخوازی منە.. ژمارەی بەختە ناتەواوەکەم..



Scanned with Can

## شوێنەکان

مەجنون دەڵێت:"مرۆڤ لەژیانیدا دوو جار لەدایکدەبێت: یەکەمیان لەئافرەتێکەوە کەئەو بێ سنور خۆشی دەوێت، دووەم ئافرەتێکە کەئەم بێسنور خۆشی دەوێت"..

هەرچەندە ئەوە یەکەم سەردانم نەبوو بۆ نیویۆرک..

بەڵام لەدوای کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە وادیارە هەموو شوێنەکانی تازە بوونەتەوە..

لەدوای خۆشەویستی سەردانی نیویۆرک بکەیت جیاوازە لەوەی پێش خۆشەویستی سەردانی بکەیت..

وەک ئەوە وابوو یەکەمجار بێت سەردانی (تایم سکوێر) بکەم.. گلێنەی چاوم فراوان دەبوو بەهەموو رەنگە جوانەکان و رووناکییەکان دڵخۆشیان دەکردم، نیویۆرک بەڵگەیە لەسەرئەوەی کات بوونی نیە، چونکە لەهەر کاتێکدا کۆمەڵێک کەس دەبینیت کە سەرسامن بەسێوە گەورەکە..

ئۆکتۆبەر تاڕاددەیەک گەرم بوو.. پلەی گەرما بەشەودا 17 پلەی سیلیزی بوو.. ئەمریکییەکان دان بەپلەی سیلیزیدا دەنێن..

هێندەی داننانی عەرەب بەفەڵەستین و غەززە کەهەموو



Scanned with Cam

ساڵێک دوای ئەوەی هەزار منداڵ دەمرن دروشمی سەرکەوتنی دەڵێینەوە..

من سەرزەنشتی ئیسرائیل ناکەم، چۆن عەرەب و موسڵمانان نەکوژێت لەکاتێکدا دەبینێت کەموسڵمانان موسڵمانان دەکوژن؟

ڕێزی کوڕێک دەگرێت کەلە باوکی بدات؟ ئەی ڕێزی برایەک دەگریت کەتانە لەبراکەی دەدات!

دوورلە ئازارەکانی عەرەب دەگەڕێینەوە بۆ نیویۆرک و هەوڵەکانی گەڕانم بۆ روخسارت..

لەناوەندی قەرەباڵغییەکەدا دەوەستم..

هەرچی دەبینم چێژی لێ وەردەگرم.. لەگەڵ هەموان هاوبەشی دەکەم بە زەردەخەنە..

چەند دۆلارێکم لەجانتاکەم دەرهێناو دەیبەخشمە هەر خستنەڕوویەک کەتۆی تێدا دەبینمەوە..

دۆلارێکم دا بەوێنەکێشێک لەبەرئەوەی بەبۆیاخە هەواییەکەی وێنەی روخساری ئافرەتێکی کێشا..

تۆم تێدا بینی..

دۆلارێکم دایە مۆسیقاژەنێکی ساکسیفۆن لەبەرئەوەی ئاوازێکی جوانی ژەنی.. گوێم لەدەنگی تۆ بوو..

دۆلارێکم بەخشییە جادوگەرەکە بەخێرایی جوڵەی دەستەکانی ناسرابوو.. هەڵاتنی تۆم بیرکەوتەوە..

دە دۆلارم دا بەو کچەی گوڵی دەفرۆشت و گوڵێکی سورو یەکێکی سپیم لێ وەرگرت.



Scanned with Cam

هەردوو گوڵەکەش پێشکەشی تۆ دەکەم..

کاتێک گەشتیارێک دەگاتە نیویۆرک، پێویستە سەعاتەکەی دەستی دابنێت، چونکە لێرە کات هیچ شوێنی نابێتەوە.. بۆیە سەعاتەکەم (شوبارد) لەژورەکەم جێهێشت و بەبێ ئەو هاتمە دەرەوە..

نیویۆرکم خۆشدەوێت، چونکە کاتی ئێرە بەویژدانترە لەکاتی ولاتەکەی خۆم..

لەولاتەکەی خۆم تەنها بەبیرکردنەوەیەکم خۆر ئاوادەبێت و رۆژەکە کۆتایی دێت..

بەلام لەنیویۆرک کاتێکی زۆرم لەبەردەمدایە بۆئەوەی هەرکارێک بکەم لەهەر کاتێکدا بمەوێت..

نیویۆرک بەشەوو بەڕۆژ هەریەکەیان جیهانێکی دیکەیە.. هەردوکیان جوانن..

هەریەکەشیان بەویژدانن، هەرکەس بەیانیی پێ خۆشبێت دەبینێت کەرێبواران بەپەلەن بۆ رۆیشتن بەرەو شەقامی "وولّ ستریت" بۆ مامەڵەکردن لەبازاڕەکانی دراوو تیمێکیش لەباخچەی (سێنترەڵ پارک) رادەکەن..

بۆنی قاوە "مانهاتن" دەگرێتەوە، لەشەقامی پێنجەوە بەرەو شەش و پاشان حەوت و دواتر (برودوای) دەیبرێت و سەرلەنوێ لە"تایمز سکوێر" خۆت دەبینیتەوە، بەلام دەبینیت جیاوازە لەوەی ئێوارە بینیوتە..

بەزۆرترین جوانی نییە.. یان بەکەمترین جوانی.. بەلام تەنها

جیاوازە..

نیویۆرک لەئێوارەدا لەمن دەچێت..

نیویۆرک لەبەیانیدا لەتۆ دەچێت..

نەمتوانی لەیەکێک لەشارە دڵخوازەکانمدا درێژە بەڕۆیشتن بدەم.. چونکە بەبێ تۆ جوانیی بینینەکەیم لەدەست دابوو.. دایکی خۆشەویستم هاتەوە بیر کاتێک لەوڵاتی نامۆییدا دەبووم بەردەوام دەیوتەوە (جێگات چۆڵە) و نەمدەزانی چۆن دەکرێت کورسییەکی بەتاڵم هەبێت و ڕۆژانی هەینیش ماڵەکەمان جمەی دەهات.. ئەو ڕۆژە زانیم کەجێگای چۆڵ ئەوە نیە کەسی تێدا نەبێت، بەڵکو چۆڵە لەچێژبینین لەبوونی کەسێک جگە لەتۆ..

ئەگەر خودا بۆی نووسیبم و جارێکی دیکە تۆ ببینمەوە پێت دەڵێم (جێگات چۆڵە)، سەرەڕای قەرەباڵغی و بوونی 8.5 کەسی نیشتەجێ لەڕووبەری 790 کیلۆمەتر چوارگۆشەدا، بەڵام شوێنی تۆ لەڕابردوو و داهاتوودا (چۆڵە).

دەتبینیم نامەوێت چێژ لەگەشتەکەم وەربگرم..

لەوانەیە مێشک و دڵم بڕیاریان دابێت سزام بدەن، بەهۆی شکستهێنانم لەبەدەستهێنانی دڵت..

فەرمانبەری پێشوازی لەئوتێلی (دەبلیو) پێکەنی بەڕوومداو گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم، بڕیارم دا داوا لەخزمەتکاری ژوورەکان بکەم خواردنی ئێوارەم بۆ بهێنێت، هەرچەندە بڕیار وابوو لە(شیک شاک) نان بخۆم کە لەوکاتەدا تەنها دوو لقی



Scanned with Can

هەبوو لەهەموو جیهانداو لقە سەرەکییەکەی لەنیویۆرک بوو (پێشئەوەی بەربلاو ببێت).. شەویش چێژ لەسجوقی بەناوبانگی نیویۆرک وەربگرم..

بەلام زۆر ئارەزووی خواردنم نەبوو.. زیندانی مان لەخواردن دەگرێت بۆئەوەی سۆزی دادوەرەکان بەدەستبهێنێت..

تۆش بەویژدان بە.. ئەی دادوەری بەڕێز..

..

بیرم دەکردەوە..

لەبیرکردنەوەدا ڕۆچووم..

من جگەرە ناکێشم..

بەلام ئێستا پیاوێکی جیاوازم..

چوومە دەرەوەی ئوتێلەکەو کەمێک ڕۆیشتم و لەبیناکان دوورکەوتمەوەو جگەرەیەکم داگیرساند..

سەیری پاکەتەکەیم کرد کەنووسرابوو: "جگەرەکێشان دەبێتە هۆی مردنی پێشوەختە". نەنکی تۆم بیرکەوتەوە.. جگەرەکەم فڕێداو بەپەلە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و ئایپادەکەم دەرهێناو دەستمکرد بەگەڕان بۆ ژمارەی پاشکۆی تەندروستیی کوێتی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..

پرسیارم لێکرد لەبارەی ژمارەی ئەو نەخۆشخانانەی لێرە کوێتییەکانی لێ چارەسەر دەکرێت..

سەردانی هەموو نەخۆشخانەکان دەکەم.. هەموو نەخۆشەکانیش کەپاداشتێکی تێدایە بۆ دنیا –بینینی تۆ–و

پاداشتێکی دوارۆژیشی تێدایە بۆ چاکەکان..

لەکاتی پەیوەندییەکانمدا پرسیارێکم لەخۆم کرد کەکارەکەی زۆر قورستر کرد..

چی دەبێت ئەگەر ئەنکی دایکی بێت.. ئەویش ڕەگەزنامەکەی سعودییە.. قورسیشە لەسەرم کەسەردانی هەموو نەخۆشە کوێتی و سعودییەکانی ناوچەکە بکەم.. پێویستم بەچەند مانگێک و زیاتریش دەبێت..

تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوو بووم و ئەنکتم دۆزییەوە.. لەکاتی سەردانیکردنیشیدا تۆ بەڕێگاوە بوویت بۆلای.. منیش ناتوانم لەیەک خولەک زیاتر لەلای نەخۆشێک بمێنمەوە..

ڕێگاچارەکانم لۆژیکی نەبوون.. ئەمسەرو ئەوسەری ژوورەکەم دەکرد لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەکەم و ئامێری قاوەکەم بینی و بیرم کەوتەوە کەچەند جار لەمیانەی گەشتەکانمدا قاوەم پێ دروستکردووە.. سەیر لەوەدایە کەپێش ئەم گەشتەم تەنها چەند قاوەیەکم پێ دروستکردووە کەشیاوی باسکردن نیە.. دەستم کرد بەئامادەکردنی کوپێک قاوە..

کافایین –ئالودەکەرترین چالاککەرەوەی یاساییە لەجیهاندا- هەستم پێکرد کەلێدانی خستەوە دەمارەکانمەوە، بەخێرایی بەرەو شوێنی ناکۆکییەکانی نێوان دڵ و عەقڵم وەک ئەوەی بەگوێیاندا بچرپێنێت..

-کەس ترسی نەبێت.. چارەسەر هەیە.



Scanned with Cam

خۆم بینییەوە کەسەرقاڵی پەیوەندیکردنم لەگەڵ هێڵی ئاسمانیی ئیماراتیدا..

-سڵاو.. من لەناو یەکێک لەگەشتەکانی ئێوەدا بووم وادیارە بەهەڵە مۆبایلەکەم لەگەڵ ئەو کچەی لەتەنیشتمەوە بوو گۆڕیوە..

بەئەنقەست ئەو درۆیـەم کرد بۆئەوەی داوام لێ نەکات ئەوەی دۆزیومەتەوە بیگەڕێنمەوە بۆ کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکە.. ویستم بەیەکەوە کۆمان بکەنەوە..

من ئـەو مۆبایلەت بۆ دەگەڕێنمەوە کەبانگەشـەی ئـەوەم کردووە لای منەو تۆش دڵم بۆ دەگەڕێنیتەوە..

ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ من کرد داوای لێبوردنی کرد لەوەی لەکورسییەکەی تەنیشتمەوە کەس دانەنیشتووەو منیش ناوی یەکەم و کورسیی یەکەمی تۆم پێدا..

دوای ئەوە دڵنیای کردمەوە کەناوی تۆی لەناو گەشتەکەدا دۆزیوەتەوە..

بـەخێرایـی کـوپـە قـاوەکـەم خــــواردەوەو دەسـتـمـکـرد بەئـامـادەکردنـی کـوپـی دووەم، لەکاتێکدا بــەردەوام بـووم لەپەیوەندییەکەم، وادیارە ئەوەی کافایین دەخوات با فێڵ بکات.

پاش چەند خولەکێک وەڵامەکە هاتەوە..

-داوای لێبوردنت لێدەکەم ناتوانم شێوازی پەیوەندیکردنت بەو گەشتیارەوە پێبڵێم، چونکە ئەوە نهێنیی بەکاربەرەکانمانە..

پرسیارم لەخۆم کرد ئایا پێش من کەسێک هەوڵی داوە شێوازی پەیوەندیکردن بەگەشتیارێکەوە بەدەستبهێنێت؟؟

ئایا کەسێک یەکێکی خۆشویستووە لەگەشتێکی پێشووتردا؟؟

بیانووم بۆ هێنایەوە بەوەی من زۆر پێویستم بەمۆبایلەکەم هەیەو ئەویش دڵنیای کردمەوە کەهەموو هەوڵێک دەدات، سودی پەیوەندیکردنی چی بوو؟

ئەوکات دڵنیادەبێتەوە کەئەو مۆبایلەی پێتە ئەوەی خۆتە..

هەر لەبنەڕەتەوە پەیوەندیکردنەکەی پێتەوە بەمۆبایلەکەت بەڵگەیە لەسەرئەوەی مۆبایلەکەت لەلای خۆتە..

دووبارە پەیوەندیکردنەوەشی بۆ مۆبایلە ونبووەکەم کەخۆم وەڵامی دەدەمەوە بەڵگەیە بۆئەوەی کە من عاشقێکی بێعەقڵم و درۆ نازانم.

کەوتمەوە بیری باوکم.. هەمیشە بەمنی دەوت.. درۆ مەکەو ڕاستی بڵێ، چونکە ئەوە سودت پێدەگەیەنێت، ئەگەر باجەکەشی هەرچییەک بێت..

بۆیە بڕیارم دا ڕاستییەکەی بڵێم..

-کاتت هەیە بۆ بیستنی ڕاستییەکەی؟

پرسیارم لێکردو کاتێ گوێی لەتۆنی دەنگم بوو بۆ ئەو چیرۆکەی دەمویست بۆی بگێڕمەوە، ئەویش تۆنی دەنگی گۆڕاو بەوپەڕی فەرمییانەو پیشەییانە قسەی دەکرد.

بۆم باسکرد کەچارەنووسم چۆن بووە کاتێک "ماریا" هات بۆلام.. هەروەها چۆن لەیەکەم بینینەوە خۆشمویستیت و فەرمانبەری پێشوازی گوێی لێبوو کاتێک وەسفی جوانیی تۆم دەکردو چۆن شەوێکی تەواوم لەنیویۆرک بەسەربرد لەگەڕان



Scanned with Can

بۆ هەر ڕێگایەک بمگەیەنێت بەتۆ.. پێموت کەمانەوەم لێرە تەنها بۆ حەوت ڕۆژەو تەنها شەش ڕۆژی ماوە.. دوای ئەوە هیچ چارەسەرێکم نابێت جگە لەوەی نەخۆشخانەکان بەسەربکەمەوەو بۆ هاوشێوەیەکی تۆ بگەڕێم لەتەمەنی حەفتاکاندا..

بەوپەڕی ساردوسڕی وەڵامی دامەوە کەئەو ناتوانێت یارمەتیم بدات بەوپێیەی سیاسەتی کۆمپانیای فڕۆکەوانی ڕێگای نادات نهێنیی بەکاربەرەکانی ئاشکرا بکات..

سوپاسم کرد لەسەر ئەو کاتەی پێیدام، چونکە پێویستم بەکەسێک هەبوو گوێ بۆ چیرۆکی خۆشەویستیم بگرێت بۆ جوانترین ئەوەی بەچاوەکانم بینیومە..

پەیوەندییەکەم داخستەوە..

لەم ساتەدا هیواکان مردن.. بڕیارم دا باوەڕ بکەم کەتۆ تەنها لاپەڕەیەکی جوانیت لەڕۆمانێکی 8030 لاپەڕەیی کەپێی دەوترێت (بێئومێدیی یوسف).. سەرەڕای خێرایی لێدانەکانی دڵم بەهۆی ئەدرینالین و کافایینەوە، بەڵام خەوم لێکەوت..

کاتێک ئەو کەسەی دەتەوێت بەڕاستی نەیبینیت ئەوا بەدڵنیاییەوە لەخەونەکانتدا دەیبینیتەوە..



Scanned with Cam

## 11:11

لەخەوە کورتەکەم هەستام.. سەرئێشەی بیرکردنەوەم هەبوو، خەو بۆکەمێکیش ئاسودەی نەکردم و تەنانەت لەخەوەکەشمدا لەنێو دەروونێکی پڕ دڵەڕاوکێدا بووم، بەڵکو خەوتنم بەجلەکانمەوەو بەبێ بەتانی و چەرچەفێکی فڕێدراو لەسەر زەوی .. سینیی خواردنەکەو پاشماوەی پەتاتە سورەوەکراوەکەو پاکەتێک کەچەبی هەڵنەپچڕاو –من هەرگیز حەزم لەکەچەب نییە- بەهۆی سەرئێشەکەمەوە کەوتبوونە سەر زەوی.

دەستمکرد بەرێکخستن و رێکوپێککردنی ژورەکە، سەرەڕای ئەوەی ئەم ژوورە 600 دۆلار لەسەرم کەوتووە بۆ یەک شەو، بەڵام داوام لەرێکخەرانی ژوورەکان نەکرد ژوورەکەم بۆ رێکبخەنەوە، چونکە من بیرکردنەوەکانم رێکدەخستەوە نەک جلەکانم..

چاوم کەوتە سەر کاتژمێرە ئەلیکترۆنییەکە لەسەر مێزی تەنیشت جێگاکە، کاتێک بووە سەعات 11ی ئێوارەو زەنگێکی بچوکی لێوە هات..

بۆ ماوەی یەک خولەک سەیری کاتژمێرە ئەلیکترۆنییەکەم دەکرد.. مێشکم لەهەوڵدا بوو بۆ پەیوەستکردنەوەو رێکخستنی



Scanned with Can

ڕووداوەکان، تادیمەنەکە گەڕایەوە بۆ ساتی فڕینی فڕۆکەکەو تامەزرۆیی بۆ ئارەزووەکەی 11:11.

بەخێرایی پەلاماری مۆبایلەکەم دا لەسەر جێگاکەو بەتانییەکەم بەرزکردەوەو مۆبایلەکەم چوو بەئاسمانداو بەرلەوەی بکەوێتەوە سەرزەوی گرتمەوە.. چونکە ئەوپەڕی پێویستیم پێی هەبوو..

بڕیارمدا کاتێک دەبێتە سەعات 11:12 و تەواودەبێت لەنووسینی ئارەزووەکەت بڕۆمە ناو گەڕانی تویتەرو بۆ جریوەکەت بگەڕێم..

بیرۆکەیەکم بۆ هات، وادیاربوو سەرنجڕاکێش بێت، بۆئەوەی دەستبکەم بەجێبەجێکردنی و هەموو عەیبەکانی گەردوونی پێ بدۆزمەوە..

هەربە نووسینی 11:11 لەبەشی گەڕاندا هەزاران جریوەم بینی..

بڕوام نەبوو جیهان پڕە لەشێتی وەکو تۆ..

بۆم دەرکەوت کەهەموو خۆرهەڵات ئارەزووی خۆی دەنێرێت و باوەڕیان بەم ئەفسانەیە هەیە..

گەڕام بۆ جریوەیەکی عەرەبی لەنێو ئەو جریوانەداو هیچ جریوەیەکی عەرەبیم نەدۆزییەوە، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئارەزووەکەت لەنێو ئارەزووەکاندا وەک گرتنی ئەستێرەیەک وابوو لەنێو ئەو هەموو ئەستێرەیەی ئاسمان..

ئێمە ئارەزووەکان بە کلکدارە کشاوەکانەوە دەبەستینەوە،



Scanned with Can

نەک بەئەستێرەکان، چونکە لەوانەیە ئەو ئەستێرەیەی دەیبینین ملیۆنان ساڵ بێت مردبن و ملیاران میل لەئێمەوە دووربن، بۆیە دواکەوتوون و زۆر دوورن، بەڵام کلکدارە کشاوەکان نزیکن لێمانەوە.. لەو ساتەشدا مردوون کەدەیبینین..

گەڕان لەنێو جریوەکاندا ئاسانتر بوو لەگەڕان بەنێو نەخۆشخانەکاندا..

- شەیتان خستییە دڵمەوە کەبچم بۆ یانەیەک و خۆم سەرخۆش بکەم، بۆئەوەی تۆم لەبیربچێتەوە..

شەیتانە بێعەقڵەکەم نەگەیشتبووە ئەوەی سەرکەوتوویێت لەپلانەکەیدا کەمۆبایلەکەم زەنگی لێداو ژمارەیەکی نامۆ پەیوەندیی پێوە کردم..

فریشتەیەکی دیکە بوو کەچارەنووس بۆی ناردم..

سەرلەنوێ فەرمانبەری هێڵەکە بوو.. بەڵام ئەمجارە لەڕێی تەلەفۆنە تایبەتییەکەیەوە پەیوەندیی پێوە کردم..

وتی ئێستا لەکارەکەی تەواوبووەو لەبەرئەوەی پەیوەندییەکان تۆماردەکرێن نەیتوانیوە یارمەتیم بدات، بەڵام زانیارییەکانی کچەکەو ژمارەکەی منی لەسەر کاغەزێک تۆمارکردووەو لەناو جانتاکەیدا حەشاری داوەو داوای لێکردم کەبەکەس نەڵێم، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی دەرکردنی لەکارەکەی..

لەدڵەوە سوپاسم کرد..

Thank you Thank you Thank you

پێکەنی و پێی وتم.



Scanned with Cam

Go find your love

ناونیشانەکەتی پێشکەشکردم و لەسیستەمەکەیدا هیچی دیکە نەبوو جگە لەشوێنی مانەوەت لەنیویۆرک..

ئەوە زیاتر بوو لەوەی من دەمویست..

پەیوەندییەکەم داخستەوەو خۆم فڕێدایە سەر جێگاکەو بەدەنگی بارز هاوارم دەکرد..

-بەڵێ!! بەڵێ!! لەکۆتاییدا..

ئەگەر فەرمانبەرەکە پیاو بوایە قسەکانم هەستیان نەدەجوڵاند.. ئەوەی نەدەکرد کە"ماریا" کردی..

بەدڵنیاییەوە ئەوەی نەدەکرد کەفەرمانبەری پەیوەندییەکانی کۆمپانیای فڕۆکەخانە کردی..

ئەگەر پیاوێک بوایە ئەوا خۆی هەوڵی دەدا دڵت بەدەستبهێنێت..

سوپاس بۆ خودا کەپێشوازیکەری ئافرەت بوو.. فەرمانبەری ئافرەت بوو..

سوپاس بۆ خودا لەسەر نیعمەتی ئافرەتان..

سوپاس بۆ خودا لەسەر (ت)ی ئافرەتان..

دوای ئەوەی لێدانەکانی دڵم ئاسایی بوونەوەو ئەدرینالین گەڕایەوە سەر ڕێژەی ئاسایی خۆی، لەخۆمم پرسی:

ئایا بەهۆی 11:11وە ئارەزووەکەم هاتەدی؟

باوەڕم بەئەفسانە نیە، بەڵام هەستم کرد کەمێک منەتباری 11:11م.



Scanned with Cam

پەروەردگار خۆی دروستکەری کات و شەوو ڕۆژە..

لەمێشکمدا بەرگریم لەو ئەفسانەیە دەکرد..

ئەوەش داهێنراوێکی تازە نییە.. دەکەوێتە سێیەکی کۆتایی شەوەوە..

ئەوەش ماوەی وەرگرتنی نزایە..

لەرەزامەندی و دڵخۆشیمدا نەمدەویست نکوڵی لەنیعمەتی ناونیشانەکەت لەنیویۆرک بکەم..

لەرەزامەندی و دڵخۆشیمدا دەمویست باوەش بەپەیکەری ئازادیدا بکەم..

لەرەزامەندی و دڵخۆشیمدا دەمویست بچمە نێو ریزی (فلاش مۆب)و بەشدارییان بکەم لەسەماکردن لەناوەندی (تایمز سکوێر).

لەخۆشیدا لەبیرم چوو خۆم ئامادە بکەم بۆ خولەکەی بەیانی کەئەوە هۆکاری ئامادەبوونم بوو لەلای سێوەکە.. سیاسەتی کارەکەم ئەوە بوو بەبرِوانامەیەکەوە بگەڕێمەوەو دوو سەعات لەشوێنی کارەکەم دوادەکەوم و هەر دواکەوتنێکی زیاترم دەبێتەهۆی بێبەشبوونم لەبرِوانامەکەو تیمی سەرچاوە مرۆییەکان رووبەڕووی لێپێچینەوەی یاساییم دەکەنەوە..

ئەگەر کارەکە بەدەستی من بوایە هەر لەم ساتەوە دەستم دەکرد بەگەڕان بەدوای تۆدا..

چەند حەبێکم خوارد کەیارمەتیدەرن بۆ خەوتن، لەبەرئەوەی خەوتن لەپاش شاگەشکەبوونی دڵخۆشی مەحاڵە..

حەبی خەوهێنەرو بیرکردنەوە لەتۆ دوو گرەنتی بوون بۆ کوشتنی من..

لەجوانترین ئـەو کاتژمێرانە بـوون کەتیایدا چاوەکانم داخستبوو..

هەستام و پێموابوو هەزار ساڵە خەوتووم..

بەتانییەکەم بۆ دوور فڕێدا.. بەخێرایی دەموچاوم شۆردو قژم ڕێکخست و کات نزیک بـووبـووەوە لەهەشتی بەیانی، خولەکەشم لەهەشتدا دەستیپێدەکرد، دڵم لەکاتی گەرماوکردندا ئاواتەخواز بوو کەئەو وانەیەی بۆی دەچم لەلایەن ئافرەتێکەوە بێت.. چونکە ڕێخۆشکەر دەبێت بۆئەوەی زوو وانەکە جێبهێڵم بۆ گەڕان بەدوای نیوە ونبووەکەمدا..

کراسەکەم دەرهێنا

Hugo boss

کەمۆر بوو لەگەڵ بۆینباخەکەم

hermes

کەسوور بوو

هەروەها پانتۆڵەکەم کەنازانم لەکوێ کڕیبووم و قایشە شینەکەم

Louis vuitton

لەگەڵ خۆم بردم و لەناو بەرزکەرەوەکە بەستم، لەبەختی خۆم شوێنی وانەکە لەناو ئوتێلەکەی خۆمدا بوو و لەکاتی گەیشتنم بۆ نهۆمی خوارەوە لاپەڕەی تۆمارکردنی ئامادەبوونم

بینی و بەرپرسەکە دۆسیەیەکی پێدام کەناوی خۆمی لەسەربوو، لەگەڵ ئەو بابەتانەی لەمیانەی خولەکەدا پێداچوونەوەمان پێدا دەکرد..

دۆسیەکەم هەڵگرت و بەخێرایی بەرەو لای راستی هۆڵەکە چووم، کەئالودەبوونە نوێیەکەمی لێبوو، و دەستمکرد بەتێکردنی کوپێک قاوەو شیرو کەمێک شەکرم تێکردو کافاییینم وەرگرت، کاتەکە زۆر بەهێواشی تێدەپەڕی و نزیکبوو دڵنیابم لەوەی ناکرێت خولەکەکانی چاوەڕوانی تەنها شەست چرکە بن..

خولەکێک لەچاوەڕوانیدا بریتییە لەدە خولەکی راستەقینە..

ئەمە لێکۆڵینەوەیەک بوو کەلەکاتی سەیرکردنی کاتژمێرەکەمدا هەستام بەنووسینی و بێتاقەتی گرەنتییە بۆ دروستکردنی بیردۆزو یاساکان، ئەگەر نیوتن خۆشەویستێکی وەکو تۆی هەبوایە ئەوا سێوەکەی پێشکەش دەکرد کاتێک کەوتە خوارەوە بەسەریدا..

ئەوکات یاسای کێشکردنەکەی بەدەوری بەدەستهێنانی دڵی تۆدا دەسوڕایەوە..

بەڵام سەیرکردنم بۆ کاتژمێرەکەم سەرچاوەی هیوام بوو.. وایکرد بتوانم ئارام بگرم و خەون بەژیانێکی پەمەییەوە ببینم..

وێنەکەم لەگەڵ تۆ کەبەشەرمێکەوە زەردەخەنە دەکەیت وایکرد ئەندرۆفینی لەشم بگاتە لوتکەی.

بەڵێنم بەخۆم دا دوای ئەوەی تۆ منت خۆشویست هیچ رۆژێک تێنەپەڕێت کەبە مۆبایلەکەم وێنەیەکت نەگرم.. دەمەوێت



Scanned with Cam

ببینم کەڕۆژانە لەبەرچاوم بچوک ببیتەوە..

کچ ئەگەر خۆشەویستی کرد رۆژانە بچوک دەبێتەوە.. ئەگەر شکستیشی هێنا لە خۆشەویستی -دووربێت لەمن و تۆ- لەیەک رۆژدا دە ساڵ گەورە دەبێت..

ئەوە من داوا لەخودا دەکەم خراپەی جیابوونەوەمان لێ دووربخاتەوە، ئەگەرچی هێشتا بەیەک نەگەیشتووین..

چونکە توانای گێڕانەوەم هەبوو بۆ گێڕانەوەی (میم) بۆ پێش (لام)..

خوداش لەجێی گومانی باشی مندایە..

کاتێک کاتژمێرەکە ئاماژەی بۆ 11:11ی بەیانی دەکرد، سەرلەنوێ تۆم بیرکەوتەوە.. بەیانیان ئارەزووی تێدا نیە، بەڵام من دووبارە ئارەزووی تۆم کرد..

وانەبێژەکە بەڕووماندا پێکەنی کاتێک وتی

Because it's day one I'm letting you ladies and gentlemen leave early

ئەی ئاقڵەکان..

بەرلە تەواوکردنی رستەکەی لەدەرگای هۆڵەکەوە چوومە دەرەوە بۆ گەشتی بەدەستهێنانی دڵت.

Would you mind falling in love with me? I have never thought i would love someone the way I love you.. You would probably ask: How could someone love someone they don't know? Who



Scanned with Can

said I don't know you? You don't need more than a flight to New York to love a woman..

You don't need more than seeing her asleep and your heart hugs her till she wakes up to love a woman.. You don't need to know a woman to love her.. All you need is that goose bump you get when you see her dimple.. All you need is a cup of coffee, the shock of Caffeine will always remind you of her. I don't need to explain why I loved you, because i will be busy trying to explain to you why you should love me back.. If you will ask me about my past I would love to tell you that my past ended the second I saw you and now i only think about the future.. My future will be a past if you are not part of it. I would never leave New York City without You..



Scanned with Can

## ئەی دزی دڵ

مەجنون دەڵێت:"دزینی دڵ تاوانێکە کەیاسا سزای بۆ دانەناوە، بەڵکو چارەنووس سزای بۆ داناوە".

گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم.. چاکەتەکەم لەگەڵ خۆم بردو چوومەدەرەوە.. بەدەنگێکی بەرز هاوارم کرد (تەکسی).
بینیم ئۆتۆمبێلێکی زەرد لەبەردەممدا وەستا.. بەزەییم بەو کەسانەدا دێتەوە کەدەژین و سەردانی نیویۆرکیان نەکردووەو لەناوەڕاستی شەقامدا هاوار بکەن "تەکسی".
لەگەڵیدا سەرکەوتم و شۆفێرەکە بەڕەگەز سۆماڵی بوو..
-بۆکوێ؟
دەمویست ئەو ڕستە بەناوبانگەی ناو فیلمەکانی پێبڵێم، بکەوە شوێن ئەو ئۆتۆمبێلە، بەڵام دەیگۆڕم بەشوێن دڵم بکەوەو دەزانیت لەکوێیە..
-باوەڕت بەخۆشەویستی هەیە؟
پرسیارم لێکرد.
بەپێکەنینەوە وەڵامی دامەوە:
-باوەڕم بەهیچ نییە خۆشەویستی نەبێت.

لەوانەیە شۆفێری تەکسییەک لەنیویۆرک داناتربێت لەهەزاران کەس کەبانگەشەی دانایی دەکەن.

ئەو لەڕۆژێکدا هاوسەردەمی سەدان کلتور دەبێت و سەردانی دەیان وڵات و شار دەکات لەکاتێکدا هەرگیز سێوەکەی جێنەهێشتووە..

ناونیشانەکەتم پێدا کەلەسەر کاغەزێک نووسرابوو و ئاوڕی بۆ دامەوەو پرسیی:

-چیتە؟

سەرم سوڕما لەپرسیارەکەی!

-هیچ.. بۆچی؟

-کەواتە بۆچی دەتەوێت بڕۆیت بۆ نەخۆشخانە؟!

-ئا..نا!! دەمەوێت سەردانی هاوڕێیەک بکەم.

پێکەنی و بەگاڵتەیەکەوە وتی:

-بۆنی خۆشەویستی دەکەم..

ڕێی تێدەچێت خۆشەویستی بۆنی هەبێت؟!!

ئەگەر بەڕاستی خۆشەویستی بۆنی هەبوایە پێموایە بۆنەکەی هاوشێوەی تێکەڵەی بۆنی عوتورو میسک و کرێم دەبوو

Japanese cherry blossom

تێکەڵ بێت لەگەڵ

Victorias secrets midnight dare body wash

لەگەڵ ئەو تێکەڵە نهێنیانەی دیکەت کەلەخۆتیان دەدەیت..

-خۆشەویستییەکی ڕەق و ئازاربەخشە

-بۆچی؟

-کچێکم خۆشویستووە کەنایناسم

جوانیەکەی لەوەدایە من لێرە بەبێگانەکان دەورەدراوم و دەتوانم ئەوەیان بۆ باس بکەم کەناتوانم لەوڵاتەکەی خۆم بەهاورێکانمی بڵێم..

بێگانەکان وانیشان دەدەن کەگرنگیی پێنادەن، بەڵام گوێ دەگرن..

هاورێکانیش وانیشان دەدەن کەگوێ دەگرن، بەڵام گرنگیی پێنادەن..

بەشێوەیەکی شێتانە دەستیکرد بەلێخورین، وەک ئەوەی بەراستی بەشوێن ئۆتۆمبێلێکەوە بین کەلە دەستمان هەڵهاتووە.. زەردەخەنەیەکی بۆ کردم.

-لێرە بەمشێوەیە شۆفێری دەکەین..

زەردەخەنەیەکم بۆ کرد.

-لەهەموو شتێکدا حەزم لەشێتییە..

خۆم لەبەردەم نەخۆشخانەی نیویۆرک بینییەوەو سەد دۆلارم بەخشییە شۆفێرەکەو داوام لێکرد باقیەکەی هەڵگرێت بۆ خۆی کەئەم بەخشندەییە وایکرد پێش رۆیشتنی هاوار بکات.

-ئاواتەخوازم بیدۆزیتەوە.

سەیری ئۆتۆمبێلەکەیم کرد کەدەرۆیشت و منیش پێدەکەنیم..

گەران بۆ تۆ لەنەخۆشخانە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام لەناکاو بروام وابوو گەران بۆت لەناو نەخۆشخانەیەک زۆر



Scanned with Cam

ئاسانترە لەگەڕان بۆت بەناو هەموو نیویۆرکدا..

چوومە ناو نووسینگەی پرسگەو دەستم بەدرۆکردن کرد..

-من بەرپرسی لیژنەی هاوبەشی نێوان باڵیۆزخانەی سعودیەو کویتم بۆ سەردانی نەخۆشەکانی ئێرە..

پێشبینیم کرد فەرمانبەری پێشوازی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکات، بەڵام پێکەنی و وتی ئەوە شتێکی جوانە لەوڵاتەکەمدا سەردانی نەخۆش بکرێت و لیستێکی ناوەکانی پێشکەش کردم کەپانزە ناوی تێدابوو و چاوم چووە سەر ناوەکەت!!

لەپشتی نەنکتەوە ناوت هێنراوە!!

کارەکە چەند ئاسان بوو لەچاو ئەوەی رابردوو..

پرسیارم لەفەرمانبەرەکە کرد لەبارەی نەنکتەوە، لەپاش وردبینی وتی: پاش نیو سەعات لەبەشی نەخۆشانی شێرپەنجە ئامادەدەبێت بۆ سەردانیکردن..

بەخێرایی رۆیشتم بۆ بەشی شێرپەنجەو بەدزییەوە ناوی نەنکتم لەبەرکردو پاش رۆیشتن بەڕارەوەکاندا شوێنەکەم دۆزییەوەو دەستم بەپرسیارکردن لەبارەیەوە کرد..

یەکێک لەپەرستارەکان لەبارەی پەیوەندیم پێیەوە پرسیی.

وەڵامم دایەوە بەوەی یەکێکم لەنزیکەکانی.

سەرسوڕمانی پێوە دیاربوو، سەرلەنوێ گەڕایەوەو گوێم لێبوو لەگەڵ یەکێکی تر قسەی دەکردو دەیوت:

-وابزانم وتت کەس سەردانی ناکات.. میوانت هەیە.. بەخێرایی رووی وەرچەرخاند..

تۆم بینی..

-یوسف!!!

ئای ناوی من چەندە جوانە لەدەمی تۆدا.. بڕوام وانەبوو منت لەبیر مابێت..

هەروەها نازانم چی وەڵام بدەمەوە ئەگەر پرسیار بکەیت ئەم گوڵە بۆ تۆیە یان بۆ نەنکت..

-چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟!

هیچ درۆو بیانوویەکم بەدەستەوە نەما.. نەمدەویست بەدرۆ پەیوەندییەکت لەگەڵ دروستبکەم تەنانەت ئەگەر درۆی سپیش بێت..

-لەبەر تۆ هاتووم..

شۆکم لەڕوخسارتدا بینی.

-چی!!!

-لەوێشەوە سەردانی نەنکت بکەم و دڵنیا ببمەوە لێی.

پێکەنیت بەچاڵی سەر ڕومەتتەوە -سوپاس بۆ خودا-.

-وەرە لەگەڵم.

وادیار بوو زۆرباش شارەزای نەخۆشخانەکە بوویت و منت برد بۆ باخچەیەک لەدەرەوەی نەخۆشخانە، وادیاربوو نەخۆشەکان بۆ چارەسەرو گۆڕینی هەوا دەچوونە ئەوێ.

گوڵێکم پێشکەش کردیت کەکارتێکی لەسەر بوو لێی نووسرابوو -بەبێ هۆ-.

-ئەوە بۆ نەنکمە؟



Scanned with Can

پرسیارت کردو دەتزانی ئەوە بۆ تۆیە.

-ئەگەر بۆ نەنکت بوایە لێی دەنوسرا "ناخۆشی نەبینیت".

-نیویۆرک چۆن بوو لەگەڵت؟

ئای بەدەرونێکی ئارامەوە قسەت دەکرد، وەک ئەوەی سەردانت بکەم و پاش چەند خولەکێک بڕۆم و نەزانیت کەهەرگیز ئێرە جێناهێڵم..

-ئەو کچەی لەناو فڕۆکەکە لەگەڵم بوو بیرکردنەوەی لێ دزیم..

-دەکەویتە شوێن هەموو ئەو کچانەی لەناو فڕۆکە لەتەنیشتتەوە دادەنیشن؟

بزواندنی تێدابوو، تۆ دەتزانی چۆن قسە بکەیت..

-پێم نەوتیت من هەمیشە بەتەنها گەشت دەکەم و کورسیی تەنیشتم بەچۆڵی جێدەهێڵم؟

پێکەنیت و ئامادەکاریت دەکرد بۆ گاڵتەکردن لەگەڵ خۆت، وەک ئەوەی لەدڵتەوە ئەوەت وتبێت و زۆر بەلاتەوە گرنگ بێت.

-وادیارە کۆمپانیای فڕۆکەوانییەکە خۆیان ڕێگایان نەداوە کەس لەتەنیشتتەوە دابنیشێت، نەوەک دوای گەشتەکە بکەویتە شوێنی.

..

گاڵتەیەکی بریندارکەر.

"ئەی گوڵ کێ فێری کردیت خەڵک بریندار بکەیت".

هەندێک لەوشەکان وەک پریشکێکی تێپەڕیون، کەدیواری دڵ

دەبڕن و لەجەستەوە دەردەچن، وەک ئەوەی هیچ ئازارێکیان دروستنەکردبێت..

هەندێک لەوشەکان لەشمشێری ئیغریقی (سپارتا) تیژترن، بەچاوتروکانێک خەنجەری وشەی نزیکەکان بەسن بۆئەوەی هەموو شتێکمان تێدا بکوژن..

هەندێک لەوشەکان دروستکراون بۆ بریندارکردن..

کردارێکی رانەبردوون، داڕێژراون بەدڵڕەقی..

ئامرازی دڵڕەقین..

بکەرێکی دڵڕەقن و نیشانەی دڵڕەقییەکەیان (قسە)یە..

سیفەتێکی دڵڕەقانەیە دەگەڕێتەوە بۆ بکەر..

ڕەقەو بریندارە، نیشانەی برینداربیەکەی (بێدەنگی)یە.

..

هیچم نەوت چونکە بێدەنگی لەلای جوان جوانە..

-بەخودا توڕە دەبم لەگەڵ تۆ..

بریندارکردنەکەت جوانە.. وادیارە قسەکانت (تیژن)، بکوژن، بەڵام نەرمن و بەوپەڕی ئاسودەیی لەلێوەکانت دەردەچن.. کارەکە بەکەمترین زیانی پێشبینیکراو رادەپەڕێنن..

-کاتژمێرێک لەکاتی تۆم دەوێت..

پێکەنیت بەڕومداو چاڵەکانی رومەتت هانیان دەدام بۆئەوەی ماچیان بکەم.

-پێتوایە کاتژمێرێک بەس بێت بۆئەوەی بکەومە خۆشەویستی تۆوە؟



Scanned with Cam

بەمتمانەوە وەڵامم دایەوە:

-دوو کاتژمێر باشترە..

-ژمارەی مۆبایلەکەم و هیچ زانیارییەکت لەبارەی خۆمەوە پێ نادەم..

-کەواتە چۆن یەکتر ببینین؟

چەند چرکەیەک بێدەنگی..

چەندین ساڵ لەشەیدایی..

بیرکردنەوەکان هەڵدەقوڵێن..

دڵ بەخێرایی لێیدەدا..

مێشک مانگرتنی سەرتاسەری رادەگەیەنێت بەرامبەر هەموو هەستەکانی وڵاتی جەستەمدا..

زمانم شۆڕشی بەسەر فەرمانڕەواکەیدا کرد کەمێشکمەو جێنشینەکەی کەدڵمە.

-ئێستا رێکدەکەوین ئەگەر بڕیارت دا ئامادە نەبیت ئامادە مەبەو بەڵێنت پێدەدەم کەچیتر سەردانی نەخۆشخانە ناکەمەوە.

بەڕوویەکی بێتاوانانەوە لێت پرسیم:

-قسەی پیاو؟

بەوپەڕی سووربوونەوە وەڵامم دایەوە:

-قسەی پیاو.

-کەواتە سبەینێ یەکتری دەبینین.. لەشەقامی پێنجەم من دەبینیت..

-لەکوێ بەتەواوی؟

-ئەم لەبەردەم فرۆشگای ڕۆلێکس.

-کەی؟

-کاتژمێر حەوتی ڕێک..

-باشە..

-چاکەتەکەم هەڵگرت و دەستم درێژکرد بۆئەوەی تەوقەت لەگەڵ بکەم.. و دووبارەت کردەوە:

-ئەگەر من نەهاتم.. ئیتر تۆش نایەیتەوە بۆ ئێرە ڕاستە؟

-ڕاستە.

کاری خۆشەویستی سەیرە..

کارێکی کرد ببمەوە بەمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو کەدەستی دەخاتە سەر ڕوخساری بۆئەوەی پاشماوەی عەترەکەت بۆن بکات..

کاری خۆشەویستی سەیرە..

بۆ چەند چرکەیەک تەوقەت لەگەڵ کردم.. وەک ئەوەی دەستم هەرگیز دەستت بەرنەدات..

کاری خۆشەویستی سەیرە..

کاتێک بەشوێنیدا دەگەڕێین ئەو نایەت.. کەمتر لەشوێنە پێشبینیکراوەکان سەردانمان دەکات..

کاری خۆشەویستی سەیرە..

وایکرد هەست بکەم من لەهەموویان بەبەختترم.. تەنها بەدیدارم لەگەڵ تۆ..

کاری خۆشەویستی سەیرە..



Scanned with Can

وادەکات جوانی ببینم بەسادەترین پێداویستییەکانی جیهان..

..

کاری خۆشەویستی سەیرە..

تەنها ئەوانە سەردەکەون کەباوەڕیان پێی نییە..



Scanned with Can

## ئەی چاوەڕوانیم

مەجنون دەڵێت:"پیاو ئەو یەکەم کچەی لەبیر ناچێتەوە کەهیواکانی نەهێشت"..

سبەینێ هات و پێموانەبوو کەبێت..

هەموو ئەو گۆرانییانەی دوێنێ دەوروخولیان دەدام ئەمڕۆ بوون بە(گۆرانییەکانمان).

چونکە ئەو یادگارییە جوانانەی تیایدا دەژین، پێویستیان بەوە نییە تۆ وەک خۆت لەگەڵم بیت..

من هەرلە یەکەم سەرەتاوە تۆم لەگەڵ خۆم بۆ هەموو شوێنێک بردووە..

"ئەی دوور بەمەودا.. ئەی نزیک بەهەست".

ئەگەر دنیا دادپەروەر بوایە، ئەوا بەسەر ئەو کەسەی خۆشماندەوێت و شەیدای بووین دەیسەپاند کەبەهەمان بڕ شەیدا بێت و خۆشی بوێین..

..

ئەگەر دنیا دادپەروەر بوایە، ئەو کەسەی بووەتە هۆی شەونخونیمان نەیدەتوانی خەوی لێبکەوێت..

..



Scanned with Cam

ئەگەر دنیا دادپــەروەر بوایە، شیوەنی خەمت لەنووسینەکانمدا نەدەبینی..

"ژیان سەیرە"م دەنووسی..

ئەگەر دنیا دادپەروەر بوایە، لەسەر دیواری ڕاڕەوەکان پیتەکانی خۆشەویستیم نەدەنووسی..

..

ئەگەر دنیا دادپەروەر بوایە، ئەوا ئەرکی من لەدنیادا ئەوە دەبوو تۆ بکەمە بەختەوەرترین دروستکراوی خودا..

..

بۆ جاری دەیەم چوومە بەر ئاوێنە..

ڕاهێنان لەسەر ژوانەکەم لەگەڵ تۆ دەکەم..

چۆن پێشوازیت لێبکەم..

چۆن تەوقەت لەگەڵ بکەم..

چی بڵێم..

چی بکەم..

چەند دەقێکم داناوە بۆ وشە بزوێنەرەکانت..

ژوانی یەکەم لەگەڵ تۆ بەو هەرەمەکییەی فیلمە ڕۆمانسییەکان نییە..

بەڵکو یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە..

منیش بەڕێوەبەری گشتیی تیمەکەمم و پلانە بەرگریکارانەکەم هەوڵدەدات ڕێگا لەهێرشەکانت بگرێت، بەڵکو لەخولەکەکانی کۆتاییدا گۆڵێک تۆمار بکەم و کاسی خۆشەویستیت ببەمەوە..

..

تۆ ئافرەتیت، بەختەوەرکردنی ئاسان نییە.. منیش پیاوم کە دوو جار هەل لەدەستنادات..

تۆ ئافرەتیت، کەلەهەموو (ن- نون النسوة)ی ئافرەتانەکانی تر کۆی نێر (جمع المذکر السالم) دروستدەکەیت.. منیش پیاوم.. کۆیەکەم تێکشکانە (جمع التکسیر)..

من پیاوم کەناکەوێتە خۆشەویستییەوە.. لەبارەیەوە دەنووسێت و باسی دەکات، بەڵام هەستی پێ ناکات..

وەک پزیشکێکی راهێنراو لەژووری فریاکەوتن وەسفی ئازارەکە دەکات، وەک ئەوەی خۆی تووشی هەمان نەخۆشی بووبێت..

بەڵام پزیشک پێویستە پێگەیشتوو و عەقڵانی بێت..

منیش تەنها ئەوەندە عەقڵم هەیە کەسادەترین بابەتە حسابییەکانی پێ شیکار بکەم..

..

من پزیشکی خۆشەویستیم کەتووشی نەخۆشیی عەشق بووە دوای چەندین ساڵ لەپشکنینی عاشقەکان و تێگەیشتن لەئازاریان..

من راوێژکارێکی کۆنم لەخۆشەویستیدا، ئازارێکی جوانی گەدە نابەستێتەوە بەدڵەڕاوکێ و ترس و ئەو پەپولانەی کەشیلەی کۆئەندامی هەرس دەگوێزنەوە، تائەوکاتەی خۆی تووشی نەخۆشییەکە نەبێت..

..



Scanned with Cam

چی دەبێت ئەگەر بەدڵەکەم (ئەرمانی) لەبەربکەم.. بۆینباخەکەم (گوتجی)، تەنانەت پێڵاوەکانم (تودز) -خوا سەربەرزت بکات- و سمێڵیشم لە (بۆل سمیس) بێت، ئەگەر ئاقڵ بوومایە (دلاغ)ێکم نەدەکڕی بە 15 دۆلار.. "بابەتی ئێمە نیە" کاتژمێرە (برایتلنگ)ەکەم لەجانتاکەم دەرهێنا.. بۆنێکی (فێرس)م لەخۆم داو چاکەتەکەم هەڵگرت و بەرەو ژوانەکەم بەڕێکەوتم..

تۆش هاتیت و پۆشاکێکی وەرزشیت لەبەردابوو..

What if..

I came all dressed up, thinking it was an official date and saw you in those VS Pink training pants..

ئەی شێخ زۆر قۆزیت

What if..

You thought this was just two friends enjoying NYC. Well you should know better than that..

New York City is not a friends zone.. New York City is where you go to fall in love..

PERIOD!!

لەگەڵ خۆم ڕێکەوتم ئەگەر ژووانەکە بەڕاستی ژووان نەبوو..

دیدارێکی برایانە بوو، ئەوا وای نیشاندەدەم کە لەکۆبوونەوە



Scanned with Can

بووم و خۆڕازاندنەوەکەم بۆ تۆ نییە..

لەئوتێلەکە چوومە دەرەوەو سەعات شەش و نیو بوو..

کەمێک ڕۆیشتم تاکو گولفرۆشەکەم دۆزییەوە..

وەستانی ئەو هەموو پیاوە لەبەردەم ئەو فرۆشگا بچوکە سەرسامی کردم..

هەموویان تازە کاریان تەواو بووبوو و بەبێ چەپکێک گوڵ ناگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە..

هەندێکیان بەبۆنەیەک و زۆرینەشیان بەبێ بۆنە..

چۆن ئەوەم زانی؟

هەرکەس بەخێرایی گوڵەکە بکڕێت بەبێ پرسیارکردن لەجۆرو نرخەکەی ئەوە بۆنەیەکی هەیە..

ئەوەش کەدەردەکەوێت لەسەرخۆ گوڵەکان هەڵدەبژێرێت ئەوە بۆنەی نییە..

جوانترین چەپکەگوڵیش ئەوەیە بەبێ هۆ بێت..

..

کاتم بەرەو کەمبوونەوە دەچوو..

شەش و چل و پێنج خولەک..

..

-چەپکە گوڵێکی جوانم دەوێت..

فرۆشیارەکە سەیری هاوسەرەکەی دەکات کەکاری لەگەڵ دەکات و وەڵام دەداتەوە:

-هەموو گوڵەکان جوانن.. تەواو وەکو ئەو (هاوسەرەکەی)..



Scanned with Cam

هەر ڕۆژێک گوڵێکی جیاوازە..

هاوسەرەکەی بەپێکەنینەوە سەیری کردم..

-وادیارە تۆ بەرەو یەکەم ژووانت دەچیت.. وادیارە بەڕاستیش گرنگیی پێدەدەیت..

هەستی ژنان هەرگیز هەڵە ناکات.. تەنانەت ئەگەر خۆشەویستییەکە بۆ ئەویش نەبێت..

-چۆن ئەوەت زانی؟

پێکەنی و سەیرێکی هاوسەرەکەی کرد..

-چل ساڵە باوکم ئەم فرۆشگایەی هەیەو لەنۆ ساڵیمەوە کاری لەگەڵ دەکەم..

دەتوانم هۆکارەکان بخوێنمەوە..

چەپکێک گوڵی بۆ هەڵبژاردم و پێیوتم:

سوورەکە پێیدەڵێت کەتۆ شەیدایت..

سپییەکەش پێی دەڵێت تۆ دەبیتە هاوڕێی..

ئەو پێویستی بەعاشقێک و هاوڕێیەک هەیە..

سەد دۆلارم لەجانتاکەم دەرهێنا..

باقییەکەیان پێ نەبوو.

پێموتن هەمووی هەڵبگرن..

بینیم نکوڵییان کرد..

ئەوەی لەگەڵ گوڵ بژی وەک ئەوە نییە کە لەگەڵ مرۆڤ دەژی..

پارەکەی بۆ گەڕاندمەوەو پێمی وت:



Scanned with Can

-هەرکات هاتیتەوە بۆ کڕینی گوڵ بۆ ژووانــی دووەم پارەکەی بدە..

ئای لەدڵەوە هاوارم کرد..

بەگەشبینییەوە رۆیشتم و (برایتلینگ)ەکە پێیوتم کەدوو خولەکم ماوە..

سەعات حەوتی ئێوارە گەیشتمە شوێنی ژووانەکە..

کۆمەڵێک فرۆشگای زێڕو رازاندنەوەو کاتژمێرم بینی، جگە لە(رۆلێکس).

لەکوێیە؟!!

ئاوڕم دایەوە وەکو باوکێک کەلە قەرەباڵغییەکدا منداڵەکەی لێ ون بووبێت..

پاسەوانی یەکێک لەفرۆشگاکانم بینی..

-بەڕێز فرۆشگای "رۆلێکس" لەکوێیە؟

-ئەو لەوبەرە.. زۆرکەس لەناونیشانەکەدا دەکەونە هەڵەوە.. پێموابێت لەوێ بوو..

-نەفرەتی خودا لە (گوگڵ ماپس).

-دە خولەک لێرەوە دوورە..

-دە خولەک!!!!

لەهەر رۆژێکی دیکەدا بێت دە خولەک تەنها 600 چرکەیە، بەڵام ئەمڕۆ وەکو 600 ساڵ وابوو..

بەچەپکە گوڵەکەمەوە دەستمکرد بەڕاکردن بەشکو ..

خۆم دەکرد بەناو ڕێبواران و قەرەباڵغییەکەم دەبڕی..

پلانی هێرشکردنم دەستپێکردو جگە لەگەیشتن هیچم نەدەویست..
لۆگۆی سەوزی "رۆلێکس"م بینی لەدووریی چەند مەترێکەوە..
سەرەڕای ساردیی کەشوهەوا، بەڵام من وامدەزانی لەبیابانی (ربع الخالی)و لەنیوەڕۆ مانگی هەشتدا رادەکەم..
تۆ ئەو تراویلکەیە بوویت کەکاتێک گەیشتمە شوێنی دیدارەکە نەمبینیت..
مۆبایلەکەم دەرهێناو کاتژمێرەکەی ئاماژەی بۆ حەوت و هەشت خولەک دەکرد..
تۆش ئافرەتیت و هەشت خولەک چاوەڕێ ناکەیت..
بگرە تۆ ئافرەتیت و هەرگیز چاوەڕێ ناکەیت..
وردە وردە ئەو بێهیواییەی تۆم دەبینی کاتێک دێیت و من نابینیت..
وەستام و چەپکە گوڵەکەشم پێبوو..
ئەمجارە هەڵەکە لەبەختەوە نەبوو..
بەڵکو هەڵەی من بوو..
دەبوو چەند سەعاتێک پێشتر لەئوتێلەکە دەربچوومایە..
پێویست بوو لەسەرم لەبەردەم فرۆشگاکە بمامایەتەوە وەک چۆن هەندێک دەوەستن بۆ دەستکەوتنی مۆبایلی ئایفۆنی نوێ..
بەڵێنم پێدایت کەجارێکی دیکە سەردانی نەخۆشخانە ناکەمەوە..



Scanned with Cam

چی دەبێت ئەگەر سەردانت بکەم..

وەڵامی تۆش ئەوە دەبێت کەهەر لەبنەڕەتەوە سەردانی شوێنی دیدارەکەت نەکردووە..

(خۆم دەخەمە هەڵوێستی ناخۆشەوە).

ئافرەتانی ڕێبوار زەردەخەنەی بەزەییان پێشکەش دەکردم..

نازانم ئایا شێوەی بێهیوایی لەسەر روخسارم ئاشکرا بوو، یان تەنها پێشبینیی ئافرەتانە بوو کەهێشتاش بۆیان دووپات دەکردمەوە کەهەرگیز هەڵە ناکات..

وەستام و کاتیش بەخێراییەکی خەیاڵی تێدەپەڕی..

حەوت و بیست خولەک..

حەوت و سی خولەک..

حەوت و چل خولەک..

## ژوانی لەدەستچوو..

سەیری کاتژمێرەکەم کرد.. بۆ دواینجار..

(تەواو دوایین پێنج خولەکەو رازیم بەدۆڕان).

خولەکێک تێپەڕی و بەیادگارییەکانمدا دەچوومەوە..

ژمارەی ئەو کچانەی لەژووانەکانمدا بەڵێنم نەبردووەتە سەرو تەنانەت بێ پەیوەندیکردن..

ژمارەی ئەو کچانەی درەنگ گەیشتوومەتە ژووانەکەیان و بینیومە چاوەڕوانن..

ژمارەی ئەو کچانەی دڵیانم شکاندووەو بەهۆی وشکی و فەرامۆشکردنیانەوە لەلایەن منەوە..

ژمارەی ئەو کچانەی هەوڵم داوە خۆشم بوێن بەهۆی ئازاری ویژدانی خۆشەویستی ئەوان بۆ من..

تۆ (خۆشەویستی) هەموو ئەو کچانەیت؟

سزا لەجۆری کردارە..

سەرم بەرزکردەوە..

بەچاوتروکانێک ئەو رێگایەی لەڕێبواران جمەی دەهات کەسی تێدا نەما..

چاوم رووناکییەکی بینی..



Scanned with Can

لەناو..

گەڕەکەکەی رووناک کردەوە..

هەنگاوەکانی خێراتر دەکات..

رێی تێدەچێت ئەو بێت؟!

لەدوورەوە وەستایت.. ترست هەبوو لەوەی تەنها خەیال بێت.. تراویلکە.. مۆبایلەکەت دەرهێنا.. ئەو روناکییەی لێوەی دەرچوو بەڵگە بوو کەئێستا وێنەیەکی منت گرت..

لەبەردەممدا وەستایت..

پێزانینت هەبوو بۆ سەیرکردنم بۆت..

هەنگاوێک چوویتەوە دواوە..

لەوپەڕی جوانیدا بوویت..

Your ballet aquatique scare from hermes

نەخشەکانی ئەفسانەیەکیان دەگێڕایەوە کەئەفسونێک لەگۆرانیی خواوەندی دەریادا هەیە، کەوادەکات دەریاوانەکان لەناوەڕاستی زەریادا خۆیان فڕێبدەنە ناو ئاوەکەوە، بۆ گەڕان بەدوای ئەو دەنگە سازگارەدا..

Your crown undone braid hair style

پێشتر شێوازی تەسریحەکەی قژتم بەکچێکی خۆرهەڵاتییەوە نەبینیوە، شێوەت لەکچی پاشای فیلمەکانی "دیزنی" دەچوو..

A white skinny jeans with a long lv jacket

شاراوە بوویت و هیچ شوێنێکی جەستەت بەدەرەوە نەبوو، تەنانەت خۆداپۆشینەکەشت فیتنەیە..



Scanned with Can

Your red rockstuds valantinos

بەرەورووم هاتیت، وەک ئەوانەی جلوبەرگ دەخەنەڕوو، کەدرەنگ کەوتوویت لەکردنەوەی یەکێک لەفرۆشگاکان..

سـەرەڕای جوانییە بێوێنەکەت لێوانلێو لەبەختەوەری تەماشای گوڵەکانت کرد..

وەک منداڵێکی بچوک بەپێکەنینەوە دەستت بۆ درێژ کرد..

-ترسم هـەبوو، درەنـگ هـاتم و هـەڵـەم کـرد لەشوێنی فرۆشگاکەشدا..

پیاوێکی چوارشانە کەلەوێ کاری دەکرد پێیوتم کەگەنجێک گوڵی پێبووەو لەپێش منەوە هاتووەو پاشان بەرەو فرۆشگاکە رایکردووە..

ئەوەی عاشقێک لەپشت پەردەوە دەیکات گرنگترە لەخودی نمایشەکە..

تـۆ دڵـخۆشـبوویت بـەبیرۆکـەی راکـردنـەکـەم لەکاتێکدا بەگوڵەکانی دەستمەوە بۆت دەگەڕام..

یەکەم ژووانی دڵداریمان دەستپێکرد..
(ژووان) بوو.. (ژووان) نەک (یەکتربینین).
Nyc wasn't a frends zone
چیرۆکێکی خۆرهەڵاتییانە.. بەسیمایەکی خۆرئاواییانە..
لەوڵاتی ئێمە خۆشەویستی ڕێگاپێنەدراوە..



Scanned with Can

بەڵام لەسێوەکە ئێمە ئازاد بووین..

دەستمانکرد بەگەڕان بەناو نیویۆرک کەجیاوازتر دەردەکەوت.. ئۆقرەی زیاترم بۆ هات.. ئارامیی زیاتر..

قەرەباڵغیی کەمتر.. هەموو ئەوەی دەمبینین تۆ بوویت..

چۆن دەڕۆیت..

و تەماشای زەوی دەکەیت..

منداڵێک سەرەڕای مێینەبوونە زاڵەکەی..

هێشتا ترسی هەبوو لەوەی پێ لەسەر هێڵە جیاکەرەوەکانی سەرزەوی دابنێت..

سەرەڕای بەرزیی (ڤالنتینۆ)کە بەڵام هێشتا من زۆر لەتۆ درێژتر بووم..

تاکو کۆتایی ڕێگاکە ڕۆیشتین و دەستم درێژکردو بەخێرایی شۆفێری ئۆتۆمبێلێکی کرێی زەرد ڕاوەستا.

هەنگاوێک لەپێش تۆدا ڕۆیشتم و شوێنی ئەو چێشتخانەیەم بەشۆفێرەکە وت کەسەردانم دەکردو دەرگام بۆ تۆ کردەوە..

-فەرموو..

A gentleman ! I like that

تۆ چەندە روونیت..

رونیی قسەکردنتم پێ خۆشبوو.. ئەوەی لەدڵتدایە هیچ جیاوازیی نییە لەوەی لەسەر زمانتە..

کات بەفیڕۆ نادەیت بەوەی شوێن پەنجەیەکی دروستکراو جێبهێڵیت.. بەوە کۆتایی پێدەهێنیت کەخۆت بیت..



Scanned with Can

پێکەنینەکەتم پێ خۆش بوو..
جوانیت بەپێکەنینێکی نامۆوە.. نایابەوە.. دروستنەکراوەوە..
جوانترین شتی تۆ ئەوەیە کۆپیی بنەڕەتیی خۆتی..
شۆفێری تەکسییەکە قسەم لەگەڵ دەکات
-مانگی هەنگوینییە؟ (هونی مونرز).
-هیوادارم وابێت..
پێستی رەش بوو و زاراوەکەی تاراددەیەک "کۆڵۆمبی" بوو
If you lucky !a.. she may keep ya!!!
پێکەنیت و ئەوەت پێ خۆش بوو.. لەخۆباییبوونت زیاتر بوو..
گەیشتینە چێشتخانەکە..
ب-مان بۆ گیرابوو
Le crique
لەباشترین چێشتخانەکانی نیویۆرک بوو.. هەروەها لەبەناوبانگترین چێشتخانە فەرەنسییەکان بوو لەجیهاندا..
لەناو لیستی چاوەڕوانیدا بووم تا ئەوکاتەی لەبەختی باشم کەسێک شوێنگرتنەکەی لەخولەکەکانی کۆتاییدا رەتکردەوە..
ئۆتۆمبێلی گرانبەهای زۆر لەبەردەم دەرگای چوونەژوورەوەدا بوون..
رۆڵز رایز.. بۆگاتی.. ئەستۆن مارتن.. فیراری..
ئۆتۆمبێلێکی گەورەی چاڵنەری چواری وەستابوو، کەجامەکانی تاریک کرابوو، و مەحاڵ بوو بزانرێت کێ لەناویدایە..



Scanned with Can

دوو کەسیش لەچێشتخانەکەوە هاتنەدەرەوەو بەرلە هێرشی کامێراکانی وێنەگرتن سوار ئۆتۆمبێلەکەیان بوون و بۆی دەرچوون..

-پێتوایە ئەگەر منیش رۆژێک بەناوبانگ بووم ئەمەمان بەسەردێت؟

دڵم چاوەڕێی ئەم رستەیەی دەکرد:"شێخ سەرەتایە.. هێشتا زووە".

تێڕوانینێکی جدیت بۆ کردم..

-نا.. لەبەرئەوەی من سەرقاڵ دەبم بەلاساییکردنەوەی روخساری شێتانەی وێنەگرەکان..

دەستتکرد بەنواندنی ئەو روخسارەی دەتەوێت لاسایی بکەیتەوە لەوکاتەی ناوبانگمان دەبێت، کەڕوخسارێکی منداڵانە بوو و دەستەکانت دەخستە پشت گوێیەکانت و زمانت دەجوڵاند لەگەڵ دەنگێکی پێکەنیناوی (نانانانا).

-یان وێنەی هەموو ئەوانە دەگرم کەوێنەمان دەگرن..

شێوازی بیرکردنەوەت..

خەیاڵی شێتانەت..

سادەیی دڵتم پێ خۆشبوو..

..

کچی خەونەکانم لەگەڵمدا بوو..

منداڵێک.. ئافرەتێک.. خانمێک..

خەونەکانم.. بەدڵنیاییەوە لەگەڵم بوون..

دانیشتین.. منیش ناتوانم چاوی تێنەبڕم..

-چی تا ئەو ئەندازەیە سەرنجی ڕاکێشاویت؟

-تۆ..

-چی دەزانیت لەبارەی منەوە؟

-داهاتووت دەزانم.

-بەڕاست؟ دەمێک دەمویست داهاتووم بزانم..

-ئاسانە.. دەستتم بدەرێ..

بەوپەڕی متمانەوە دەستت درێژکردو سەیرت کردم و منیش وام دەنواند کەداهاتوو دەخوێنمەوە..

-لەداهاتووتدا دەبینم..

چاوم بەرزدەکەمەوەو دەبینم وەک منداڵێکیت کەتامەزرۆی هەواڵێکی لەناکاوە.. کەلێشاوێک لەدیاری لەداهاتوویدا دەبینێت..

-ئمممم...

برۆم بەرزدەکەمەوەو بەوپەڕی جدیەتەوە سەیرت دەکەم..

-تۆ ئامادەیت؟

پێدەکەنیت و لەشەرمدا دەمت دەشاریتەوەو چاڵەکانی ڕومەتت بۆم پێدەکەنن..

-ئای ئای!

-لەداهاتووتدا گەنجێکی قۆز دەبینم..

پێم دەبڕیت..

-لە"جۆرج کلۆنی" دەچێت؟

بەڕوتدا پێدەکەنم..



Scanned with Can

-نا بەڵام ئەویش قۆزە.. دەیبینم لەچێشتخانەیەکدا لەگەڵتە ئەگەر بێهیواشت نەکات ئەوا دەستت ماچ دەکات..

بینیم دەستەکانت بەرزدەبنەوە.. فالگرەوەکە درۆ ناکات هەرچەندە خۆی دەیزانی کەدرۆ دەکات..

بینیت دەستتم ماچ کرد..

بینیم بەخەیاڵ، بەخێرایی چووم بۆ دوورترین شوێن..

بۆ داهاتوویەک کەدوو بلیتی سینەما دەبڕم لەنیوەی شەودا..

بینیت لەدڵەوە سوپاسی خودا دەکەم لەسەر ئەو نیعمەتانەی پێمی بەخشیوە کەیەکەمیان نیعمەتی بوونمە لەگەڵ تۆ..

گارسۆنەکە زنجیرەی بیرمی پچڕاند.

بەزمانی فەرەنسی بەخێرهاتنی کردین و بەپێکەنینەوە وەسفی جوانیی تۆی کردو لیستێکی پێدام کەخواردنی تێدا نەبوو..

پێنج لاپەرە لەداواکاریی نامۆ.. و ناوی نامۆ.. پاشان دەستیکرد بەیارمەتیدانم.

-سور، یان سپی بەڕێزم؟

سپی وەک دەنگی تۆ.. وەک چاکەتەکەت..

-موقەبیلات لەکوێدایە؟

سەری سوڕما..

-نا بەڕێزم.. ئەمە لیستی شەرابەکانە..

-پەنا دەگرم بەخودا لەشەیتانی نەفرینکراو..

-شەراب ناخۆینەوە

سەیرێکی خراپت کردم.

-دڵنیایت ناتەوێت؟ لەبەرچاوی مندا وادەردەخەیت پەلەتە.

زیرەکیت وادەکات بمەوێت ماچت بکەم..

گارسۆنەکە هات و لیستی خواردنەکانی هێناو دایە دەستت و دەستمانکرد بەخوێندنەوەی داواکارییەکان و گارسۆنەکە سەری سوڕما لەداواکارییەکەمان.

-چاوەڕێی کەسێکی دیکەن بێت؟!

من وەڵامم دایەوەو تۆش بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنیت.

-نانا تەنها خۆم و ئەو دڕندەیەم..

-حەرامە بۆ تۆ!! برسێتی بێباوەڕە!

قەمسەڵەکەت داناو بەخێرایی فەرمانبەری پێشوازی هات و لێیوەرگرتیت..

وتم ئەی زەوی ئەوەی لەسەرتە بیپارێزە.. ئەمڕۆ مانگ هەڵهاتووە..

دەستە کوتراوەکانت.. گەردنە درێژەکەت و سپێتییەکەی بەبێ هیچ پێداویستییەکی جوانکاری..

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کچانی تر، بەڵام (کرێمی ئەساس) بەڕەنگی پێستی تۆ دروست نەکراوە..

جوانیی شانەکانت و مێینەیەتییەکەی..

بۆ ئەو دڵەت کەپیتی ناوەکەتی لەناوەڕاستدا هەڵگرتووە..

لەدڵی خۆمدا دەڵێم:"یوسف نەدۆڕێیت".

دەگەڕێمەوە بۆ سەیرکردنی جوانیی ڕوخسارت..



Scanned with Can

"قەیماغی باشور لەڕومەتت و چاڵی رومەتی کوردی (لەبەر جوانیی چاڵی رومەت لای کورد بەمشێوەیە باس دەکرێت)ت"
من ئەم دێڕانە دەنووسم و شێوەی روخسارت دێتە بەرچاوم کاتێک دەیانخوێنیتەوە بۆم..
بۆ یادگارییەکان پێدەکەنیت..
و بە"چاڵی رومەتی کوردانە" پێکەنینت دێت.
وەک چۆن کاتێک قسەت پێ دەبڕم بەڕستەیەک کەتوڕەت دەکات، وەک:
-(دەبم بەقوربانت).
-ئازارم دایت!!!
ئەم وشەو زاراوانە توڕەت دەکات!!
ڕێک و پێکیت.. هەڵبژاردنت بۆ پیت و وشەکان، وەک ئەوەی زمانێکی تایبەت بەخۆت هەبێت..
تانە شاراوەکانت و ئەوەی چۆن چیرۆکێکی سادە دەکەیتە کارێکی درامیی بەرهەمی هۆلیود.
چیرۆکەکەشت بڕێکی زۆر لەکاریگەرییە دەنگییەکانی تێدایە، کەبەکاریان دەهێنیت کاتێک چیرۆکەکەت دەگاتە ئەو شوێنەی کەپێویستە..

لەناو جوانیی پیت و قسەکانتدا نغرۆ دەبم، و ئەو هەستەم بۆ دروستدەبێت کەهەرگیز لەگەڵ تۆ کۆتایی بە گفتوگۆ نەهێنم..
لەوانەیە قسەکانت سادە بن، بەڵام تۆ باش من دەناسیت..
درێژترین گفتوگۆکانم لەچەند خولەکێک تێناپەڕێت..



Scanned with Can

گفتوگۆم لەگەڵ کەسانی جگە لەتۆ لەچەند دێڕێک تێناپەڕێت.
ناتوانم گوێ بۆ قسەی کەسێک بگرم ئەگەر لەیەک خولەک زیاتر بێت..

بەڵام لەگەڵ تۆ
ئەوا من (یوسف)ێکی دیکەم..
یوسفێکی منداڵ..
کەدایکی بەرلە خەوتن چیرۆکی بۆ دەگێڕێتەوە..
لاپەڕەکە دادەخەیت.. و پێم دەڵێیت سبەی تەواوی دەکەین..
نانا.. لاپەڕەیەکی دیکە..
تۆ چیرۆکێکیت کەنامەوێت هەرگیز کۆتایی بێت..
خواردنەکە بەتام بوو..
بەپێی شارەزاییم هۆکاری هەموو خۆشییەکانی دنیا تۆیت.
لەگەڵ تۆ هۆکارە سادەکانیش دڵخۆشم دەکەن..
بوونمان لەقاوەخانەیەکی دوورلە ژاوەژاوەکانی جیهان..
تۆ دەخوێنیتەوە.. و منیش دەنووسم..
ماوەیەک دەنووسم..
ماوەیەکیش سەیری جوانیی چاوەکانت دەکەم..
جیاواز بوون..
لەبەشەکانی پێشومدا فەرامۆشم نەکردووە، بەڵام هەندێجار ئەوە دێنیتە پێشەوە کەناتەوێت باسی بکەیت، بۆئەوەی مافی نەخۆیت.. کەمترین شوێن بۆ وەسفکردنی چاوەکانت نابێت

لەبەشێکی تەواو کەمتر بێت..

لێم ببورە، چونکە دواجار منیش مرۆڤم..

ئەگەر هێزێکی لەڕاددەبەدەرم هەبوایە، ئەوا داوام لەتوانای خۆم دەکرد تا زۆر بەوردی وەسفت بکات، بۆئەوەی هەرکات بیرم کردیت بتخوێنمەوە..

یان توانای وێنەکێشانم هەبوایە..

حەسودیم بەهەموو ئەوانە دێت کەتوانای وێنەکێشانیان هەیە..

ئەگەر بمتوانیایە وێنە بکێشم ئەوا بۆ کاری زۆر پێویست نەبوایە لەماڵ نەدەچوومە دەرەوە..

دادەنیشتم و لەسەر هەموو دیوارەکان وێنەی تۆم دەکێشا..

تۆ لەژووری نانخواردن..

تۆ لەژووری نووستن..

تۆ لێرە.. و لەوێ..

تۆ لەهەموو ماڵێکدا..

هەستایت و ڕۆیشتیت بەرەو دەستشۆر..

منیش زیاترو زیاتر لەتۆم دەکۆڵییەوە..

جەستەی چەماوەو عەزییە کورتەکەت..

پەنا بەخودا لەفیتنەیەک کەناوەکەی تۆیت..

و سوپاس بۆ خودا لەسەر بەخششێکیش کەناوەکەی تۆیت..

و بەڕۆیشتنە پشیلەییەکەی لەسەر ڕاڕەوی نیشاندانی جلوبەرگی ژیانم..



Scanned with Cam

ئاوڕێکت دایەوە بۆ دواوە کەچرپاندی بەگوێمدا: "دەزانم چاودێریم دەکەیت"!

لەو میانەیەدا داوام لەگارسۆنەکە کرد وەسلی حسابەکە بهێنێت..

قەمسەڵەکەتم هەڵگرت و چاوەڕێت بووم..

هاتیتە دەرەوەو ئامازەت بۆ کردم و هەنگاوەکانت خێرا کردو پشتت تێکردم و قۆڵەکانت درێژ کرد وەک ئەوەی یارمەتیی (سیرین)ی خوشکەزام بدەم بۆ لەبەرکردنی قەمسەڵەکەی، چونکە بەڵێنم پێداوە لەگەڵی بڕۆم بۆ کۆمەڵە..

تەکسییەکم وەستاندو داوام لێکرد بمانگەیەنێتە "سێنترال پارک"، تۆش کەوتیتە شوێنم بێئەوەی بڵێیت بۆ کوێ.. چونکە تۆ دەزانیت

Its always about who you are with and not where you are going

بۆ کوێ؟

گرنگ نیە..

لەگەڵ کێ ئەوە گرنگە

گەیشتینە باخچەکەو دەستتکرد بەپیاسەکردن لەتەنیشتمەوە..

سەرمای کەشەکە لەبەرژەوەندیی من بوو..

زیاتر نزیک دەبوویتەوە..

قۆڵم بۆ درێژکردیت..

تۆش قۆڵت کرد بەقۆڵمداو دەستمانکرد بەپیاسەکردن لەناو



Scanned with Can

باخچەکەدا..

دەستێک بەدەستی منەوەو دەستێکیش کەچەپکە گوڵێکی هەڵگرتبوو..

-دەزانیت کەنزیکەی 25 کەس لەناو ئەم باخچەیەدا دەژین و ئەوە ناونیشانی فەرمییانە لەویلایەتەکەدا..

-الله!!! دەمەوێت لێرە بژیم..

-تۆ چەندە جیاوازیت..

-ئەوەم پێ خۆشە.. دەمەوێت هەمیشە جیاواز بم.

گوێم لەدەنگی ئەسپێک بوو لەدوورەوە..

دەستتم گرت و لەقەراغی رێگاکەوە وەستاین..

--چیتە؟

هیچم نەووت.. چونکە بێدەنگی هەندێجار قسەیە.

رووت وەرگێڕاو بینیت ئەسپێک رێز دەنوێنێت..

-بۆ ئێمە؟!

-بەڵێ.

هاوارێکت کرد..

مۆبایلەکەت دەرهێنا..

چوویتە دواوەو وێنەی ئەو ساتەت گرت.. من وەستاوم و گوڵەکانی تۆم پێیەو عەرەبانەی گواستنەوەکەشت لەپشتمەوەیە..

یارمەتیم دایت تاکو سەربکەویت و چووین بۆ گەڕان بەناو باخچەکەدا.. شانم بەر شانت دەکەوت و دەستت بەدەستمەوە بوو..

-بیر لەچی دەکەیتەوە؟

لێت پرسیم..

-هیچ شتێک.

-پێم بڵێ..

-بیر لەداهاتوو دەکەمەوە..

بۆ یەکەمجار.. هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەم بەرامبەر هەموو جیهان..

هەستدەکەم دەمەوێت لەهەموو شتێکدا سەرکەوتن بەدەستبهێنم بۆئەوەی تۆ هەرگیز نەڕۆیت..

هەستدەکەم پێویستە نەخشەی داهاتووم بکەم بەدوو بەشەوە:

وەک خەونێکی جوان..

وەک یەکەم ژووانمان..

وەک چیرۆکێک لەدێڕەکانی (ئەحلام موستەغانمی)دا..

وەک یەکەم ژووانمان..

وەک یەکێک لەکارەکانی "نیکۆلاس سپارکس"..

وەک یەکەم ژووانمان..

وەک جوانیی چاوەکانت..

وەک یەکەم ژووانمان..

لەبەردەم ئۆتۆمبێلێکی کرێدا کۆتایی پێ هێنا، کەدەیگەیاندیتەوە بۆ ئوتێلەکەت

That first date felt like eating two scoops of



Scanned with Cam

ice cream

Vanilla & cookies & cream

وەستام و سەیری خەونەکەم دەکرد لەبەردەممدا..

کێ وتویەتی بەختەوەری کەسێک نییە کەناتناسێت..

کێ وتویەتی دنیا لەسەر کەس ناوەستێت.. نەیبینیوە چەندە من و دنیاکەم بەرزبووینەتەوە کاتێک ژیانمان لەسەر تۆ وەستا..

وتەکان تەنها بۆچوونێکن..

لەوانەیە کەسێکیش رۆژێک بێت وتەکانی من وەربگرێت کاتێک دەنووسم.

کەبەختەوەری کەسێکە..

دنیاش لەسەر کەسێک وەستاوە..

بەرلەوەی وازت لێبهێنم و برۆیت، زانیم کەهیچ هۆکارێکی پەیوەندیم لا نییە..

ئاورم دایـەوە بۆ پشتەوەو تۆم نەبینی لەناو ئۆتۆمبێلی کرێکەدا

بینیم لەبەردەممدا وەستاویت..

You deserve a goodbye hug

-ئەوەی ئەمشەو بۆ منت کرد شیاوی باوەشپێداکردنە..

لەباوەشم گرتیت.. بۆ چەند چرکەیەک.

نزیکبوومەوەو ماچێکم لەسەر گۆنات بەجێهێشت..

بۆ یەکەمجار بوو ببینم شەرم دەکەیت.. رەنگی گۆناکانت گۆڕان.. تیشکی سوورت دەدایەوە..



Scanned with Can

بەڵام لەوکاتانەشدا کەزۆرترین شەرمت هەیە پیتەکانت لەدەست دەرناچن.

-فاڵگرەوەکەم پێی نەوتم کەسێک ماچی گۆنام دەکات..

تانەت دا بەگاڵتەوە..

-لەوانەیە فاڵگرەوەکەت قۆڵبڕ بێت.

داوام کرد ژمارەی تەلەفۆنەکەم وەربگریت..

سەیرت کردم.

-جێی نەهێڵین بۆ چارەنووس؟

-تکایە نا.. چارەنووس زۆر باش بووە لەگەڵم و سوپاسگوزارم و درێغیی نەکردووە.

مۆبایلەکەت دەرهێناو بۆلای منت درێژ کرد..

-فەرموو..

ژمارە ئەمریکییەکەمت نووسی و رۆیشتیت..

بەفەرمی یەکەم ژووان کۆتاییهات..



Scanned with Can

## لەبەردڵی من..

مەجنون دەڵێت: "شێتی ئەوە نییە یەکێکت خۆشبوێت.. شێتی ئەوەیە کەسێکت خۆشبوێت و ڕێگا بدەیت بڕوات بێئەوەی دڵی بەدەستبهێنیت.."

لەیەکەم ساتەوە تێگەیشتم کەدڵم ماندوو دەکەیت..
دەزانم کەواملێدەکەیت بیرت بکەم و نەتدۆزمەوە..
تا بەیانی دابنیشم و چاوەڕێی پەیوەندییەکت بکەم..
نامەیەک..
تەنانەت ئەگەر بەتاڵیش بێت..
You say best when you say nothing at all
هەموو شتێکم لەتۆ دەوێت..
کەمێک لەتۆم بەسە..
لەبەر دڵی من..
چاوەڕوانی زۆری خایاند..
زۆر شکستی هێنا.. دواجار تۆی دۆزییەوە..
ئەڵقەی ڕزگاربوون لەژیانێک کەوادیارە نموونەیی بێت..
بەڵام بێ ڕەنگە..
جوانیی تابلۆی ژیانمان بەڕەنگەکانیەوەیە..



Scanned with Can

تۆش حەوت ڕەنگەکەیت..
مۆبایلەکەم بێزاریکردم و هەر سەیرم دەکرد..
ئەگەر توانای قسەکردنی هەبوایە دەیوت کەمێک وازم لێبهێنە..
چەند جارێک مۆبایلەکە لەرییەوە..
کۆمپانیای پەیوەندیکردنەکەم بڕیاری دابوو ئارەزووی جوانترین کاتم بۆ بخوازێت لەئەمریکاو ژمارەی باڵیۆزخانەی کوێت لەواشنتۆن
ئەلو بەڕێز باڵیۆز.. یوسفت لەگەڵە.. تەمەن درێژبێت پەیوەندییەکەم دەوێت لەکچێکی کوێتییەوە کەدوێنێ لەگەڵی چوومە دەرەوەو ئێستا دوو ڕۆژ تێپەڕیوەو پەیوەندیی نەکردووەتەوە.. چی!! بەڵێ بەڕاستی قسە دەکەم.. شەو کاتێک خەوتبووم نامەیەک هات و وامزانی ئەوە.. دواتر دەرکەوت ژمارەی باڵیۆزخانەکەتانە، بۆیە بڕیارم دا تاکو بەیانی چاوەڕێ بکەم و پەیوەندی بەبەڕێزتانەوە بکەم، بەڵکو یارمەتیم بدەیت بەوپێیەی هاوڵاتییەکی کوێتیم..
کاتێک دەکەوینە خۆشەویستییەوە..
دەتوانین زۆرترین شتی جوان و بێعەقڵانە بکەین..
کاتێک دەکەوینە خۆشەویستییەوە..
پێمان وایە هەر کورتەنامەیەک و هەر پەیوەندییەک لەوانەوەیە..
کاتێک دەکەوینە خۆشەویستییەوە..



Scanned with Can

دەتوانین کتێب بنووسین..

بەرلە رۆژی دووەمی دوای یەکتربینین..

کورتەنامەیەکم بۆ هات

Do you believe in miracle

بڕوات بەموعجیزە هەیە؟

بێ پێشەکی.. بێ سڵاوکردن..

چەند خولەکێک چاوەڕێم کرد بۆئەوەی وانەزانیت دانیشتووم و چاوەڕێی کورتەنامەیەکم لەتۆوە..

لەگەڵ ئەوەی هەر ئەوەشم دەکرد..

نامەیەک لەمنەوە:

Seventy two hours ago, no.. but now I do so

چەند خولەکێک تێپەڕی و وەڵامەکەت هاتەوە

Its 11:11 make a wish

دەقیکی خێرام بۆ ناردیت بۆئەوەی بەرلەوەی ببێت بە11:12 خولەک پێت بگات

ئاواتەخوازم ژووانێکی دیکەم هەبێت لەگەڵت

کات رۆیشت و منیش خولەکەکانم دەژمارد..

پەیوەندیم کرد بەخزمەتگوزاری ژوورەکانەوەو داوای کیسی زیاتری قاوەی خێرائامادەکراوم کرد..

ئەوە پێنجەم کوپی قاوەم بوو..

نازانم نهێنیی نێوان قاوەو نووسەران چییە..

دەیان کتێب هەیە کەناونیشانەکانیان پەیوەندیی بەقاوەوە هەیە..

بەڵام پەیوەندیی من بەقاوەوە نوێیە..
لەگەڵ ئالودەبوونم بەخۆشویستنی تۆدا ئالودەی بووم..
Love is a gateway drug , leading to caffeine, a lot of caffeine..

ڕێز لەقاوە دەگرم..
نەک ئەوکاتەی دەیخۆمەوە..
بەڵکو کاتێک کەبۆنی دێت تا ئەوکاتەی بۆنی عەترەکەی تۆ تورەکە هەواییەکانی سنگم جێدەهێڵێت کەوایکردووە بۆنی هەموو عەترەکان بکەم..
بۆنی تۆ..
ڕێز لەقاوە دەگرم..
چونکە پەنهانە.. جۆرو ڕەنگی جیاوازی هەیە..
کاریگەریی جیاوازە..
هەندێک بۆ شەوبێداری دەیخۆنەوە..
هەندێکیش بۆ خەوتن دەیخۆنەوە..
ڕێز لەقاوە دەگرم..
چونکە بیانووی هەر کەسێکە کەبیانووی نییە..
باشترین بیانووش بۆئەوەی داوای ژووان لەکەسێک بکەیت ئەوەیە:
دەتەوێت بچین لەقاوەخانەیەک کوپێک قاوە بخۆینەوە؟
ڕێز لەقاوە دەگرم..
چونکە دەرچوونە لەقەیرانەکان..



Scanned with Can

ئەگەر ڕەگەزی بەرامبەرت بانگهێشت کرد بۆ نانی ئێوارە، ئەوە پەیامێکە بەوەی گرنگیی پێدەدەیت..

بەڵام بانگهێشتکردن بۆ کوپێک قاوە قۆناغی دوای (گرنگیت پێدەدەم)ە.

کەواتە کوپی قاوە دیاریدەکات کەئایا ژووانێکی دیکە لەئارادایە یان ماڵئاواییەکە دیداری لەدوا نابێت..

ڕێز لەقاوە دەگرم..

چونکە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کەهەموو جیهان بەدوای شتێکدا دەگەڕێن کەئالودەیان بکات..

لەکاتێکدا سەیری ئاوە گەرمەکەم دەکرد وەڵامی تۆ هات..

ڤیزای لەندەنت هەیە؟

ئەمجارە بەخێرایی وەڵامت نادەمەوە..

پاش پێنج خولەک بڕیارم دا خۆم بەزل نەزانم..

بەڵێ.. هەمە.. بۆچی؟

وەڵامەکەت بەخێرایی هات..

ئەگەر ژووانێکی دیکەت دەوێت ئەوا ڕۆژی شەممە لەبەردەم "ڕۆلێکس نیو بۆند ستریت" دەتبینم و گوڵیشت بیرنەچێت..

بوەستە..

ئەمە چییە؟! بەرواری گەڕانەوەم چوارشەممەیە.. هێڵی ئاراستەی گەشتەکەشم بریتیە لە نیۆرک – دوبەی – کوەیت

کارەکەشم کاتژمێر حەوتی بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە دەستپێدەکات..



Scanned with Can

سەیری مۆبایلەکەم کردو جیاوازیی کاتی نێوان کوەیت و نیویۆرکم حساب دەکرد.

پەیوەندیم بەبەرپرسی راستەوخۆمەوە کردو داوام لێکرد هەفتەیەک مۆڵەتم پێبدات و ئەویش رازی بوو.

چەند جوانە بەرپرسەکەت مرۆڤ بێت..

نامەیەکم بۆ ناردیت بە.

"تەواو"..

دواتر پەیوەندیم بەکۆمپانیای فڕۆکەوانییەکەوە کردو داوام لێکردن کاتی گەشتەکەم بۆ بگۆڕن و بەوپەڕی سنگفراوانییەوە رازی بوون، دوای ئەوەی داوای پارەیەکی خەیاڵییان کرد لەبەرامبەر گۆڕینەکەدا..

باشتر وابوو تکتێکی فڕینی نوێ بکڕم، بەڵام بەلامەوە گرنگ نەبوو..

خێراترین هۆکارم دەویست..

پەیوەندیم بەتۆوە کردو وەڵامت دایەوە، چەند عاشقی ئەو دەنگە منداڵانەیەتم کاتێک لەتەلەفۆندا وەڵام دەدەیتەوە..

بەزۆردرێژکردنەوەی ئەلیفی ئەلو!! پاشان دەنگێکی خۆشی سڵاوکردن.

دەستمان بەقسە کرد..

-یەک خولەک، پێت نەوتم کەی؟ مەبەستم کاتە بەدیاریکراوی..

-ئەی نازانیت ژمارە حەوت ژمارەی بەختتە؟

-لەکەیەوە ئەوە دەزانیت؟

لەوکاتەوە کەچاوەڕێم بوویت کەلەسەر کورسییەکەم لەنهۆمی خوارەوەی فڕۆکەکە دانیشتبووم..

-چی؟! چۆن؟! ڕێی تێناچێت..

-دەزانیت پێشوازیکەرەکە چی پێوتم؟

-ماریا؟! چی؟

-وتی گەنجێکی قۆزی لێیە لەوانەیە شێت ببێت ئەگەر لەتەنیشتییەوە دانەنیشیت..

-کچی .....

-کەواتە ئەوەت دەزانی.. لەتەنیشتمەوە دانیشتیت و چێژت لەلێدانەکانی دڵم دەبینی کەبۆ خۆشەویستیی تۆ لێیدەدا..

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆیشتیت..

-من بەئاسانی نایەم..

تۆ ماندوکەرو جوان و سەرنجڕاکێش و نایابیت..

تۆ شایستەی ئەوەیت بەدرێژایی دنیا شەونخونیی بۆ بکرێت..

تۆ شتێکیت کەوادەکەیت بەهەموو دەنگی خۆم هاوار بکەم تۆ زۆر جوانیت!!!

..

تۆ یەکەم نیت لەژیانمدا بەڵام کۆتایی میسکیت.



Scanned with Cam

## وڵاتی خۆڵباران..

تایەی فڕۆکەکە بەر قیری فڕۆکەخانەی (هیسرۆ)ی نێودەوڵەتیی کەوت..

هەنگاوەکانم خێرا بوون، لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆرم لەبەردەستدا بوو و کاتی یەکتربینینەکەمان سبەی بوو..

بەرەو کۆتایی ڕێگاکە ڕۆیشتم تا فەرمانبەری کۆچ پرسیاری لێکردم لەبارەی سەردانەکەمەوە..

هۆکاری سەردانەکەم شێتیی کچێکە کەخۆشم دەوێت..

پێویستە لەسەر هەموو پیاوێکیش بەشێتانە خۆشەویستی بکات..

دڵی مێینە بەلای خۆشەویستییەکی ئاقڵانەدا ناچێت..

کچ ئەگەر ژیانێکی دووبارەی هەبێت مێینایەتییەکەی دەمرێت..

کچ ئەگەر ژیانی ڕۆژانەی ڕۆتینی بوو گەنجێتیی دەمرێت..

کچ دڵی دەمرێت ئەگەر کەسێکی خۆش نەوێت کەژیانی والێبکات شیاوی چاپکردن بێت..

جیاوازی زۆره لەنێوان ئەوەی شیاوی نووسین و شیاوی چاپکردندا..



Scanned with Can

هەموو ئەوەی لەدڵتدایە شیاوی ئەوەیە بینووسیت..
بەڵام هەموو ئەوەی نووسیوتە ناتوانیت چاپی بکەیت..
تۆش لەنێوان دوو کاردایت کەرێگرن لەچاپکردن..
یەکەم ئەوە زۆرینەی مرۆڤەکان دەگرێتەوە..
بەوەی نوسراوەکانت بۆ چاپکردن پێویست نین..
چیرۆکی ژیانت بێزارکەرە.. رۆتینییە.. تۆ خۆشت ناتەوێت بیخوێنیتەوە..
دووەمیش کەمینەیەک دەگرێتەوە..
ئەویش ئەوەیە کەچاپکردن شیاوی ئەوە نییە کەدەینوسیت..
جوانیی راستەقینەت مەرەکەبی پێنوسەکەت دەستەوستانە لەنووسینەوەی..
چیرۆکی خۆشەویستی و خۆشەویستەکەت کتێبێک و دە کتێب بەشی ناکات..
کاتێک لەوپەڕی بەختەوەریماندایـن، دارشتنەوەی ئەو بەختەوەرییە دژوار دەبێت لەسەرمان..
زۆرینەی ئەوانەی لەلوتکەی بەختەوەرییاندان و لەچڵەپۆپەی خۆشەویستییاندان کاتیان نییە بۆ نووسین..
هەر بۆیە بەدەگمەن کتێب دەبینیت کەکۆتاییەکی خۆشی هەبێت..
کتێبە جوانەکان ئەوانەن کەکۆتاییان نییە..
کۆتاییەکان باوەڕێکی هەڵەن کەڕاستییان تێدا نییە..
تەنانەت پەروەردگار رۆژی دوایی ناونەناوە بەڕۆژی



Scanned with Can

کۆتاییهاتن.. بەدوایی ناونراوە، بەڵام هەتاهەتاییە..
مرۆڤ ژیانی کۆتایی نایەت.. تەنانەت دوای مردنیشی زیندوودەکرێتەوەو بۆ هەتاهەتایە نەمر دەبێت..
هەموو کۆتاییەکیش سەرەتای شتێکی جوانە..
جوانترین کۆتایی کتێبەکانیش ئەوەیە خوێنەرەکەی والێبکات کۆتایی بۆ هەڵبژێرێت..
ئێمە وەک نووسەران -بڕوام وانەبوو ڕۆژێک لەڕۆژان خۆم بەوشێوەیە ناوبهێنم بە"ئێمە وەک نووسەران"- کۆشش دەکەین لەپێشکەشکردنی لاپەڕەکانماندا، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو هیواو ئومێدەیە کەبەهۆیەوە دەژیین.. پاشان دەڕۆین بەرەو ناوەڕاستی ژیان، لەنێو لاپەڕەکانماندا تا ئەوکاتەی زاڵبوونمان بەسەر پێنووسەکاندا لەدەستدەدەین..
دەبینین خۆی بەتەنها ڕاستەوخۆ لەگەڵ دڵدا کار دەکات.. بەملیۆنێک ڕێگادا دەڕۆین تاکو دەگەینە کۆتایی و هیچ چارەیەکمان نابێت مەگەر لاپەڕەکانمان دابخەین و کارێک بکەین خۆی ئەو ڕێگایە بگرێت کەدەیەوێت..

..

لەدڵم دەپرسم..
چەندە بیری دڵت دەکات..

..

بەچاوتروکانێک گەیشتمە ئوتێلەکەم..

Cumberland hotel



Scanned with Cam

تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنم بۆ ژووری ئوتێلەکە هاوشێوەی پێوەرەکانی سەرسامبوونمە بەئافرەتان..

من دەمەوێت بەرز بێت و عەقڵ بچوکەکان سەرنجم راناکێشن..

دەمەوێت لەدەرەوە ئارام بێت و ئەوانەی دەوروبەرم بێزارم نەکەن..

دەمەوێت لەناوەوە هەراسانم بکات، ئایپۆدەکەم دەکەمە گوێم و چێژ لەئاوازە مێینەکانی وەردەگرم..

دەمەوێت گۆڕاو بێت.. بەوپێیەی هەرکات سەردانی بکەم شتێکی تازە بێت..

دەمەوێت بەوەفا بێت.. جگە لەخۆم کەسیتر لەناویدا نیشتەجێ نەبێت..

..

چوومە ژوورەکەم و حەمامێکی گەرمم ئامادە کرد..

باشترین شوێن بۆ بیرکردنەوەو نەخشەدانان و نەخشاندنی داهاتوو بریتییە لەژێر ئاوێکی گەرم، کەماسولکەکانی جەستە شەکەتەکەت خاو بکاتەوەو مێشکت ساف بکات..

دوورکەوتمەوە لەبیرکردنەوە دووبارەکانم.. کەپێشتر بیرکردنەوەدم زۆر بوو، و سەرقاڵ بووم لەنێوان حەزە دنیاییەکان و ململانێ دەروونییەکانم، لەگەڵ ئەوەی دەمەوێت و پێویستم پێی هەیە.. بەڵام ئەم هەفتەیە جیاواز بوو، هەموو بیرکردنەوەکانم لەچوارچێوەی بەختەوەری و کەوتنە نێو



Scanned with Cam

خۆشەویستی و ئەوەی چۆن بتوانم بۆ هەتاهەتایە لەگەڵ تۆدا بژیم، دەسووڕایەوە.

..

قژم وشک دەکردەوە لەدوای گەرماوکردنەکە، و چاوەکانم داخران و ئەوەی هەبوو لەبەرم کرد بۆ نوستن و چوومە ناو متبوونێکی قوڵەوە..

بەیانی لەخەو هەستام و دەستم کرد بەڕۆیشتن بەشەقامی "ئۆکسفۆرد"دا..

لەندەن جوانەو سەردانیکەرانی کەنداوی عەرەبیی تێدا نییە، گەشتیارە کەنداوییەکان گەڕاونەتەوە بۆ وڵات و کەس نەماوەتەوە جگە لەخوێندکارەکان و ئەو کۆچبەرە کەمانەی نەخۆشن..

تێناگەم کەسێک کەسەردانی وڵاتێکی بیانی دەکات و لێرە تێکەڵ بەعەرەبەکان دەبێت و خواردنێکی عەرەبی دەخوات، پاشان دادەنیشێت بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکی عەرەبییەوە شیشە دەکێشێت..

چی ڕۆشنبیرییەک و چی چێژێک لەگەشتەکەیدا هەیە؟

دوای کڕینی قاوەیەکی ڕەشی "ستاربۆکس"، سەردانی چەند فرۆشگایەکم کرد، لەوانە "سیلفریدجزو ئامۆزاکانی"..

لە"نایتس بریدج" گیرسامەوەو لەبەردەم کاتژمێرەکەی "بیگ بین"دا وەستام.. گوێم لەلێدانە بەرزەکانی گرت، چونکە "بیگ بین" هێمای ئەو تۆقینەیە کە من تیایدا دەژیم.

کات وەک پەتا وایە.. لێی ناترسم بەڵام خۆشم ناوێت..

لەسەردەمی خوێندن و کاتی وانەکانمەوە هەمیشە من قوتابییەکی درەنگکەوتوو بووم..

کاتی پێویستم نییە بۆ خەوتن..

کاتی پێویستم نییە بۆ هیچ شتێک..

بەڵام سەیری (بین-ی گەورەم کردو هیوای خێرابوونی بۆ دەخوازم، چونکە ژوانێکم لەگەڵ دایکی منداڵەکانم هەیە)..

کاتی ژووانەکە گەیشت..

ئەمجارەیان لەکاتی گونجاودا ئامادە بووم و پێشتر گوڵەکانم کڕیبوو..

وەستام و چاوەڕوان بووم، چاوەڕوانییەکەم زۆری نەخایاندو بینیم بەپاڵتۆیەکی زستانەوە بەرەو لام دێیت، کەشوهەوا لەنیویۆرک ساردتر بوو..

Your uggs and leggins

لوتە سوورەکەت حەزی لەسەرما نییە..

ساتی بەیەکگەیشتنمان جیاواز بوو لەیەکتربینینی یەکەمجار..

تەوقەمان نەکرد.. بەڵکو ئەمجارە لەباوەشم گرتیت.. ئارامیم بەدەستهێناو تۆش گەرمیت بەدەستهێنا..

Every one hug for there own reason

-دەزانیت لوتە سورەکەت جوانە؟

-بەڕاست؟

-بەخودا..



Scanned with Can

روخسارت سوور هەڵگەڕا..

-تەنانەت تۆش جوانیت.. ئەوە دەزانیت؟

-نا بەخودا نازانم..

-باشتر.. بۆئەوەی لەخۆت بایی نەبیت..

-لەخۆباییبوونم زیاتر دەبێت.. بەختەوەر بووم بەدوو ژووات لەگەڵ تۆ..

-وەستای قسەیت..

ژووانی دووەممان لەوەی پێش خۆی جیاواز بوو

I was wearing a gucci sport shoes a jeans and a University of Tampa Pullover

لەیەکەم ژووانــدا هەریەکەمان پۆشاکی فەرمیمان لەبەرکردبوو..

لەژووانی دووەمدا هەریەکەمان جلێکی کەمتر فەرمیی هەڵبژاردووە..

دڵەکان شایەتن و جۆرەکانیش یەکتری تەواو دەکەن..

دەستم بەدەستی تۆوە بوو و بەیەکەوە بەدەوروبەری لەندەندا دەگەڕاین، لەمیانەی قسەکانماندا بۆت دەرکەوت کەچەندین ساڵە تۆ دەناسم..

لەزۆر شتیشدا هاوبەش بووین..

-یادی لەدایکبوونت چەندە؟

-دەی مایس..

-بورجەکەت گایە؟



Scanned with Can

-بەڵێ..

-پیاوی گا نامۆیە.

-من باوەڕم بە بورجەکان نییە.

-هەروەها منیش..

-ئەی تۆ؟

-خۆت بیخەمڵێنە.

-بورجی پاکیزە؟

-نا.

-بەڕاست؟

-چی بڵێم؟

-گاڵتەت لەگەڵ دەکەم بورجەکەت چییە؟

-کەوان..

..

چەند حەزم لەگاڵتەکردنەکانتە، دەستت کرد بەباسکردن لەتەمەنی منداڵیت و وێنەکانی منداڵیت..

دەتویست کچێکم هەبێت بەتەواوی لەتۆ بچێت..

- ئەوکات کەجنێومان بەیەکتری دەدا دایکم بیبەری دەداینێ..

بەکارهێنانت بۆ وشەی ئەوکات، وایکرد هەست بکەم ئێستا ئەو لەگەڵمان نەماوە، هەرچەندە من نایناسم، بەڵام دڵنیام لەوەی لەتۆ دەچێت، یان راستتر بڵێم تۆ لەو دەچیت..

-کەواتە یادی لەدایکبوونت نزیکە؟

-بەڵێ چیم بۆ دەکەیت؟



Scanned with Cam

پێکەنیم و تێگەیشتم بوونم لەژیانتدا تاکو کانونی دووەم بەردەوام دەبێت..

-پیاو کار دەکات نەک قسە..

لەڕیزی خواردنگەیەکی هەمبەرگری بەناوبانگدا وەستاین Patty & bun

لەدوای بیست خولەک دانیشتین و بەخێرایی لەتاو برسێتی داوای خواردنێکمان کرد..

داواکارییەکەمان گەیشت و تۆ لەبەرچاوی منەوە دەستت کرد بەخواردنی..

جیاواز لەو شاژنەی لەناو فرۆکەکەدا دەیخوارد بەوپەڕی زەوق و ئەدەبەوە..

حەزدەکەم سیفەت و کەسێتییە نوێیەکەت بگۆڕێت..

تۆ ڕۆشناییت بۆ چاو..

تۆ واتای نازیت..

تۆ باشی لەهەموو سیفەتەکانتدا کۆبووەتەوە..

تۆ گەورەی دڵیت..

تۆ روناکیی چاوەکانیت..

تۆ بەخشندەییت..

تۆ رازاوەییت..

تۆ هەموو ئافرەتانی جیهانی منیت..

لەبەرئەوەی هەریەکەمان داوای خواردنێکی جیاوازمان کردبوو، داوات کرد لەخواردنەکەی تۆ تاقیبکەمەوە، منیش



Scanned with Can

لەبەرئەوەی داواکارییەکەم جۆراوجۆر بوو خواردنەکەم بەمشێوەیە بوو:

Burger, cheese, leuuce, little Mayo and Buns only

بەڵام داواکارییەکەی تۆ تێکەڵ بوو لەنێوان سەوزەوات و ساسەکاندا..

-نا حەزم لە کەتچەب نییە.

-چۆن؟ بەڕاستیتە؟!

-بەسعودی قسەم لەگەڵ مەکە باشترە بۆ تۆ.

-بۆ؟

-لەبەرئەوەی شتێکی شێتانە دەکەم وەکو ماچکردنت لەبەرچاوی هەمووواندا..

-ئاوا؟

لێم نزیکبوویتەوەو ماچێکت لەسەر ڕومەتم کرد.. دواتر شوێنەواری سوراوەکەتم سڕییەوە..

چۆن کچێک لەم جەستەیەدا نیشتەجێ بووە کەشەرم لەپیاهەڵدان دەکات، بەڵام لەبەرچاوی دەیان کەسدا ماچم دەکات!

تەواو بووین لەنانی ئێوارەو تۆ جەختت کردەوە کەپارەکە بدەیت، منیش ڕەتمکردەوە..

چونکە من سەرەڕای کراوەیی و خۆرئاواییبوون و لیبراڵیەتەکەم، بەڵام هێشتا پیاوێکی خۆرهەڵاتی لەناخمدایە کەتەنها بەڕۆڵی پاڵەوانێتی ڕازی دەبێت..



Scanned with Can

-زویر ببم؟

-تەواو تۆ بیدە..

من پیاوێکی خۆرهەڵاتیم کەخاڵی لاوازییەکەی تۆیت..

دەرچووین لەناو وڵاتی تەمدا.. شوێنی بەیەکگەیشتنی خۆشەویستان..

سەرەڕای ساردیی کەشوهەواکە، هێشتا ڕێگریی لێ نەکردین لەوەی چێژ وەربگرین لە

Vanilla Ice Cream With Flake

دەستمانکرد بە گفتوگۆی جدی لەبارەی ئەم ئایسکرێمەوە

-الله لەو ڕۆژانەی کەنرخی ئەمە یەک پاوەند بوو

-ڕاستە .. هەروەها منیش.

-ئەوە تاکە شتێکە کە لەلەندەن ماوەتەوەو بازرگانێکی کوێتی نەهاتووە لقێکی لەکوێت بکاتەوە..

تۆ ڕاست دەکەیت!!! نازانم تەنانەت بۆچی گەشت دەکەین

So we grabbed our two ice creams and started walking all around London at night holding hands. your flake fell from the top of the ice cream, you loved licking the vanilla off then eating the whole flake

That sad look you had on your face

Oh Lord!! I used to break girls' hearts without caring



Scanned with Cam

I used to listen to their begging, tears, sorriness, and regrets but i never cared, and now this girl in front of me is sad because her flake fell

I immediately took your ice cream cone and gave you mine

that childish look you gave me was priceless we continued walking until you decided.

lets take the underground train where to?? any plans anywhere

we got our tickets and started hopping on the

Central Line looking for any destination and you stopped! when you saw an old person playing the saxophone you stopped and smiled, I have never seen someone enjoying music like you

-سەیرت کردم..

-یوسف

-گیان؟

-دەزانیت کەمۆسیقا خۆشەویستییە؟



Scanned with Can

-نا.. چۆن؟

-سەیری بکە ئەو لەپێناوی پارەدا نایژەنێت.. ئەو لەپێناوی خۆشەویستیدا دەیژەنێت..

خۆشەویستی  و مۆسیقا لەکەمترین ئەو شوێنانەدا ئۆقرە دەگرن کەپێشبینی دەکەیت تیایاندا بیاندۆزیتەوە.

ژمارەیەکی زۆر کەمیش کاتیان هەیە بۆئەوەی بوەستن و گوێ لەژەنینەکەی بگرن.. ئەوە ئەو خۆشەویستییەیە کەچاوەڕێمان دەکات و ئێمەش هەروا بەشێوەیەکی لاوەکی بەلایدا تێدەپەڕین.. ئەگەر بۆ ساتێک لەلای بوەستین.. ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێین دەیدۆزینەوە..

-کەواتە ئەوە هەڵسوکەوتێکی راست بوو لەمنەوە کەشوێنی دانیشتنەکەی خۆم لەناو فڕۆکەکەدا جێهێشت بۆ گەڕان بۆ خۆشەویستی؟

پێکەنیت...

-دوایی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت..



Scanned with Can

## دڵتەنگ و بەحەسرەتم بۆ ئەو شوێنە..

بۆ رۆژی دواتر لەبەیانییەکی زوودا پەیوەندیت پێمەوە کرد.. وەڵامم نەدایتەوە، چونکە تەنها چەند سەعاتێکی کەم خەوتبووم..

لەپاش چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کەوەڵامم نەدایەوە بیستم لەدەرگاکەم دەدرێت..

-هەستە هەستە بەیانییە دوێنێ چیمان وت.

لەپشت دەرگاکەوە گۆرانیی "راشد ماجید"ت دەووت..

بەخێرایی جلێکم لەبەرکردو دەرگای ژوورەکەم کردەوە، تۆ جلێکی وەرزشیت لەبەردا بوو، و قاوەکەت بەدەستەوە بوو، نەمزانیبوو ئەوە کوپی چوارهەمتە بۆیە لەلوتکەی چالاکیدا بوویت و بەدەنگێکی بەرز قسەت دەکرد..

-کوڕە..

-ها؟

-کوڕە..

-بەڵێ چیە.. ها.. فەرموو..

-شتی زۆرت لەپشتەوەیە..

بەخێرایی خۆم گۆڕی.. تۆش رووت کرد بەولاوە

-تەواو بوویت؟



Scanned with Can

- ئا ئا.

دەستت درێژ کردو کوپێک قاوەت پێدام، وەک ئەوەی بزانیت کەلەداهاتوودا ئالودەی دەبم..

کەمێکت بۆ بڕیم لە

almond croissant

کە بەدەستتەوە بوو و خستتە ناو دەممەوە..

منیش ئامادەی ڕۆیشتن بووم و تۆش لەپاڵ دەرگای ژوورەکەدا وەستابوویت..

-ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی بەیانییەک هەبێت کە ماچم نەکەیت..

لێت نزیک بوومەوەو تۆش رومەتت هێنایە پێشەوە، بەڵام من ئەو بەیانییە زووە هەڵنەستابووم، تەنها بۆئەوەی ماچێکی رومەتت بکەم..

ڕۆیشتین..

وێستگەی یەکەممان کۆمەڵگەی "هارۆدز"ی بەناوبانگ بوو لەنێوان نهۆمەکانیدا دەگەڕاین.. تۆ بازاڕت دەکردو منیش یارمەتیم دەدایت..

ببورە تۆ بازاڕت دەکردو منیش جانتاکانم بۆ هەڵگرتبوویت..

هەرکات تۆ پرسیارت لێدەکردم کەڕات چۆنە، منیش بەردەوام دەموت زۆر.. ئەوە خۆت دیاری دەکەیت کەمەبەستی من لەزۆر چییە..

جوانە یان ناشیرین..

چونکە کاتێک ئافرەت پرسیار لەبۆچوونی پیاوێک دەکات لەکاتی کڕیندا بەدوای بۆچوونی ئەودا ناگەڕێت، بەڵکو دەیەوێت دەنگێک ببیستێت کەبۆچوونەکەی خۆی پشتڕاست بکاتەوە..

لەکاتی ڕۆیشتنماندا هەندێک لەجلوبەرگەکانمان بەهەڵە خستە سەر زەوی..

هەردوکمان چەماینەوە بۆئەوەی هەڵیانبگرینەوە..

کاتێک سەرم بەرزکردەوە بینیم سەیرم دەکەیت..

-بەڕاستی زۆر دڵخۆشم کاتێک تۆ لەژیانمدایت..

زیاتر لێت نزیکبوومەوە..

-بەڕاستی زۆر دڵخۆشم کاتێک تۆ لەژیانمدایت..

وەستایت و سەیرێکی دەوروبەرمانت کرد..

-یوسف.. یوسف.. یوسف..

کاتێک بیرۆکەیەکی شێتانەت بۆ نەیەت بەوشێوەیە ناوەکەم دووبارە ناکەیتەوە..

-داوایەکت لێ بکەم؟

کچی پاشاکان داواکاری ناکەن..

-تەنها بڵێ دەمەوێت؟

-دەمەوێت.

-باشە

-دەمەوێت پاڵەوانی چیرۆکەکەت لێرەدا پاڵەوانە کچەکەی خۆشبوێت.. دەمەوێت لێرەدا بیبینێت..

-لەلەندەن؟



Scanned with Can

-بەڵێ.. بەدیاریکراوی لە"هارودز" عاشقی ببێت.

بەگاڵتەوە سەیرم کردیت،

-لێرەشدا ئەو جانتایەی بۆ بکرێت کەدەیەوێت؟

بەدەنگێکی بەرز پێکەنیت و من بیرکردنەوەتم دەخوێندەوە..

دەمزانی هەموو ئەوەی بەمێشکتدا دێت چییە.. گوێم لەدەنگی قسەکردنت بوو لەگەڵ خۆت..

لێت تێگەیشتم بەرلەوەی خۆت تێمبگەیەنیت.. عاشقت بووم.

بەلام ئێستا..

عیشق وشەیەکی بچوکە لەبەردەم گەورەیی خۆشەویستیتدا..

ئێستا خۆشەویستیت ئەو خۆرئاوابوونەیە کەشەونخونی دەکات و دڵم ماندوو دەکات.

ئێستا خاتری تۆ لەملیۆنێک خاتر زیاترە..

چونکە ملیۆن ژمارەیەکی بچوکە.. ژمارەیەکە بەئاسانی دەژمێردرێت..

شەش سفر بەس نییە بۆ وەسفکردنی خۆشەویستیم بۆت..

خاتری تۆ هاوتای ئەو ژمارەیەیە کەکاتێک لەحاسیبەیەکدا دەینوسیت وەلامەکەی بریتی دەبێت لە:

error

خاتری تۆ هاوتایە لەگەڵ:

error

لەخاتر

خاتری تۆ هاوتایە لەگەڵ خاتری بێکۆتا..

..



Scanned with Cam

لێرەدا "عەلی" هات.. بۆ یەکەمجار سەیری "دەلال"ی کرد..
لێرەدا "عەلی" "دەلال"ی خۆشویست لەیەکەم بینینەوە..
لێرەدا هەمووی ئەوەی داوات لێکردبووم هاتە دی..

..

خۆمان بۆ ماڵئاوایی کردن ئامادە دەکرد..
لەسەر ئاوازی خۆشەویستی سەمامان دەکرد..
لەیەکێک لەوێستگەکانی شەمەندەفەر مۆسیقامان دەژەنی..
لەڕێی کەمانی خۆشەویستییەوە دەمانژەنی، لەسەردەم و نیشتمانێکدا کە دان نانێت نە بەمۆسیقاو نە بە خۆشەویستیدا..



Scanned with Cam

## جوانترین ئافرەتی دنیا..

پاش دابڕانێک گەڕامەوە بۆ ماڵەوە.. باوەشم کرد بەدایکمدا، چونکە زۆر بیرم دەکرد..

بیری خواردنەکانیم دەکرد.. قسەکانی و بۆن و بەرامەی..

دیارییەکەیم دەرهێنا لەنیویۆرک و لەندەنەوە.

دەستمان بەقسە کرد.

دایکم "جەمیلە"..

باش من دەناسێت..

لەدووریی هەزاران میلەوە دڵخۆشیی من دەخوێنێتەوە..

بێ ئەوەی بیبینم دەتوانێت هەست بەخەفەتباریم بکات..

لەتۆن و واتای دەنگم تێدەگات..

ناتوانم درۆ لەگەڵ دایکم بکەم، چونکە ئەو زیاتر لەوەی بتوانتم درۆی لەگەڵ بکەم من دەناسێت..

بەڵام هەندێجار خۆی بەدرۆ دەخاتەوەو باوەڕ بەمن دەکات..

ئەوڕۆژە نەمتوانی باسی تۆی بۆ بکەم، لەبەرئەوەی من نهێنیپارێزم..

قورسە لەسەرم ئەو هەستەی بەرامبەر تۆ هەمە ئاشکرای بکەم..

یان رەنگە تۆ لەقسەکردن قورستر بیت..
بەدڵنیاییەوە تۆ لەبێدەنگیش قورستریت..
دەستیکرد بەباسکردنی ئەو شتانەی لەدەستم چووبوو لەکاتی گەشتەکەمدا.
من باشترین هاوڕێی بووم..
دەزانێت کەهەر شتێکی ویست دەتوانێت پێم بڵێت..
سەریم ماچ کردو چووم بۆ ژوورەکەم، لەبەرئەوەی کەمێک بیرم کردبوو.
چونکە من سەرەڕای گەشتە زۆرەکانم، بەڵام حەزم بەگەشتکردن نییە..
تەنها فڕۆکەم خۆشدەوێت..
من بۆ هەڵاتن گەشت دەکەم..
نەک بۆ چێژوەرگرتن..
لەدەستی ئەو دەنگە بێزارکەرانەی ناو مێشکم هەڵدێم..
تەنها بەدەرچوونم لەشارەکەم ئەو دەنگانەش جێمدەهێڵن..

..

مۆبایلەکەم لەرییەوە..
نامەیەک بوو لەژمارەیەکەوە کەسەرەتاکەی 965 بوو.
ئەوەی بیزانم ئەو سێ ژمارەیە هی تۆیە..
نیویۆرکی و لەندەنی و لەکۆتاییشدا کوێتی..
نامەکەت هەروەک ئەوانیتر پەنهان بوو..
لەکوێیت؟

خێرا وەڵامم دایەوە:

لەدڵتدا..

هەر ئێستا گۆرانییەک هەڵبژێرە..

چەند چرکەیەک بیرم کردەوەو وەڵامم دایەوە:

"جوانترین ئافرەتی جیهانی -سابیر روباعی-"

هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو..

ناردم بۆت.

کەی بتبینم؟

وەڵامت دامەوە بە:

دەمەوێت بڕۆم بۆ بازاڕی موبارەکیە.

داوای ژمارەکەتم کردو پەیوەندیم پێوەکردیت، لەبەرئەوەی تامەزرۆی (هلا هلا) بووم بەدەنگی تۆ، کەچۆن پیتەکانی درێژدەکەیتەوە..

وەک منداڵێک کە هەرئێستا لەقوتابخانەوە گەڕاوەتەوە بۆلای دایکی..

ئەویش بە (هلا هلا) پێشوازیی لێبکات.

..

قسەکانمان زۆر درێژنەکردەوە.. ویستم بڕۆم بۆ موبارەکیەو وەڵامی من ئەوە بوو کە: "تەنها بڵێ دەمەوێت".

-دەمەوێت..

-دەتەوێت بەیەکەوە بڕۆین؟

-بەڵێ پێم خۆشە..



Scanned with Can

چەند خولەکێک بوو کەمۆکارەکەی قەرەباڵغیی رێگاکانی کوێت بوو، زۆر ئاواتەخواز بووم کە(ئیستۆن مارتن) بیتوانیایە رێگاکە کورت بکاتەوە، هەروەکو ئۆتۆمبێلە چوار پاڵنەرەکان.. لەناوچەی (سـوررە)وە بۆ ناوچەکەتان و دوای گەیشتنم، دەستم کرد بەپرسیارکردن لەبارەی ئەو شەقامەی ماڵەکەتانی لێیەو ژمارەی ماڵەکەتان و بەمۆبایل پێتوتم کـەدوو رێگای چوونەناوەوە هەیەو تۆ لەسەرەکییەکەیانەوە مەڕۆ..

تۆش بەخێرایی هاتیت بۆلام و رۆیشتین..

سەیری ئۆتۆمبێلەکەمت کرد..

دەستت کـرد بەرێکوپێککردنی، وەک چـۆن دەستت کرد بەرێکوپێککردنی ژیانم..

دەڵێن ئافرەت ژیانی پیاو دەگۆڕێت و باشتری دەکات..

لەپێش تـۆدا دەیـان ئافرەت هـەبـوون.. هەندێکیان مـاوەی مانەوەیان لەژیانمدا لەچەند رۆژێک تێنەپەڕیوە..

هەیانبووە بـۆ چەند ساڵێک مـاوەتـەوە.. بـەڵام هەرگیز خۆشەویستیم لەگەڵ کەسیاندا نەکردووە..

..

ئافرەت ژیانی پیاو ناگۆڕێت..

وەک چۆن پیاویش ژیانی ئافرەت ناگۆڕێت..

بەڵکو ئەوە نیوە ونبووەکەتە کە بۆ تۆ دروستکراوە، ئەوەیە کەژیانت دەگۆڕێت..

"ئادەم" بژاردەی لەبەردەستدا نەبوو..

خودا "حەوا"ی لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکەدا نیشان نەدا..

چونکە خودا دەزانێت کەهەر پیاوێک نیوەیەکی هەیە کەتەواوی دەکات و نموونەییە بۆی..

"حەوا"ش نیوەی "ئادەم" بوو..

ئەگەر بەڕاستی ئەو هۆکاری دەرکردنی بووبێت لەبەهەشت – من باوەڕم وانییە – بەڵام بڕوام وایە ئەگەر سەردەم بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی "ئادەم" و ئەو ڕۆژەی "حەوا"ی تێدا دروستبوو، ئەوا جگە لەئەو داوای کەسیتری لەخودا نەدەکرد..

ئافرەت بەهەشتی خودایە لەدنیا..

تۆ بەهەشتی منیت لەدنیا..

..

دەستتم گرت و بەناو موبارەکیەدا دەڕۆیشتین و کەشەکەی زۆر جیاواز بوو لەنیویۆرک و لەندەن، بەڵام گوێمان پێ نەدەدا..

خۆمان سەرقاڵ نەدەکرد بەو ڕوانینانەی چاودێریان دەکردین..

چونکە لێرە هیچ کەسێکم نەدەبینی جگە لەتۆ..

-یوسف.. یوسف.. یوسف!!

بەدڵنیاییەوە بیرۆکەیەکی شێتانە بەڕێوەیە..

-داوای شتێک بکە..

-باشە..

دەمەوێت (عەبای خوری)م بۆ بکڕیت..

ماوەیەک بوو فێربووبووم کەنەپرسم بۆچی.. خەریکبوو ڕادەهاتم لەسەر شێتییەکانت..

-ئیشەڵا..



Scanned with Can

ڕۆیشتین و تۆش دڵخۆش بوویت بە عەباکە..
منیش دڵخۆشم کاتێک تۆ دڵخۆش دەبیت..

..

کاتێک دەکەویتە خۆشەویستییەوە..
تۆ زۆر ناگۆڕێیت..
هێشتا بیر لەخۆویستی دەکەیتەوە..
یەک کەست بەلاوە گرنگە..
نەک دووان..
پێش خۆشەویستی تەنها خۆت بەلاوە گرنگە..
دوای خۆشەویستیش تەنها ئەوت بەلاوە گرنگە..
کاتێک دەکەویتە خۆشەویستییەوە..
دەنگە بێزارکەرەکان لەمێشکتدا بارگەیان دەپێچنەوە..
بەرەو دڵت..
بەڵام تۆنێکی مۆسیقییان دەبێت..

..

کاتێک دەکەویتە خۆشەویستییەوە..
دەتوانیت هەست بکەیت کێ لەچواردەورتدا خۆشەویستی دەکات..
روانینی لەگەڵ دەگۆڕێتەوە، وەک ئەوەی بەگوێیدا بچرپێنیت:
"بەتەواوی دەزانم هەست بەچی دەکەیت"؟

..

کاتێک دەکەویتە خۆشەویستییەوە..
ئازار دەکێشیت..

## یەکەم ناکۆکی..

ڕۆژێک کەسێک هات بۆلام و وتی: من و ئەوەی خۆشم دەوێت هەرگیز ناکۆکی ناکەوێتە نێوانمانەوە..

پێموت پیرۆزت بێت و لەدڵەوە هەستم بەناڕەحەتی کرد بۆی..

..

کاتێک درەنگ لەکارەکەم گەڕامەوەو پەیوەندیم پێوە کردیت، پێویست بوو لەسەرم بەشێوەی گەڕانەوە لەکار قسەت لەگەڵ بکەم..

پەیوەندیم کردو وەک جاران وەڵامت نەدامەوە..

بۆ جاری دووەم پەیوەندیم کردەوە..

جارێکی تر..

خۆم زۆر تورە دەبووم کە کەسێک پەیوەندیی پێمەوە دەکردو وەڵامم نەدەدایەوەو ئەویش چەندبارەی دەکردەوە، تەنها یەک جار بەسە..

"هەرکەس عەیبە بگرێت پێی تاقیدەکرێتەوە".

لەدوای جاری دەیەم وەڵامت دایەوە، لەشوێنێکی قەرەباڵغدا بوویت و بەو تۆنەی من پێم خۆشبوو وەڵامت نەدامەوە..

گوێم لە "هلا هلا" نەبوو..

تۆ لەکوێیت.. دەنگم کەمێک بەرز بوو.

من لەگەڵ یەکێک لەهاورێکانم لەدەرەوەم..

ببورە!!

لەگەڵ هاورێی کوردا چوویتە دەرەوە؟

"قورەکە خەستتر بووەوە".

دەنگی گەنجێک دێت کەبانگت دەکات و دەڵێت: "من لێرە دانیشتووم"!

بەتەواوی شێت بووم..

نەمدەزانی ئەو هەستە چی بوو، چونکە پێشتر هەستم پێ نەکردبوو..

ئەمەیە کەپێی دەڵێن غیرە؟

ئەگەر ئەوەی هەستی پێ دەکەم غیرە بێت..

ئەوا غیرە زۆر لەسووتانەوەی دڵ و ئازاری قوڵۆن دەچێت، لەپێش تۆدا بەردەوام ئازاری کۆئەندامی هەرس و قورحەم هەبوو، نازورەکانی دکتۆر (موساعید عەسفور) بەڵگەن لەسەر ئەوە..

رۆژانە دەیان دەرمان کەهیچ سودێکیان نەبوو..

لەوکاتەوە کە لەنیوییۆرک بووم، تاکو ئەم ساتە، هەستم بەهیچ ئازارێک نەکردبوو..

بەڵام وادیارە ئێستا ئازارەکە تیژە..

هەناسەتوندییەک کەتورەبوونێکی زۆری لەگەڵدایە..



Scanned with Can

هیچم نەووت..
تۆش بەناوی خۆم بانگت کردم و ڕەنگە وشەی (خۆشەویستم) هەندێک لەئازارەکەمی کەم کردبێتەوە..
بەوپەڕی لەسەرخۆییەوە تەلەفۆنەکەم داخستەوە، لەوانەیە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکە وای بکردایە لەکاتی توڕەییدا هەندێک شت بڵێم کەدواتر لێیان پەشیمان ببمەوە..
پیاو لەکاتی توڕەییدا ڕاستترین وشەکانی دەڵێت..
زۆرترین ئازار.. پەشیمانیشی لەگەڵە..
تەنها کاتێک هێزی پیاوت بۆ دەردەکەوێت کەتوڕە دەبێت..
هێمنیی توڕەبوونەکەشی داناییەکی زیرەکانەیە..
تاقیکردنەوەی پیاوەتی ناکرێت لەکاتی ئەوپەڕی توڕەییدا نەبێت..
یان شکست دەهێنێت کاتێک دەکەوێتە چاڵی هەڵچوون و توڕەبوونەوە، یان سەرکەوتوو دەبێت بەکشانەوەی لەقسەکردن..
پەیوەندیت کردەوەو وەڵامم نەدایتەوە.. ئەوە جاری یەکەم بوو کەوەڵامت نەدەمەوەو پەیوەندییەکانت تاکو ئێوارە درێژەیان هەبوو..
منیش وەڵام نادەمەوە..
تاکو نامەیەکی تۆم پێدەگات..
"سورڕە..ق..ش..ماڵەوە".
ناونیشانی ماڵەکەم بوو..
نامەیەکی تر بەدوایدا هات..

"پێنج خولەکی تر لەبەردەم ماڵی ئێوە دەبم"!
دوای ئەو نامەی سێیەم..
"ئەگەر نەهاتیتە دەرەوە من دێمە ژوورەوە".
ئاواتەخواز بووم نەیەمە دەرەوە بۆلات..
دەمویست ئەو شێتبوونەی ئافرەت ببینم کەلەناختدایە..
بەڵام بینیم کەبەپێی خۆم هاتمە دەرەوە بۆلات..
جامی ئۆتۆمبێلەکەت بۆ کردمەوە..
-سەرکەوە.
-نامەوێت.
-لەبەر خودا.. دەمەوێت.. کەمێ: قسەت لەگەڵ بکەم..
وشەی دەمەوێت لەلێوەکانتەوە جادووە..
وادەکات هەرگیز توانای رەتکردنەوەم نەبێت..
هاتمە ناو ئۆتۆمبێلەکەت و بەخێرایی رۆیشتیت.. وەک ئەوەی منت رفاندبێت و نیشانەی تورەیی بەڕوخسارمەوە دیاربوو..
دەستت درێژکردو وەڵامم نەدایەوە.. شانم بەر شانت کەوت..
-چیتە؟
-هیچ.
-شێخ درۆم لەگەڵ دەکەیت؟! لەگەڵ من؟
هیچم نەووت..
نەمتوانی..
کەبڵێم غیرەت لێدەکەم بەرامبەر هەموو کەسانی دەورووبەرت..
نەمتوانی..

کەدەخوازم زیندانی ناوەندی بکرێم و تۆی تێدا بەند بکەم و بەبەردەوامی چاودێریت بکەم..

نەمتوانی..

کەبڵێم غیرەت لێدەکەم..

هەستێکی نوێ و نامۆ لەسنگمدا جێگیر بووە..

بەئازارەو هەستم دەسوتێنێت و وادەکات بەدەنگێکی زۆر بەرز هاوار بکەم:

"تۆ بۆ منیت".

دەستت کرد بەشیکردنەوەی چۆنیەتیی کارە خێرخوازییەکەت کەپەیوەندیی زۆری هەیە بەکارکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر..

بابەتەکەم زۆر بەلاوە جێی بایەخ نەبوو، بەڵام هەرشتێک تۆ دڵخۆش بکات من ناتوانم بەر بەدڵخۆشیی تۆ بگرم..

بەوپەڕی خۆشەویستییەوە سەیرت کردم..

-غیرەکەتم پێ خۆشە..

من پێم خۆش نیە، چونکە کاتێک پیاو غیرە دەکات دەبێتەوە بەمنداڵێک و تۆش دایکیت کە لەگەڵ منداڵێکی دیکە یاری دەکەیت و منداڵەکەی خۆت دەست دەکات بەگریان..

هیچ منداڵێک نایەوێت کەس دایکی لێ بسەنێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت..

منیش دەزانم کەمەحاڵە دڵت بەلای هیچ کەسێکدا بڕوات جگە لەمن..

بەڵام ناتوانم غیرە نەکەم..



Scanned with Can

وەک شێرێک کەلەناو دارستانێکدایەو گەورەیەتی..

لەبەرامبەر باڵندەی نەورەسدا غیرە لەبێچووەکەی دەکات، کاتێک دەبینێت قسە دەکەن..

بریا ئێمەش لەناو دارستانێکدا بووینایە.. نەورەسم دەکردە پاروویەکی چەور..

لێم نزیکدەبوویتەوە.. وەک ئەوەی پاداشتی غیرەکەم بدەیتەوە..

ماچێکت کردم..

یەکەم ماچ لەدوای یەکەم ناکۆکی..

هەرگیز لەبیر ناچێتەوە..

..

یەکەم ماچ لەدوای یەکەم ناکۆکی..

وایلێکردم ئاواتەخواز بم هەموو رۆژێک ناکۆکیمان هەبێت..

..

یەکەم ماچ لەدوای یەکەم ناکۆکی..

هەموو ناکۆکییەکانت لەبیردەباتەوە..



Scanned with Can

## دڵدارییە یان عەشق نازانم!!

هەموو شتێک نازانم، بەڵام دەزانم کەتۆم خۆشدەوێت..
دەزانم بیرکردنەوە لەتۆ ئاسودەم دەکات..
نازانم لەکوێدا تەواو دەبین..
بەڵام ئەوە بەسە کە لەگەڵ تۆدا بەڕێدا دەڕۆم..
نازانم بەرەو کوێ دەڕۆم..
بەڵام تروکانی چاوەکانت ڕێنیشاندەرمە..
نازانم کەی ئەوەی دەمەوێت دەیدۆزمەوە لەدنیادا..
بەڵام بوونی تۆ ئێستا لەگەڵمدا جێگای هەموو شتەکانی دنیام بۆ پڕدەکاتەوە..
..
نازانم کەی دەمرم..
بەڵام دەزانم کەئێستا دەژیم..
پێشتر لەبێهۆشیی دنیادا بووم..
ئێستا من دەژیم..
ئێستا بەختەوەرم..
ئێستا تۆ لەگەڵمدایت..
"لەدوای تۆ کێ گرنگە؟"



Scanned with Can

هیچ شتێک، نە لەپێش و نەلە دوای تۆ..
هیچ شتێک وەک تۆ نییە..
هیچ شتێک شان نادات لەجوانیی تۆ..
کاتێک پیاو دەکەوێتە خۆشەویستییەوە دەیەوێت بەنهێنی بیهێڵێتەوەو بۆ کەسی باس نەکات..

وردە وردە ترسی تۆم هەبوو لەکاغەزەکانم..
چونکە چیرۆکی خۆم لەگەڵ تۆ بۆ باس دەکرد..
وردەکارییەکانت..
جوانیت..
ڕۆژەکانم لەگەڵت..
دەکرێت بەم جوانییە بکەوێتە خۆشەویستییەوە؟
وادەکات هەست بکەم لەسەروو هەورەکانەوەم..
دەبینم هەوری تۆ هیوا بەسەر بیابانی وشکهەڵهاتوومدا دەبارێنێت..
خەریکبوو وردەکارییە بچوکەکانم خۆشدەویست..

..

پێم خۆشە زۆر سەیرت بکەم..
چونکە روخسارت دڵ و چاوەکان ئاسودە دەکات..

..

پێم خۆشە دەست لەدەستە مۆرکراوەکانت بدەم..
بۆنی عەترەکەت بەشانەکانمەوە دەمێنێتەوە تەنانەت لەدوای ڕۆیشتنیشت..

هەموو شتێکی تۆم پێ خۆشە..

ئەو چاوانەتم خۆشدەوێت کەپێشتر بەڵێنم پێدایت کەلە کتێبەکەمدا بەشێکی تەواوی بۆ تەرخان بکرێت..

تەماشام دەکردو نهێنییەکانی گەردوونم تێدا دەبینی..

چاوە بریقەدارەکانت و بەهێزیی ڕەشایی و سپیاییەکەی دلم دادەخورپێنن..

کاتێکیش بەشەرمەوە سەیرم دەکەیت گەورەیی چاوەکانت دەردەخات..

"الله اکبر لەگەورەیی ئەو چاوە".

چاوەکەی دیکەش خومارە.. هەموو چاوێک کەدەیبینێت دەحەسێتەوە..

سوێندت بۆ دەخۆم، کە بڕوام وابوو ئەو ڕەشاییەی لەگەڵ چاوەکانتدایە بەهۆی کلەوەیە، بەلام -تەنها بۆ یەک جاریش- قەڵەمی کلم نەبینیوە لەجانتاکەی دەستتدا.. کاتێکیش موویەک چووە ناو چاوتەوە بەخێرایی شۆردمانەوە بۆئەوەی سوورنەبێتەوە..

بینیمان کەکلەکە ناشۆڕێتەوە، وەک ئەوەی لەزنجیرە دراماکاندا دەیبینین کاتێک لەچاوییەوە بەرەو چەناگەی ڕێچکە دەبەستێت..

دەرکەوت کەئەوە خودایە چاوەکانی تۆی ڕشتووە، هەروەک چۆن چاوی منیش دەڕێژێت کاتێک تۆ دەبینم..

وتەکەی (صریع الغوانی)م بیرکەوتەوە.



Scanned with Can

چاوێکی ڕەش کەبە کل ڕەشی نەکردووە.. ئەو دانانەی هیچ ڕەشبوونێکی تێدا نییە..

کاتێک چاوم تێدەبڕیت، چاوەکانتم خۆشدەوێت.. برۆکانت بەهۆی غیرەوە چرچ دەکەیت..

-ئەو ئافرەتە کێیە؟ بۆچی بۆ تۆ پێدەکەنێت؟

دەتوانم بیانووت بۆ بهێنمەوە کە نایناسم و لەوانەیە باوەڕ بەوە بکەیت یان باوەڕ نەکەیت، لەوانەشە کات و ماندوو بوون بۆ خۆم بگەڕێنمەوەو لەبەرچاوی ئەودا ماچت بکەم.. دوای ئەوە بەباشی دەزانیت کە من نایناسم..

..

چاوەکانتم خۆشدەوێت، کاتێک بەیانیان سەیرم دەکات و تیشکێکی هەیە کەشان لەشانی تیشکی خۆر دەدات، کەدەچرپێنێت بەگوێمدا بابڕۆین بۆ بازاڕکردن..

..

چاوەکانتم خۆشدەوێت، کاتێک بەدیارییەک غافڵگیرت دەکەم بەبێ بۆنە، ئەوانیش دەدرەوشێنەوەو فرمێسکی شادی دەڕێژن..

..

چاوەکانتم خۆشدەوێت، کاتێک رادەمێنیت و بیردەکەیتەوەو سەیری منداڵی براکانم دەکەیت و پاشان بڕیار دەدەیت لەگەڵ خۆت بیانبەیت بۆ کۆمەڵە، بۆئەوەی هەرچیەک بیانەوێت بیکڕن و ئاسودەیان بکەیت، وەک چۆن مامیان ئاسودە دەبێت..

پاکی و بێگەردی بۆ خودا هەموو بنەماڵەکە عاشقی تۆن..



Scanned with Cam

چەندە غیرەم کرد کاتێک داوات لە"جاسم" کرد پێش ئەوەی لەئۆتۆمبێلەکەت دابەزێت ماچت بکات کە کیسێکی پڕلە شیرینی بەدەستەوە بوو..

ئەویش بەخێرایی ماچیکردیت و ڕۆیشتە ژوورەوە..

..

-ببورە بەڵام دەزانیت ڕازی نابم..

-من لەبنەڕەتدا بۆئەوە تۆم هەڵگرت..



Scanned with Cam

## مێینەی کەوان..

من پیاوی گا-م..
دەتوانم لەشێر هەڵبگەڕێمەوە..
قرژاڵ لەتوپەت بکەم..
دوانەو فەریک لەدەستم هەڵدێن..
خێرایی هەنگاوەکانم وەک تەرازوو لاردەبنەوە..
گیسکیش بەلایەوە گرنگ نیە کەزیانی پێ بگەیەنم..
نەهەنگیش لەترسی من لەدەریا نایەتە دەرەوە..
کاوڕێکم لەدڵمدا هەڵگرتووە کەشاخەکان بەرگەی ناگرن..
لەسامی من سەتڵ دەکەوێتە خوارەوەو قرژاڵێک لەناویدایە
کەلەترسی من دووردەکەوێتەوە..
من وەستاوم و گەورەی هەموو ئەستێرەو بورجەکانم..
تەنانەت لەدوورەوە ئاماژەم بۆ مێینەیەک کرد..
مێینەی زستان..
و کۆتایی مانگەکان..
ئەو بەهێزترینیانە..
ئەو نایابترینیانە..



Scanned with Can

ئەو شاژنیانە..
تیرەکانی خۆی دەهاوێژێت..
ئێسکەکانی "گا" دەبڕێت و دەیدات لەدڵی..
و دەکەوێت..
بە خۆشەویستی ئەو..
کێشەی من لەگەڵ تۆیە.. ئەی مێینەی کەوان..
بەوەی تۆ دووریت..
لەگەڵ ئەوەشدا تیرەکانت لەدوورترین مەوداوە بکوژن..
دووری رێگریی ئەوەت لێ ناکات کەبکەویتە خۆشەویستی مێینەی کەوانەوە..

..

لەبەردەممدا دانیشتیت و پێدەکەنیت..
تۆ دەزانیت کەجوانترین رۆژی ساڵمان لەپێشە..
ئەو رۆژەی ئاسمان پێکەنی..
تۆ بەگریانەوە هاتیتە دنیاوە..
ئەگەر ئەو رۆژە من لەوێ بوومایە هەڵمدەگرتیت و سەرتم ماچ دەکرد..
هەمیشە بیرکردنەوەکانم بەدوامەوەن..
ئاواتێکە کەیەکەم پیاو بم لەژیانتدا..
مەبەستم یەکەم عاشق نییە..
نا نا..
دەمەوێت یەکەم پیاو بم کە تۆ دەبینێت..
دایکت هەڵتبگرێت و پێشکەشت بکات بە من..



Scanned with Can

منیش تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانم خۆشمبوێیت..
ببینم لەبەرچاوی خۆم گەورە ببیت..
دەمەوێت کاتێک تۆ یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەتە من لەوێ بم..
دەمەوێت من بم کەجانتای قوتابخانەکەت و ژەمە خواردنەکەت بۆ ئامادە دەکەم..
دەمەوێت یەکەم کەس بم کەکاتێک دەچیتە دەرەوە باوەشی پێدا دەکەیت..
ساڵەکان لەچاوانتدا ببینم..
دەڕۆیت و دەڕۆم و لەلوتکەی بەختەوەریمدام..
بەڵام ئەوەی ڕۆیشت گرنگ نییە..
ئەوەی ڕۆیشت ناگەڕێتەوە..
تۆ گەنجینەیەکیت لەزێڕ..
کەبۆنی عودو بخوردی لێ بەرزدەبێتەوە..
ئەوە گرنگ نییە کەچەندێک پارە
ڕۆژێک لەڕۆژان پێت بووە..
گرنگ ئەوەیە کەئێستا پێتە..
منیش ئێستا تۆم هەیە..
ئەوە لەدایکبوویەک دەکاتە هەژار..
یەک ملیۆن شـازادەش هێندەی من دەوڵەمەند ناکات.. تۆم لەگەڵیت..

..



Scanned with Cam

بیست و چوارەم ساڵت لەپێشە..
یادی لەدایکبوونت زۆر پێ خۆش بوو..
پێت خۆشە هەر خولەکێکی بقۆزیتەوە..
بەڵام من لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەیەکدا بووم..
ئەوەی کەئەم ساڵت لەهەموو ساڵەکانت باشتر بێت..
دەمویست رۆژێکی لەبیرنەکراو بێت..
بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە..
بەیانی پەیوەندیم بە (باوکی حوسام) کردو جەختی کردەوە کە گوڵ ئامادەیە بۆ گوڵ..
منیش جەختم کردەوە کەگوڵەکە گەش بێت..
نامەوێت ئەوکاتەی تۆ دەیبینیت بمرێت..
..

هەروەها پەیوەندیم کرد بەکۆمەڵەی 360و داوای ژمارەی (نیسبرسۆ)م کردو بەباشی دەزانم حەزت لەچییە..
فەرمانبەرەکە بەڵێنی پێدام کەئەو ئامێری قاوەیەی چەند مانگێک لەمەوبەر داوات کردبوو گەیشتووە..
لەبەردەم دوکانێک وەستام و بەکرێکارە ئافرەتەکەم وت هەموو ماکەرۆنەکانم دەوێت، پێش تۆ نەمدەزانی ماکەرۆن چییە..
الله چەندە جوانە.. پێشتر وامدەزانی جۆرێکە لەمەعکەرۆنی..
پاشان ئامێری قاوەکەیان بۆ هێنام..
تۆش بەپێی رێکەوتنمان دەبوو بچیت بۆ ئارایشتگای

جوانکاری و چێژ لەسەعاتێک خاوێنی وەربگریت، تاکو من لەکارەکەم تەواودەبم..

..

بەڵام شەوی رابردووم بەنووسینی نامەیەک بەسەربرد بۆت..

نامەیەک کەخوێندمەوەو دووبارەی ناکەمەوە..

جوانترین ئەو شتانەی دەینووسین.. ئەوەیە کەدووبارە نایخوێنینەوە..

چونکە هەندێک لەوشەکان وەک تابلۆیەکی هونەری وان، کەناتوانیت لەدوای تەواوبوونی دەستکاریی بکەیت..

گوڵەکانیش ئامادەن و دانەیەکیانم فڕێ دا بۆئەوەی ژمارەیان ببێت بە بیست و چوار..

بەخێرایی هاتم بۆ لات..

تەلەفۆنەکەم لێیدا..

پەیوەندییەکە لەشوێنی کارەوە بوو..

ئامادەبوونی ئێستام بۆ ناچارییە..

ترسی کەمیی کاتم بۆ هات، بەڵام ویستم ئەگەر بۆ جارێکیش بێت بەسەریدا زاڵ ببم..

پێموابوو هێشتا کات ماوە..

لەنیویۆرکەوە فێرنەبووم کەکات هەرگیز لەڕیزی مندا نییە..

دەستت کرد بەپەیوەندی کردن..

منیش وەڵامم نەدەدایەوە..

خراپترین یادەکانی تۆ بوو..
بەخێرایی کارەکەم بەجێهێشت..
پەیوەندیم کردو وەڵامت نەدامەوە..
کورتەنامەیەک لەتۆوە..
"چیت دەوێت؟"
بەخێرایی وەڵامم دایتەوە..
تەنها خولەکێکم دەوێت..
..
وەڵامەکەم بەخێرایی بۆ هاتەوە کەبکوژ بوو..
لەگەڵ هاوڕێ کچەکانم دەڕۆمە دەرەوە..
..
پاڕامەوە کەباش تۆ دەناسم..
..
دڵت هەمیشە دەبووڕێت..
فراوانییەکی بێسنوری هەیە..
با لێم ببورێت..
نەک لەبەرئەوەی من شیاوی لێبوردن بم..
بەڵکو لەبەرئەوەی دڵت شایستەی ئاسودەیی لێبوردنە..
..
دڵت هەمیشە بەهۆی منەوە ئازاری پێدەگات..
هەمیشە بەبێ مەبەست برینداری دەکەم..
ئەو بریندارم دەکات و منیش برینداری دەکەم..
..



Scanned with Cam

لەبەردەممدا وەستایت..و تورە بوویت..

..

خۆشمدەویستیت تەنانەت خۆشەویستیشم بریندارى دەکردیت..

..

دابەزیم و دەرگای دواوەی ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە..
گوڵەکانم هێنایە دەرەوە..
پاشان دیارییەکان..
لەبەردەمتدا وەستام..
ماچم کردیت..
پشتم هەڵکرد..
بەخێرایی راتکردو باوەشت پێدا کردم..

..

هێشتا کات ماوە بۆ نیوەی شەو..

..

زستان و تۆ شتێکی جوانن..
کاتێک تۆم لەگەڵ بیت پێویستم بەپاڵتۆکەم نابێت..
چونکە تۆ گەرمیی زستانیت..
و شنەبای هاوین..
تۆ چوار وەرزیت لەیەک کەسدا..
تۆ بۆخۆت کاکێشانێکیت..
ڕێگای شیری شان نادات لەشانت..



Scanned with Can

You have your own Milky Way
you are my universe.
You are my sun

٭ دەخوازم بەردەوام بێت.. خۆرەکەت ئاوا نەبێت..

..

بەڵام ئەگەر خۆرەکەشت ئاوا بوو..
ئەوا تۆ مانگی چواردە یان پانزەی هەر مانگێکیت..
تۆ مانگی تابانیت.. مەحاڵە ببیت بە کەوانە یان دیارنەمێنیت..
خۆری تۆ لەژیانمدا هەرگیز ناگیرێت..
مانگیشت ناگیرێت..
تۆ کاتیت..
شوێنیت..
یادەوەریت..
دیاریت..
بۆن و بەرامەیت..
گەورەی ئامادەبووانیت..
گەورەی هەموو جوانییەکانیت..
..
کێکەکە هات و مۆمیشی لەگەڵ بوو.. ئێمە لەیەکێک لەئوتێلە دوورلە ژاوەژاوەکانی کوەیت بووین..
وەستایت و سەیری کاتت کرد..
سەعات یانزەو یانزە خولەکی ئێوارەیە..

و ڕۆژی لەدایکبوونتە..

بێگومان ئێستا ئەستێرەیەک لەئاسمان لەئامادەباشیدایە بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانت..

نانی ئێوارەمان خوارد..

پەیوەندیت بەماڵەوە کرد بۆئەوەی دڵنیایان بکەیتەوە..

و پێیان بڵێیت کەمێک درەنگ دەگەڕێیتەوە..

ئەگەر بەدەستی من بوایە ئەوا زۆر دوادەکەوتیت..

هەر لەلەندەن نەدەگەڕایتەوە..

بەڵام من کەمم بەدەستە..

کەمێک لەتۆش زۆرێک لەمن تێردەکات..

بەنیشتماندا ڕۆیشتین..

ببورە..

تۆلەنیشتمانی خۆتدا ڕۆیشتیت..

منیش لەگەڵ نیشتمانی خۆم ڕۆیشتم..

وەستام و وێنەیەکی یادگاریم لەگەڵ (مانگی دوو شەوە) گرت..

مانگی دوو شەوە ماچی کردم..

مانگی پڕم لەباوەش گرت..

من سەرەتا لەگەڵ مانگی یەک شەوە کەوتمە گفتوگۆ..

نغرۆ بووم لە خۆشەویستی مانگی نیوەپڕ..

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دڵم خەونی بینی..

کەبڕوات و دەستی بەدەستی مانگی هیلالەوە بێت..

وەسفەکان جۆراوجۆر بوون، هەمووشیان واتای مانگیان هەبوو..

تۆش مانگیت..

منیش عاشقی مانگم..

لەعیشقەکەم دەترسم..

چونکە هەرلە منداڵیمەوە قسەم لەسەر هەرچییەک کردبێت ڕۆیشتووە..

کتێبەکانی زانستیش لەمنداڵیدا دەڵێن مانگ بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە..

زەویش بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە..

خۆریش بەدەوری تۆدا دەسوڕێتەوە..

..

یادی لەدایکبوونەکەشت تەواو بوو..

یادی لەدایکبوونی منیش..

لەدایکبوونم ئەو ساتەیە کەتۆم بینی..

من حاڵەتێکی هەوارتەم، کەلەناو فڕۆکەیەکدا بەرەو نیویۆرک لەدایکبووم..

پاسپۆرتەکەم لەسەر بەرگی دەرەوەی لۆگۆی هیچ وڵاتێکی پێوە نیە.. بێ نیشتمانم..

پەیوەستم بەتۆ.. و بەمیزاجی تۆوە..

ئەگەر دڵخۆش بوویت ئەوە ماڵم بەهەشتە..

ئەگەر تورە بوویت ئەوە بەهەشتم دەبێتە دۆزەخ..

..



Scanned with Cam

من ئاقڵ بووم، وازم لەعەقڵی خۆم هێناو تۆم خستە شوێنی..
بەزەییت بەبرژانگەکانتدا بێتەوە..
من عاشقی کۆن و نوێی تۆم..

..

هەموو ساڵێک تۆ ساڵەکانمیت..
تۆ ئارەزووی هەزار ساڵیت..
بۆچی خۆشم دەوێیت؟ پرسیارم لێ مەکە..
چونکە هەستم لەقسە پاراوترە..

..

بەبێدەنگی خۆشم دەوێیت
وشەی خۆشم دەوێیت بێدەنگییەکەم دەیڵێت..
کەمیی قسەکردنم بۆ تۆ قسەیە..
هەرچەند پیتەکانم درێژبنەوەو قسەکانم زۆرتر بن..
ئەوەی لەدڵمدا بۆم هەڵگرتوویت دەنگەژێیەکانم بەرگەی ناگرن..

..

بەڵام تۆ..
پێویست بە گفتوگۆ ناکات..
تۆ دڵی منت بردووەتەوە، تەنانەت بەرلەوەی قسە بکەیت..
قسەکەم شاراوەیە، بەڵام کێ وتوویەتی خۆشەویستی شتێکی لۆژیکییە..

..



Scanned with Cam

خۆشەویستی لۆژیکی ئەوانەیە کە لۆژیکیان نییە..

وەڵامی هەموو نیشانەیەکی پرسیارە..

هۆکاری هەموو بێهیوابوونێکە..

نزای ناو کڕنووشی زۆر کەسە..

خودایە ئەوەی خۆشم ویست بۆم بپارێزە..

خۆشەویستی بێهێزت دەکات..

بەمەش لەخودات نزیک دەکاتەوە..

چونکە تۆ دەزانیت تەنها پەروەردگار ئاگادارە لەوەی لەدڵتدایە لەئازار..

و خۆشەویستی.. و بێبەشبوون..

..

جەژنەکەت تەواو بوو..

بە خۆشەویستییەوە هەموو ڕۆژێکم لەگەڵ تۆدا جەژنە..

..

بڕیارم دا تەنها لەیادی لەدایکبوونتدا ئاهەنگ نەگێڕم..

بەڵکو لەهەموو ڕۆژەکانی ساڵدا ئاهەنگ دەگێڕم..

هەموو ئێوارەیەک گوڵ بەشت دەبێت..

مۆمەکان هەموو کات ڕێگاکەت بۆ ڕووناک دەکەنەوە..

بێ هیچ بۆنەیەک کوڵمەکانت ماچ دەکەم..

هەرکات لەنێوانی قسەکانماندا بێدەنگی دروستبوو من دەڵێم: خۆشم دەوێیت..

..



Scanned with Cam

دەزانم تۆ شیتانە غیرە دەکەیت..
تەنانەت کچەکانی ناو بیرکردنەوەم گۆڕیوە بۆ پیریژن..
..
بەڵام هەموو شەویک ناپاکیت بەرامبەر دەکەم، کاتیک چاوت دەچیتە خەو..
لەگەڵ سیبەرەکەت ناپاکیت بەرامبەر دەکەم..
لەگەڵ یادگارییەکانت..
هەرکات رۆژەکەم ناخۆش بیت..
سەرقاڵی کارکردن دەبم..
دەبینیت لەهەر پشوویەکدا..
بیر لەتۆ دەکەمەوە..
..
سەرەڕای ئەوی تۆ بیرکردنەوەم جیناهیڵیت..
بەڵام هیشتا من بیرت دەکەم..
..
بیری هەستەکانت دەکەم..
کیشەی بیرکردنەوە لەتۆ ئەوەیە ماچم ناکات..
بەڵام راستی جوانترە..
لەدوای لیکۆڵینەوەیەکیش کەتیایدا ماچکردنی تۆم لەڕاستی و خەیاڵدا بەراورد کردووە، بۆم دەرکەوتووە کەهەر شەست ماچی خەیاڵی هاوتای یەک ماچی راستەقینەیە..
کەواتە دیارنەمانی ساڵیک بەشەش ماچ قەرەبوو دەکریتەوە..

..
بەڵام ئاگاداربە بیر لەدیارنەمان نەکەیتەوە..
کارەکان بەپێی نیەتن..
نیەتی ڕۆیشتنیشت دەمکاتە گریان..

..
کەس پێی نەوتوویت گریانی پیاو تەمەنی کەم دەکاتەوە..



Scanned with Can

## ژیانی چاوەکانت..

لەبەردەمتدا وەستام..

دەنگی گۆرانی وتنی "راشید ماجید" دەهات.. "سەرەڕای ئەشکەنجەو شێتی.. بەئەفسونی چاوەکانت دەمرد".

من نازانم لەدڵتدا چەندە بەنرخم..

ئەگەر توانام هەبوایە وشەی (نرخی من)م بەکاردەهێنا.

بەڵام.. ترسم هەیە لەڕستەی: "تۆ بەنرخ نیت"!

شتێکی بەنرخم دەوێت..

گرانترین شت کەهەمبێت چاوەکانی تۆیە..

ژیانی..

ڕەشییەکەی..

عاشقی تۆم..

..

هیچ بژاردەیەکم نییە، لەگەڵ تۆ بژاردەم نییە..

خۆشویستنی تۆ بژاردەی خۆم نەبوو.

بەڵکو سەپاندن بوو..

"ناتوانم بەبێ تۆ بژیم".



Scanned with Cam

خۆشویستنی تۆ هاوشێوەی هەناسەدانە..
لەنێوان هەر هەناسەوەرگرتن و دانەوەیەکیدا زیاتر خۆشم دەوێیت..

..

لەبەردەممدا وەستایت..
لێت پرسیم:
-بڕی خۆشەویستیت بۆ من چەندە؟
چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە..
بڕی خۆشەویستیم چەندین قات زیادیکردووە..
لەنێوان پێش و دوای پرسیارەکەت..

..

تەنانەت تا ئەوکاتەی ئەم وشانەم چاپ دەکەم..
دەبینیت لەهەر دێڕێکدا خۆشەویستیم زیاتر دەبێت بۆت..

..

خۆشەویستیت وەکو کات وایە..
هەرگیز وەستانی نییە..

..

دەوەستام و چەپڵەم لێدەدا.. لەئاهەنگی دەرچوونەکەتدا بەدەنگێکی بەرز هاوارم دەکرد..
لەباوکت زیاتر شانازیم پێوە دەکردیت..

..



Scanned with Cam

ئێستا تێدەگەم کەبۆچی دایکم لەکاتی ئاهەنگی دەرچوونەکەم لەباخچەکە دەگریا..

ترسی هەبوو لەوەی گەورە ببم و دڵڕەقیی ئەم گەردوونەم بۆ دەربکەوێت..

ئێستا لەوشەکانی باوکم تێدەگەم، کاتێک بەمنی وت: "کاتێک خۆت منداڵت هەبوو دەزانیت".

ئێستا خەریکە تێدەگەم..

منداڵەکەم جلی رەشی لەبەردایە..

و کڵاوی دەرچوونەکەی هەڵدەدات بۆ ئاسمان..

دەنگی منیش بەناوی تۆوە هاوار دەکات لەنێو ئامادەبوواندا..

کچەکان سەیرم دەکەن..

ئایا دەکرێت بەم شێوە شێتانەیە خۆشی بوێت؟

..

دەڕۆیت بۆلای راگری زانکۆ..

لەدوورەوە سەیرت دەکەم و دەزانم کەتۆ هەنگاوەکان دەژمێریت..

ترسی لەقاچ ترازان هەیەو داوا لە (رحمن) دەکەم هەنگاوەکانت بپارێزێت..

دەنگی فیکەو چەپڵەکانم بەگەرمی دەهات..

..

ئاهەنگی دەرچوون کۆتایی هات..

لەدوورەوە وەستام..



Scanned with Cam

بینیم هاوڕێکانت بەڕاکردن هاتن و باوەشیان پێدا کردیت..
سەری باوکت ماچ دەکەیت..
خۆشیەکەت لێ ناپچڕێنم..
بەڵام بینیم چاوەکانت بۆ من دەگەڕێن.. بەباشی دەشزانیت
کە من لێرەم..
تەنانەت ئەگەر نەمبینیت
من هەر لەگەڵتدام..

..

گەنجێکم بینی لەدوورەوە وەستابوو..
چەپکێک گوڵی پێبوو لەهەمان ئەو شێوەیەی نیویۆرک..
بەڵام بەبێ بۆینباخ..
ئەمجارەیان بەجلێکی ئاساییەوە.. بەدشداشەیەکەوە..
لەگەڵ پێکەنینێکی شانازییانە..
تازە باوکت ماڵئاوایی لێکردبوویت و ڕۆیشتبوو..
بەخێرایی هاتیت بۆلام..
هەندێک باڵات کەمیکردبوو.. پێڵاوە باژنە بەرزەکانت فڕێدابوو..
بەپێی پەتی و بەجلی دەرچوونەکەتەوە بەرەو لای من ڕادەکات..
پێش گەیشتنت گوڵەکانت خستە ئەولاوە..
ترسایت جوانیی پێیەکانت پەژموردە بکات..
خۆت هەڵدایە باوەشمەوە..



Scanned with Can

هەموو خەمەکانم فڕێدا بۆ دوور..
چی خەمێک لەکاتێکدا تۆ دڵخۆش بیت؟
چی نارەحەتییەک لەکاتێکدا تۆ لەلوتکەی دڵخۆشیتدا بیت..
دڵخۆشیی من لەدڵخۆشیی تۆ زیاترە..
دڵخۆشیی من = 10 ئەوەندەی دڵخۆشیی تۆ..
سەیرم بکە لەدوای خۆشەویستیی تۆوە..
ئێستا لەبیرکاریدا باشم..
بەڵام ئەمڕۆ ئاهەنگی دەرچوونتە..
بیرکاری و خوێندن و ئەو شتانەمان ناوێت.

..

لەگۆڕەپانی ناوەندی زانکۆکەتاندا باوەشم پێداکردیت..
بەرزمکردیتەوە لەزەوی..
زەوی شیاوی پێگەی تۆ نییە..
تۆش بەگوێمدا دەچرپێنیت "یوسف" دەرچووم.. "یوسف" دەرچووم..
نەمدەویست بتگەڕێنمەوە بۆسەر زەوی..
تۆ ئەستێرەکەی منیت..
تۆ 11:11یت.
ئاوڕم دایەوە هاوڕێ کچەکانت لەپشتتەوە بوون.. چاوەڕوانت بوون..
-گیانی من ئاساییە بڕۆ بۆلایان ئاهەنگیان لەگەڵ بگێڕە..
داوات لێکردم چاوەڕێت بکەم..



Scanned with Can

چوویت بۆلایان.. باوەشت پێداکردن.. وماڵئاواییت لێکردن..
و گەڕایتەوە بۆلای من..
نامەوێت ئەمڕۆم لەگەڵ کەسدا بەسەربەرم جگە لەتۆ..
لەبەرئەوەی ژمارەی ئەو قوتابیانەی ئەو رۆژە دەرچووبوون
زۆر بوو، هەموو چێشتخانەکان پڕبووبوون..
بەڵام پێشتر ئامادەکاریم بۆ ئەوە کردبوو و کورسییەکم
لەچێشتخانە دڵخوازەکەی خۆت گرتبوو..
لەزانکۆکەتەوە بۆ کۆمەڵگەی ساڵحیە..
لەشوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل ئۆتۆمبێلەکەمان راگرت..
من لەپێشدا دابەزیم

I walked to your car door
I opened the door..
hello princess

سڵاو لەوەی بەهەموو هۆکارەکان خۆشم دەوێت..

we held hands
I kissed it front of other people's
sitting in some day

چیم داوە لەوان؟

then we walked
we shared smile with everyone
then we were in front of gathering
I took the lead



Scanned with Can

دڵخۆشی گواستراوەیە

زەردەخەنە زەردەخەنە بەدوای خۆیدا دەهێنێت..

we sat
I ordered everything in the menu
then your graduation cake come
I saw tears in your eyes..
تەنانەت فرمێسکی شادیش ئازارم دەدات..
can you never cry please?
we then left..
we walked..
We laughed…
I whispered "princess look at the time"
it was 11:11
I thought you would stop..
tweet about it..
you didn't touch your phone..
this was your 11:11 wish
she was so happy that she made no wish..

هەرکەس لەئارەزوویەکیدا بژی ئارەزوویەکی دیکە ناخوازێت..

هەرکەس لەبەهەشتدا بژی داوای بەهەشت ناکات..

هەرکەس تۆی هەبێت، هیچی لەخودا ناوێت جگە لەرازیبوونی..

she was so happy that she made no wish..



Scanned with Can

## موچە درا..

نامەیەک لەبانکەوە هات..

بەوەی موچەکە دراوە.. بەڵام ئەم موچەیە جیاواز بوو لەهەموو موچەکانی پێش خۆی..

ئەم موچەیە دوایین موچەم بوو بۆ دەغیلە بچوکەکەی ژووری نوستنەکەم..

دەغیلەکەم پڕ بوو..

بەخێرایی چووم بۆلای بەڕێزیان..

-تۆ لەکوێیت سەرمایەکەم؟

-لە(شالیە)..

-من لەڕێگام..

بەخێرایی چووم بۆلای..

هەوڵم دا بەپێی خێرایی یاسایی بڕۆم، بڕوام وایە لەمیانەی خوێندنەوەی دێڕەکانمدا زانیوتە کەکات هەرگیز فریام نەکەوتووە..

دەغیلەکەم بەشێکی بۆ سەرپێچییەکانی ڕێگا بوو..



Scanned with Can

لە (سوورره)وە بۆ (خەیران) وەک نێوانی زەوی بۆ مەریخ وابوو..

هەرگیز سەردانی بۆشایی ئاسمانیشم نەکردووە..

ئەگەر سەردانی بۆشایی ئاسمانم بکردایە ئەوا هەسارەیەکم دەدۆزییەوە کەناوی (تۆ) دەبوو

..

هەرگیز سەردانی بۆشایی ئاسمانیشم نەکردووە..

بیرکردنەوە لەتۆ کەشتییەکی ئاسمانی بوو..

you are my Nassa

بەڵام.. تۆ لەبۆشایی ئاسماندا نیت..

چونکە لەبۆشایی ئاسمان هێزی کێشکردن نییە..

تۆش هەموو کێشکردنیت..

..

چووم بۆ (شالیە)و دایکم هەندێک لەهاوڕێکانی لەگەڵ بوو..

-دایکە دەمەوێت بابەتێکت بۆ باس بکەم..

-پێم بڵێ چیتە؟!

سەیرم دەکردو پەیوەندییەکی رۆحی لەنێوانماندایە، کەدەتوانم قسەی لەگەڵ بکەم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم..

بەدڵم نامەیەکم بۆ دڵی نارد:

"دایکە!! با ئەم بابەتە لەنێوان خۆماندا بێت".

وەڵامی داواکەمی دایەوە..

چووینە دەرەوە..



Scanned with Cam

بەبێ هیچ پێشەکییەک..
پێشەکی کاتە بەنرخەکانم بەفیڕۆ دەدات..
هەموو وردەکارییەکانم بۆ باسکردو دەغیلەکەشم بەدەستمەوە بوو..
وەڵامەکەی جوان بوو..
-خودا سەرکەوتووت بکات..
..
تەلەفۆنەکە لێیدا..
کەس وەڵام ناداتەوە.
..
داوام لێکرد پەیوەندی بکاتەوە..
وەڵامی درایەوە..
خزمەتکارەکەتان وەڵامی دایەوە..
لەویشەوە بۆ نەنکت..
دایکم زۆر باشە بۆ ریزکردنی قسە..
جوانیی پیتەکانم لەوەوە بۆ ماوەتەوە..
دەستیکرد بەباسکردنی جوانییەکانی تۆ لەکاتێکدا ناتناسێت..
دایکم سەرسامیی لەچاوەکانی مندا خوێندبووەوە..
ئەویش تۆی خۆشویست لەبەرئەوەی من خۆشم دەویستیت..
..
کاتێک کەسێکت خۆشویست..
هەموو ئەوانەشت خۆشدەوێت کەئەو خۆشی دەوێن..
..



Scanned with Can

damn I wished our landline phone had speakers..

بیرم لەوەڵامی نەنکت دەکردەوە بۆ قسەکانی بەڕێزیان..

..

قسەکانی بە (ان شاء الله) کۆتایی پێهێنا.. واتا چوارشەممە دوای نوێژ لەلای ئێوە دەبین..

واتا داوای لێکردم حەوتی مانگ بێت..

ئەوەش ژمارەی بەختی منە..

..

دایکم تەلەفۆنەکەی داخستەوەو سەیری منی کرد..

قسەی نەکرد..

بەڵام دڵخۆشیی کوڕەکەی خوێندەوە..

و پێکەنی..

پەیوەندیی پێوە کرد..

بەرلەوەی ژمارەکەت لێبدەم..

تۆ پەیوەندیت کرد.

بەڕێزیان گوێی لەهاوارەکەت بوو.

-چیت کردووە!!! بۆچی بەخۆمت نەوتووە؟!!!

وام نیشاندا کەنازانم مەبەستت چییە..

-چیتە؟!!

-یوسف!!!! خۆت گێل مەکە.

پێکەنین گرتمی..



Scanned with Cam

-هیچم نییە لەبەری بکەم!!

هیچم نەووت..

-پێویستە من هەرئێستا بچم بۆ بازاڕ!!

تەلەفۆنەکەت داخستەوە..

..

چوارشەممە هات.

(دایکی فەهد) خوشک و ئازیزی دڵم بووە سیخوڕی من..

یەک بەیەک گۆڕانکارییەکانی پێ دەگەیاندم.

لەکاتی دابەزینت بۆلای ئەوان.. نامەیەکی بۆ ناردم..

-یوسفو!! جوانە!!

تەنانەت ئەویش خۆشەویستیی تۆ کاری تێکردبوو..

بەخێرایی بۆم ناردەوە.

-(سوێر) چی لەبەردایە؟!! تکایە وێنەی بگرە.

وەڵامی دامەوە:

-عەیبە نابێت.. تائێستا نەبووەتە حەڵاڵ بەپێی شەرعی خودا.

دایکم و پورەکانم و خوشکەکەم گەڕانەوە بۆ ماڵەوەو بەخێرایی چووم بۆلایان..

وای نیشان دەدەم کەزۆر گرنگ نییە بەلامەوە.

دەمەوێت هەستم بشارمەوە، بەڵام لەعیشقدا ئابڕووت نامێنێت..

وتم دایکی منداڵەکان چۆنە؟

هەموویان باسی جوانیی شێوەو ڕەفتاری تۆیان کرد..



Scanned with Cam

تەنانەت غیرەم کرد..
لەدوای حەوت پانزەش هات..
ڕۆیشتم و لەگەڵ باوکت دانیشتم..
پیاوێکی پشتبەخۆبەستوو بوو..
بەئەندازەی خۆشەویستیی من بۆئەو خۆشیویستم..
پێیوتم ئەو پیاو دەکرێت..
من و دەغیلەکەم و زێڕەکانی سولەیمان-یش کەمن بۆ تۆ..
بەڵام هەموو ئەوی هەمە ئەمەیە..
بەچاوتروکانێک..
دووی مانگ هات..
بینیم (عەبدوڵا)ی برام خۆی ئامادە دەکردو (عەلی) و (محەمەد)یش لەخوارەوە هاواریان دەکرد دواکەوتین..
باوکم بەمنی وت دەیەوێت لەگەڵ ئەو بەئۆتۆمبێلەکەی بڕۆم..
براکانم ڕۆیشتن.. خۆم و باوکیشم بەدوایاندا..
باسی ڕۆژەکان و ڕابردووی خۆی بۆ دەکردم..
گەیشتینە بەردەم ماڵی ئێوە..
خاڵیشم چەند خولەکێک دوای ئێمە هات و مامیشم گەورەی بنەماڵەکە پێش ئێمە هاتبوو..
دڵم بەخێرای لێدەدات..
هاتینە ژوورەوەو خزم و نزیکەکانت لەپێشوازیماندا بوون..
نە چا و نە قاوەم نەخواردەوە..
ئەوکاتە ترسم هەبوو لەوەی هەڵەیەک بکەم و قاوەکە بڕژێت



Scanned with Cam

بەسەر دشداشەکەمدا..
قاوە زۆر باش بووە لەگەڵم..
وەک چۆن تۆش لەپێڵاوە پاژنەبەرزەکانت ترسایت لەکاتی دەرچوونتدا..
لەپاش چەند چرکەیەک بێدەنگی..
باوکم هاتە قسە..
گوێم لێنەبوو چی وت.. چونکە دەنگی لێدانەکانی دڵم بەرزتر بوو..
هەروەها گوێم لەوەڵامی باوکیشت نەبوو، بەڵام روخسارەکان نیشانەی دڵخۆشییان پێوە دیاربوو..
ئامادەبووان رەزامەندییان نیشان دا..
..
باوکم سەیری منی کرد:
-هەستە سەری مامت ماچ بکە..
لەوکاتەدا ئامادە بووم لەباوەشی بگرم لەخۆشیدا..
پاشماوەی قسەکانیش بۆ ئافرەتان بوو..
..
قسەی ژنان جیاوازە..
ئێمەی پیاوان گرنگی بەو بابەتانە نادەین..
ژنان حەزیان لەوردەکارییەکانی قسەیە..
و هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە..
بەڵام ئێمەی کۆمەڵی پیاوان تەنها سەرەقەڵەمەکانمان بەلاوە گرنگە..
..



Scanned with Cam

بەڵام هەموو وردەکارییەکانی تۆم خۆشدەوێت..
هەموو شتێکی تۆم خۆشدەوێت..

..

لەسەر داوای خۆت کەداوات کرد لەگەڵ ئەو گەنجە دابنیشیت کەهاتووە بۆ خوازبێنیت..
داواکەتم جێبەجێ کرد..
تۆ (بڵێ دەمەوێت)..
داواکارییەکانت فەرمانن و بیستن و گوێڕایەڵی دەکرێن..
بەیەکەوە تەنها لای ڕاستی هۆڵەکەتاندا دانیشتین..
تۆش بەجلە ڕەشە کورتەکانتەوە سەیری منت دەکرد..
درۆت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بڵێم هەستم بەکەمێک شەرم نەکردووە..

-کەواتە ئارەزووەکانی داهاتوو چین؟
-داهاتوو تۆیت.. ئارەزووەکانت چین؟

..

وردیی وەڵامەکانی منت پێ خۆش بوو..

..

-ئەی خەونەکانی تۆ چین؟
-من ئێستا لەیەکێک لەخەونەکانمدام.. و ئاگام لەڕاستی نییە..

..

-لەکوێ ژیان ببەینە سەر؟
-من لەناو چاوەکانتدا دەمرم و تۆش لەناو مندا دەژیت..

..



Scanned with Can

چی دەبێت ئەگەر پێت بڵێم داواکارییەکانم نیمچە مەحاڵن؟

-نیمچە؟! پێموابوو تۆ زۆر باشتریت لەوەی داوای شتێکی نیمچە مەحاڵ بکەیت.. تەنها مەحاڵ لەتۆ دێت..

..

-پێشتر خۆشەویستیت کردووە؟

-بەڵێ.. لێت ناشارمەوە لەنیویۆرک کچێکم خۆشویست.. و لەندەن، بەڵام ڕۆیشت..

..

-ڕۆیشت؟! بۆ کوێ؟

-بۆ هۆڵەکەی ماڵی خۆیان..

..

-منیش کەسێکم خۆشدەوێت.. بێگومان ئەگەر پێت ناخۆش نەبێت..

-پێم ناخۆش نییە.. جوانییەکەت بایی ئەوەیە لەگەڵ کەسانی تر هاوبەش بم تیایدا..

..

-مەترسە تۆ کەمێک لەو جوانتریت..

-سوپاس بۆ خودا خوایە سوپاس بۆ تۆ..

..

-یوسف..

-چاوەکانم..

-ماچم بکە..



Scanned with Cam

سەیرێکی دەوروبەرم کردو هەموویان سەرقاڵی قسەکردن بوون.. نزیک بوومەوەو بێگومان سەر رومەتت..

-ماچی کەعبە دەکەیت..

..

داوام لەبەڕێزیان کرد ڕێگام پێبدات کەبەتەلەفۆن قسەت لەگەڵ بکەم تاکو رۆژی گواستنەوە..

شەو پەیوەندیم پێوەکردیت بۆئەوەی لەگەڵ دەستگیرانەکەم قسە بکەم..

رۆژی دواتر ڕێکەوتین یەکتری ببینین و پلان بۆ زاوایەتی دابنێین..

ڕێکەوتنەکە وابوو کەگواستنەوە بەشێوەیەکی کلتوری بەڕێوەبچێت..

مەلاکە هات.. داوای کارتی نیشتیمانییەکەمی کرد..

ژمارەی شارستانیی من و ژمارەی شارستانیی تۆ پەیوەندییەکی کاغەزی لەنێوانیاندا دروستبوو..

لەدوای ئەوەوە قسەکانم دەووتەوە..

وەک ئەوەی شایەتومانم پێ بهێنێت..

بەخۆشەویستییەوە خۆم دا بەدەستەوە..

لەدوای واژۆکردنی باوکت و من..

بوویت بەهی من لەسەر کاغەز..

تۆ چەند مانگێکە بوویت بەهی من..

ئێستا ژیانمان بوو بەمەرەکەب و کاغەز..



Scanned with Cam

دەنگی (عەبادی) لەگوێمدا دەزرنگایەوە..
دەنگی هەلهەلەکێشان پێی بڕیم..

..

قۆناغی شەرعمان کۆتاییپێهێنا..
قۆناغی داب و نەریت و کلتوریمان ماوە..
ئیتر چاوەڕوانی تاکو ڕۆژی زاوایەتی..

..

پەیمانی هاوسەری لەدوانزەی کانوونی یەکەم بەسترا..
زاوایەتیش لەمانگی مایس..
-بۆچی دەتەوێت زاوایەتی لەمایسدا بێت؟
-دەمەوێت لەدەیەمیدا بێت..
-بۆچی لەڕۆژی لەدایکبوونەکەمدا؟
-دەمەوێت ڕۆژی لەدایکبوونت پەیوەست بکەمەوە بەڕۆژی چوونت بۆ بەهەشتەوە..
-ئەم لەخۆباییبوونە چییە شێخە!!!!
-مافی ئەوەم نییە؟!
-با.. بەو لەخۆباییبوونەوە جوانیت..
پێکەنیت..
-واتا من ڕووناکیی ڕووناکیم؟
تۆ ڕووناکی و تاریکییت..
چونکە ڕووناکی جوانە..
تاریکی جوانترە..
لەبەرئەوەیە شەوم پێ خۆشە..



Scanned with Can

لەبەرئەوەیە بەیانیان هەستانم لەخەو بەلاوە قورسە..
چونکە من لەشەودا هاورێیەکم دۆزییەوە..
تۆش بەشەودا عاشقێکت دۆزییەوە..
گەڕاینەوە بۆ خاڵی سەرەتای ئەم کتێبە..
هەردوکمان بەیەکەوە هەموو شتەکانمان هەڵدەبژارد..

ببورە..
تۆ هەموو شتەکانت هەڵدەبژارد..
منیش هاوڕات دەبووم..
مایس-یش هات..
جلێکی رەشم بەسەر سپیدا لەبەرکرد..
دەزانم چی لێ دەخوێنیتەوە.. پێم دەڵێیت رەش..
-دەزانیت چی لەناخت سپیترە؟
-عەباکەم؟
-هیچ شتێک لەناخت سپیتر نییە..
هۆڵی (مەیلەم) ئامادەبوویەکی زۆری تێدابوو لەهاوڕێیان و ئەوانەی بەهاوڕێم دەزانین..
چونکە لەژیانماندا کەسانێک هەن کەچاکن و کەسانێکیش هەن بەچاکیان دەزانین..

..
هەموو ساڵێک بەخۆشی.. پارە لەتۆوەیەو خزم لەوەوەیە..
وێنەیەکی یادگاری دەگرین.. مژدە بۆ ئەوەیە کەهاتووە..
پەیوەندییەک لەبەرێزیانەوە هات..
فەرمان هات بۆ ئاراستەکردن بەرەو هۆڵی (ئالا)..



Scanned with Cam

سەرداری سپی..

بەڵام تۆ ئەی سەرداری سپی..
بەعەزییەکەوە کە بۆ من قورس بوو..
دەزانم کەتۆو تۆش دەخوێنیتەوەو پێدەکەنیت.. من گوێگرێکی باشم..
تۆ لەتۆ جوانتر بوویت..
چونکە تۆ رکابەریی کەس ناکەیت خۆت نەبێت..
بەعەزییە دەرکەوتووەکەت لەدواوە..
بەجوانیی شانەکانتەوە..
دەڕۆیت.. یەک بەیەکی بڕبڕەکانی پشتت لەگەڵتدا سەما دەکەن..
تەنانەت بەڕێزیشیان (دایکم) بەئامادەبوونی تۆ هەلهەلە دەکێشێت..
خودا تۆ بۆ کوڕەکەی بپارێزێت..
لەنێوان غیرەی منداڵەکان.. و خۆشەویستیی کەمێک لەهاوڕێکانت..
سەرداری جوانی هاتە ژوورەوەو هەنگاوەکانی رووناک بوونەوە..



Scanned with Can

بەرلە هاتنەژوورەوەم فەرهەنگی ماناکانم دەرهێناو بۆ تۆ دەگەڕام..
هاوواتای وشەی جوان.. تۆیت.
هاوواتای وشەی جادوگەر.. تۆیت.
هاوواتای وشەی داهێنەر.. تۆیت.
هاوواتای وشەی پڕ.. تۆیت.
هاوواتای وشەی ڕێکوپێک.. تۆیت.
دەنگی (عەبدولڕەب) لەهۆڵەکەدا بەرزبووەوە..
شەوێک..
ئەگەر شەوێک بمایە..
تۆش هەنگاوەکانت دەژمارد..
چاوەکان دەوریان داویت..
بەناوی خودا لەچاوێک کەناوی ناهێنێت..
گەیشتیتە سەر سەکۆکە..
..
ئەوە شەوی تەمەن بوو..
یا ئەڵا.. تۆ چەندە جوانیت..
..
خەون دەبینم..
بەڕاستی بەردەوام خەون دەبینم بەتۆوە..
تۆ لەتەنیشتم بیت و منیش بەخەبەر یان خەوتووبم..
..



Scanned with Cam

تۆ یەک جاریت لەتەمەندا..

..

لەنێو کێبڕکێی کچەکاندا لەسەر سەماکردن.. دڵی پیرەکانی دەبرد.

دەنگ هات بۆ هاتنەژوورەوەی زاوا و ئەوانەی لەگەڵی بوون..

ئافرەتان دەستیانکرد بەگەڕان بۆ داپۆشەر..

هاوڕێکان گاڵتەیان کرد..

هاتمەژوورەوە بۆ هۆڵەکە..

دەڵێن پڕە لەئافرەت..

بەڵام هیچیانم لەبیر نییە تەنها ئەوەیان نەبێت کەلە کۆتایی هۆڵەکەوەیەو جلێکی سپیی لەبەردایە..

بەدەم ڕۆیشتنەوە لەخۆم دەپرسم..

چی بەختێکە..

چی ئارامییەکە..

چی ئەستێرەیەکە..

کاتژمێرەکە ئاماژەی بۆ 11:11 دەکرد..

ئارەزووەکەشم لەبەردەممدایە..

هەموو داواکاریی من لەدنیادا لەوپەڕی ریزەکەوە وەستابوو..

سەرەڕای کورتیی ڕێگاکە، بەڵام جوانیی مێینەی (کەوان) تیرەکانی خۆی دەهاوێت و ئاستەنگ بۆ ڕۆیشتنم دروستدەکات..

خودایە کڵاوەکەم نەکەوێت..



Scanned with Can

بەڵام کاتێک نزیک بوومەوە نزاکەم گۆڕدرا.. بۆ:
"خودایە بیپارێزە".

..

چونکە لەلوتکەی دڵخۆشیماندا باشترین شت بیکەین ئەوەیە نزا بکەین کەئەو دڵخۆشییە بەردەوام بێت..

..

هەرکە ئەوانەی لەگەڵ من هاتبوون بۆناو هۆڵەکە چوونە دەرەوە..
دەستمکرد بەگوێگرتن لەوتەکانی (شێخ ناسر بن حەمەد)..
و ئاوازەکانی (هرمی)..
ئەوە گۆرانیی دڵخوازمانە.. لەچاوەڕوانیی دەنگی (راشد ماجد)دا..
ئەی خۆشەویستم تێدەگەم.. تۆ شتێکیت لەناخمدا..

..

گۆرانییەکەمان.
لەئێمەوەو بۆ ئێمە نووسراوە..
لەبارەی ئێمەوە..
چونکە تۆ ئەو کەسەیت کەلەناو خەڵکیدا کەس لەتۆ ناچێت..
سەرزەنشتی ئەوە ناکەم کەتۆی ناوناوە سەرداری پاکیزەکان..

..

ئەی خۆشەویستم تێدەگەم..
کە من ئەم هەموو ماوەیەم نەبڕیوە لەپێناوی تۆدا نەبێت..

..



Scanned with Cam

نەمنووسیوە لەپێناوی تۆدا نەبێت..

..

نەگۆڕاوم بۆ باشتر لەپێناوی تۆدا نەبێت..

..

هیچ شتێکم خۆشنەویستووە هێندەی خۆشەویستیم بۆ تۆ..

..

بۆچی؟

گوێی لێ بگرە..

"لێوەکانت دەتوانن خەمەکانم لابەرن".

..

ئەو کچەم دۆزییەوە کەلەشەقامی ئۆکسفۆرد بەبەردەممدا ڕێیدەکردو دەشەلی..

ئێستاش لەبەرچاوی هەمووواندا دەشەلێت..

بەئاشکرا..

چاوت دەسوڕێنیت بۆلای ڕاست و سەیری من دەکەیت.. پاشان بەلای چەپدا سەیری ئەوان دەکەیت..

بەهەماهەنگییەوە لەگەڵ وشەکان "خۆشت نازانیت کەتۆ رووناکیت.. و تۆ ڕاستیت و ڕێی ئەوانیتر چەپە".

سەمات بۆ کردم..

دەستت بۆ درێژکردم و پێشترو دواتریش وەڵامم نیە بۆ ئەو داوایە..

لێم نزیکبوویتەوە..

The DJ changed, i knew this song

its Ronan Keating its our favorite english song

WHEN YOU SAY NOTHING AT ALL

We started dancing

swaying you around

with the vibe

it felt like no one was glazing and staring

it felt that the world population was only two you didn't say anything

because YOU SAY IT BEST. WHEN YOU SAY NOTHING AT ALL

..

I felt your heart beating.. knocking the doors of my heart

my heart opened and welcomed

سلاو بابه!

The smile on your face allowed me to know that you need me

There is a truth in your eyes saying you will never leave me

the touch of your hand saying you will catch me where or where both can work ever i fall

one step after another
We started leaving
we had a honeymoon to catch
a flight to your dream honeymoon departs at 4:00 am
Greece is a step away



Scanned with Can

سانتورینی

مەجنون دەڵێت:"هەرکەسێکت خۆشدەوێت وێنەی لەگەڵ بگرە.. هەموو رۆژێک.. لەداهاتوودا پێویستت پێی دەبێت".
بەیەکەوە رۆیشتینە دەرەوەو منیش دامێنی عەزییەکەتم گرتبوو بۆئەوەی بەر زەوی نەکەوێت..
دەزانم دەتەوێت پارێزگاریی لێبکەیت، بۆ رۆژێک کەهاوشێوە بچوکەکەت لەبەری دەکات..
لەبەردەم ماڵی ئێوە ئۆتۆمبێلەکەمان وەستاند -ئەمجارەیان لەبەردەم چوونەژوورەوەی پێشەوە- بەخێرایی سەرکەوتین بۆ ژووری نوستنەکەت و یارمەتیم دایت لەدانانی عەزییەکەو ئەو سندوقەمان دەرهێنا کەبۆیان دانابوویت و تۆش لەدوای خۆت بۆ جێگرەوەکەتی دادەنێیت..
رۆیشتم تا ماڵئاوایی لەباوکت بکەم و پاسپۆرتەکەتی پێدام و لەدەرەوە چاوەرێت بووم..
ئەو لەگەڵت هات بۆلای ئۆتۆمبێلەکەو ماچی سەرتی کردو بەرێکەوتین بەرەو فرۆکەخانە..



Scanned with Can

ئۆتۆمبێلەکەم لەوێستگەی ماوەکورت راگرت و رۆیشتم بۆ کۆمپانیای فرۆکەوانی و تۆش لە(ستاربۆکس) چاوەڕێم بوویت..

..

لەدوای چەندین ساڵ ئەمجارە دوو کورسیم دەگرت..

بۆ یەکەمجار بوو کەترسم نەبێت لەوەی کەسێک لەتەنیشتمەوە دابنیشێت..

رزگارم بوو لەتۆقینی چەند ساڵە.. لەبەختی باشم تۆ بەشدارم بوویت لەکورسی و لەژیانمدا..

..

چەندە ترسم هەبوو لەپەیوەندی..

لەکۆت و بەندەکان..

ئێستاش ترسم هەیە لەئازادبوونم..

..

وەک باڵندەیەکی دڵخۆش لەناو قەفەسەکەیدا کەدەرگای قەفەسەکەی بۆ کراوەتەوە، بەڵام ئەو بڕیاری مانەوەی داوە..

..

ئەگەر ئازادی بەواتای ژیان بێت بەبێ تۆ.. ئەوا پێویستم بە دوو باڵ نییە..

..

وەک زیندانییەک کەبڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرکراوە.. کاتێکیش لێخۆشبوونی بۆ دەردەچێت.. دەرچوون لەزیندانەکەی رەتدەکاتەوە..

..



Scanned with Cam

منیش لەچاوەکانتدا زیندانیکرام و بڕیارەکەشم تەمیز نەکردەوە..

چونکە تۆ دادوەریت..

و داواکاریت..

و سکالآکاریت..

و پاسەوانی زیندانیت..

و نهێنیگری کۆبوونەوەیت..

و تۆ جەماوەریت..

و تۆ ئامادەبووانیت..

..

فەرمانبەری کۆمپانیای (اتحاد) سەیری کردم و تکتی چوونە ناو فڕۆکەی پێدام و کورسییەکانمان دوو کورسیی یەکەمی فڕۆکەکە بوون و سەیرێکم کردو داوام لێ کرد شوێنەکەمان بۆ بگۆڕێت..

سەرسام بوو.. سەری سوڕما لەداواکارییەکەم..

-کورسیی حەوتەمم دەوێت.

شاشەکەی بۆ سوڕاندمەوەو شوێنی لەدایکبوونی خۆم نیشان دا..

جانتاکانی خۆم و تۆم بردە ژوورەوە..

فێربووم کە لەکاتی گەشتکردندا پرسیار لەئافرەت نەکەم کەبۆچی دوو جانتای پێیەو چیی لەگەڵ خۆی هێناوە..

دەزانم کەهەموو شتێکت پێیە..

ئافرەت کاتێک جانتای گەشت دەپێچێتەوە تووشی ململانێ دەبێت..
ئەو وێنەی هەموو ئەو شتانە دەکێشێت کەڕوودەدات لەگەشتەکەداو ئەو شوێنانەی لەوانەیە سەردانیان بکات و ئەو بۆنانەی لەوانەیە بکەونە کاتی گەشتەکەیەوە..
کەواتە جانتاکەی بریتییە لەرۆمانێک کەهەزاران سیناریۆی تێدایە..
من بەسەعاتێک بەرلە گەشتکردن جانتاکەم ئامادە دەکەم..
بەڵام تۆ چەند رۆژێک پێشتر جانتاکەت ئامادە دەکەیت..
پرۆسەکەش برێکی زۆر هەست و تورەبوون و فرمێسکی تێدایە، لەکاتی ئامادەکردنی جلوبەرگەکانتدا..
لەگەڵ کاتدا دەستت کرد بەئامادەکردنی پێداویستییەکانی من و پێداویستییەکانی خۆت..
هەرچی لەکاتی گەشتدا لەبیرم چووبوو وەڵامەکەیم دەستدەکەوێت.
-هێناومە ئازیزم.
تۆ من تەواودەکەیت..

..

پێش چوونم بۆ ستاربۆکس (موتعەب)م بینی و سویچی ئۆتۆمبێلەکەم پێداو تەوقەی ماڵئاواییم لەگەڵ کرد، ئەویش سوعبەتی لەگەڵ کردم
-خاتون زویر نەکەیت.
-من دەتوانم؟!

..

چووم بۆ نهۆمی سەرەوەی (ستاربۆکس) و بینیم دانیشتبوویت و دەتخوێندەوە.. شوێنەواری سوریی لێوەکانت بەکوپی قاوەکەوە جێمابوو، کەناوی خۆتی لەسەر نوسرابوو، تۆش بەردەوام دڵخۆش دەبوویت، کاتێک فرۆشیارەکە ناوەکەتی بەهەڵە دەنووسی..

دەوترێت ئەوە فێڵێکی بازارگەرییە کەکارمەندەکە بەمەبەست و بەفەرمانی بەرپرسەکەی ناوی میوانەکە بەهەڵە دەنووسێت، بۆئەوەی میوانەکە بڕوای وابێت کەئەو شتە شیاوی بڵاوکردنەوەیەو بەمەش ریکلامێکی بێبەرامبەر بۆ کۆمپانیاکە دەکات..

تەنانەت ئەگەر ناوەکەش بەشێوەیەکی راست بنوسرێت.. هێشتا میوانەکە هەر بەگاڵتەجاڕییەوە هەڵدەستێت بەبڵاوکردنەوەی و دەنووسێت "دواجار بەشێوەیەکی راست نووسرا".

..

وەستام..

وەک ئەوەی بۆ جاری یەکەم بتبینم..

سەردەم هەموو رۆژێک دەیگەڕاندمەوە بۆ سەرەتا..

ترسام بێم بۆ لات و بەرت بکەوم و نەمناسیتەوە..

تۆ کێیت؟

و چیت دەوێت؟

ترسام ئەوەی هەیە هەمووی خەون بێت..

..



Scanned with Cam

خۆشەویستی ئەوەیە ئەوەی خۆشت دەوێت ببینیت سەرقاڵە بەکتێبێکەوە، یان بەمۆبایلەکەیەوەو سەیری دەکات، بەبێ ئەوەی هەست بکات و دەنگێکیش لەناختەوە هاوار بکات:

"خۆشم دەوێت".

ئەو هەستی ئاسودەیی و ئینتیمایەی هەستی پێ دەکەیت و خۆشت دەوێت.. ئەوە خودی خۆشەویستییە..

هەستم ئەوەیە کەسەیری بەختە باشەکەم دەکەم و سەیری کاتژمێرەکەی دەستم دەکەم کەوەستاوە لەکارکردن..

نامەیەک لەچارەنووسەوە بەوەی دواجار چارەنووسم بەدەستهێنا..

..

رۆیشتین بەرەو دەرگای فڕۆکەکە.. سەیرت کردم و پێکەنیت و چاڵەکەی رومەتت هەستی بزواندم.

-الله!! ژمارەی کورسییەکە..

-ئامادەن؟

-ئای چەندم خۆشدەوێت!!

ئەو وشەیە زۆر جوانە..

چارەسەری خەمەکان دەکات..

کاتێک کەسێکت خۆشدەوێت.. هەموو جارێک خۆشیی لێ دەبینێت، وەک ئەوەی یەکەم جاری بێت گوێبیستی بێت..

..

دەستتم گرت.. هەرگیز بەرم نەدا..



Scanned with Cam

تاکو فڕۆکەکە گەیشتە (ئەبوزەبی)..
بەخێرایی ڕێڕەوەکەمان گۆڕی و پەنجا خولەکی دیکە ماوە لەناو فڕۆکەیەک کەبەرەو (ئەسینا) دەڕوات..
دەستم بەدەستتەوەیەو تۆ جانتایەکی (لویس فویتون)ی گەورەت پێیەو منیش جانتای دەستییەکەت ڕادەکێشم بەدوای خۆمداو جانتاکەی خۆشم بەشانمەوەیە..
تا گەیشتینە دەروازەکە کەژمارەکەی 11 بوو..

لەبەردەم دەروازەکە وەستایت و دوو هەنگاو گەڕایتەوە بۆ دواوەو وێنەیەکی منت لەگەڵ ژمارە 11 گرت..
لەحسابەکەی خۆت لەئینستاگرام داتناو لەسەریت نووسیبوو
he is my lucky number 11 twice
I got my wish

-خۆشەویستم.
-چاوەکەم.
-ئەگەر من ژمارە بوومایە –نەڵێیت ژمارە حەوت- پێتوایە چی ژمارەیەک لەگەڵ مندا دەگونجێت؟
error

-یوسف!! یەڵا بیڵێ.
-بەخودا گاڵتە ناکەم.. تۆ هەموو شتێکیت لەهەموو شتێکی جوان..
-هەموو شتێکت لەهەموو شتەکانی مندا خۆشدەوێت؟



Scanned with Cam

-بەدڵنیاییەوە.

-تەنانەت لوتم.

-بەتایبەت ئەو.

..

کورسییەکانمان لەپلەی یەکەمدا لەوپەڕی ئاسودەییدا بوو، بەڵام کێ وتوویەتی ئێمە بەدوای شوێنی فراوانەوەین..

کوسییەکەی خۆت جێهێشت و هەردوکمان لەسەر یەک کورسی بووین.. بەهەرچی لەمندایە لەباوەشم گرتیت و ئەو رۆژە بڕیارت دا بەبێ روپۆشە پەمەییەکانی چاوت بخەویت..

دەتویست چێژ لەبینینی چاوەکانت ببینم لەکاتێکدا تۆ خەوتوویت..

بەوپەڕی لەسەرخۆیی چاوت چووە خەو..

ئایپادەکەم دەرهێنا.. دەستم کرد بەنووسین و ڕووناکییەکەم زۆر کز کردبوو..

بۆئەوەی ڕووناکییەکە ڕووناکیی تۆ بێزار نەکات..

کەم دەنووسم..

و زۆر سەیری تۆ دەکەم..

بۆنی گوڵ بەقژتەوە هێورکەرەوەی دەروونە..

میواندارەکە هات و قاوەی پێبوو..

سوێندت بۆ دەخۆم کەتۆ خەوتبوویت..

چرپاندی:

-قاوەت دەوێت..



Scanned with Cam

بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە بە بەڵێ..

تۆ چرپاندت:

-خۆشەویستم.. قاوەیەکم دەوێت..

-پاکی بۆ خودا.. تۆ ئێستا خەوتبوویت..

بێدار بوویتەوە.

دەستت کرد بەخواردنەوەی قاوەکەت و چەند وێنەیەکی جوڵاوت لەسەر شاشەکە نیشاندام..

الله!! الله!!

it's frozen

نەمدەزانی کەرستەی "پێشتر نەمبینیوە".

وەک ئەوە وایە بێباوەڕ بووبێتم..

-چۆن! مەحاڵە!!

-ببورە بەڵام سەیرم نەکردووە.

this is Disney's best production

-تەواو بەم نزیکانە سەیری دەکەم.

-بەدەست خۆت نییە گەورەم.. ئێستا لەگەڵ مندا سەیری دەکەیت..

دانیشتین بۆ سەیرکردنی و لەگەڵیدا گوێت لە گفتوگۆکان دەگرت و بەرلە هەر دیمەنێک خۆت بۆئەوەی ڕوودەدات ئامادە دەکرد.

-خۆشەویستم.. چەند جار سەیرت کردووە؟

-نازانم.. لەوانەیە چل جار ببێت..



Scanned with Can

-بەڕاستیتە!!

-بەخودا.

باوەڕم نەکرد تاکو گەیشتە گۆرانییەکەو تۆش لەگەڵیدا دەتوتەوە.

let it go let it go
I couldn’t let you go
I couldn’t walk away
couldn’t keep it in
having knowos I tried

بەخودا وەک ئەوە وابوو لەگەڵ کچە بچوکەکەم گەشتم کردبێت.. بەئاوازەکەی نواندنی بۆ گۆرانییەکە دەکرد.. هاوارت دەکرد

I’m never going back
the past is in the past

بەجدی سەیری منت دەکرد

-یوسف

let it go

-ئیشەلا

بێگومان کارێکم کرد شتەکان بەئارەزووی ئەو تێپەڕن، بەوپێیەی من کابتنی کەشتییەک بووم، کەڕازی بووە بەنقومبوون، چونکە دەمزانی کەبەلەمە فریاگوزارییەکانی کەنارەکانی تۆ چەند چرکەیەک بەرلە نەمانی ئۆکسجین دێن بۆ ڕزگارکردنم..



Scanned with Can

رامدەکێشن بەرەو دورگەکەی تۆ.. بۆ نیشتمانی راستەقینەم..
فڕینێک لەدوای فڕینێکی دیکە..
لەئەسیناوە بۆ دورگەی سانتورینی..

we landed to our place

you call home the place you always dreamed of going to

the honeymoon started

we landed in Santorini

you became the guide

دەستت کرد بەباسکردنی چیرۆکی ئەو دورگەیەو مێژووەکەی بۆم

you loved this Iceland because it became one due volcanos

هەندێک زیان هەیە بەقازانج دەشکێتەوە
بۆ یەکەمجار بوو لمی سوورو سپی و رەش لەیەک شوێندا ببینم

We had a Suite that had a view over looking the Volcano

We were lost in Lost Atlantis

You never said Santorini

You always said Thira

The actual name of the Island and the capital



Scanned with Can

of Fira

ویستم دووربکەوینەوە لەو شوێنە دووبارانەی گەشتیاران زۆر سەردانیان دەکەن و بەرەو نیشتمانی جوانیی راستەقینە بەڕێکەوتین

Kamari and Perissa were full of tourists, but you knew where we should go

We stayed in Oia, we took a bus to the beach and we enjoyed the mountain view

دەڵێن جوانترین خۆرئاوابوون کەلەژیانتدا بیبینیت لێرەیە

While everyone was busy taking pictures of the sunset

I was taking pictures of my sunshine



Scanned with Can

## لەهەزار ڕاستی باشترە..

خەیاڵم سەردانی پرسیارێکی کرد.

-دنیای من.

-چاوی دنیات.

-ناوی نەنکت دایکی باوکت چییە؟

-خوا لێی خۆشبێت..

-کەی کۆچی دوایی کرد؟

-چەند ساڵێکە.. لەیادم نییە..

-بەڵام!! ئەوەی لەنیویۆرک چارەسەر وەردەگرێت؟



Scanned with Cam

## چۆن!!

وەڵامێکی لۆژیکیم دەوێت بۆ پرسیارەکەم..

ئاڵۆزترین پرسیارەکان ئەوانە نین کەوەڵامیان نییە..

بەڵکو ئەوانەیە کەوەڵامەکانیان سادەیە..

شیکردنەوەی سادەییش مەحاڵە..

گەردیلە سادەیە..

بەڵام لەتکردنی تەقینەوە دروستدەکات..

..

گەڕامەوە بۆ ئەو ڕۆژە..

ئەو ئارەزووە..

ئەو ڕاستەقینەیە..

خەیاڵ نەبوو..

لەوانەیە ئەفسانەیەک لەهەزار ڕاستی باشتر بێت..

..

لەبەردەمتدا وەستام..

وەڵامی پرسیارەکەمت دایەوە..

بەوپەڕی ناشیرینییەوە دەتوانیت ئارەزووی گەنجێک بکوژیت..



Scanned with Cam

چیرۆکەکانم دەکوژیت!!

پیتەکانم..

برینەکانم..

چی دەبێت ئەگەر..

نەفرەتی خودا لە ئەگەر..

هەرچی شەیتان هەیە دڵەڕاوکێم بۆ دروستدەکات و منیش پرسیار دەکەم..

چی دەبێت ئەگەر..

هاوارم کرد..

ئەی گیانم مەڕۆ..

قسەکە لەتەمەنی من گەورەتر بوو..

لەخەونەکانیشم گەورەتر بوو..

بارهەڵگرێکی بارکراو لەقاوەی گەرم بوو، کەدەکولاو تۆش سۆندەیەکت هەڵگرتبوو دەتڕشاند بەسەر سەرو دڵمدا..

دەمسوتێنێت..

دەمگرێنێت..

لەتاو بەهێزیی ئازارەکە..

قسە ناکەم..

..

دووبارە لەنیویۆرک بووین..

ئەوە جاری یەکەم نەبوو کە بەیەکەوە سەردانی بکەین..

بەیەکەوە لەکوێتەوە گەشتمان کرد بەرەو دوبەی..



Scanned with Cam

چرپاندت بەگوێمدا..
-دەمەوێت پێت بگەم وەک ئەوەی یەکەم جار بێت..
-بەسەرچاو..
هەموو داواکارییەکانت فەرمانن..
تەنانەت ئەوانەش کەشێتانەن..
چونکە لەو ڕۆژەوە کەبۆ من بوویت..
هەموو شتێکی شێتانە دەکەم، چونکە شێتی ئەوەیە کاری شێتانە نەکەیت بۆ ئەوە کەسەی عاشقیت..
..
تکتی کورسییەکەی خۆم و خۆتم هەڵگرت
7A 7b
ڕۆیشتم و لەنهۆمی خوارەوە تۆم بینی..
ئەو خوشکەم دۆزییەوە کەلە جێگا تەختە بچوکەکەدا هاوبەش بووین..
داوام لە"ماریا" کرد بیهێنێت.. بۆ سەرەوە..
ئاوەکە بێدەنگیمانی شکاند.
-ببورە تۆ سعودیت؟
سەیرە ئەو پرسیارەت لێ دەکەم و پاسپۆرتە شینەکەشت لەلای منە..
باسی ئایندەمان کرد..
چەند وێنەیەکمان بەیەکەوە گرت..
هێشتا ئەو وێنەیە لەسەر شاشەی مۆبایلەکەمە..



Scanned with Can

بەدەم سەیرکردنتەوە سەرم لاربووەوە..
چەندە ئارەزووم دەکرد بە (خۆشەویستەکەم) بانگت بکەم..
بەلام من پیاوم و پیاویش هەموو بەڵێنەکانی دەشکێنێت،
جگە لەو بەڵێنەی کەبۆ کەسێکە کەپێشتر هەموو بەڵێنەکانی شکاندووە..
لەپێش تۆدا دەموت نا بۆ خۆشەویستی..
نا بۆ پەیوەندی..
نا بۆ ژیان..
ئەوەتا ئێستا بەخۆشەویستییەوە هاوار دەکەم بۆ ژیان..
ژیانم دەیەوێت بمکوژێت..
دەیەوێت سزام بدات و منیش ئەو سزایەم ناوێت..
هەموو تەمەنم لەکڕنوشدا دەمێنمەوە تاکو ئەو سزایە بڕوات..
دەزانم ئێستا پێم دەڵێیت..
-یوسف.. خودایە لێمان خۆشبە!! ئەو قسەیە مەکە..
خودایە لێم خۆشبەو سوپاس بۆ خودا کەجارێک منی ژیاند کەبەسمە بۆ هەموو تەمەنم..
چیرۆکێکی پێبەخشیم لەچەند لاپەڕەیەکدا کەبەسمە لەبری هەزاران لاپەڕە..
کەلەژیانمدا لەگەڵی ژیاوم..
بەشی دووەمی ڕێکەوتنەکە لەفرۆکەخانەی (جی ئێف کیندی) بوو..
کە نەتبینم تاکو کۆتاییهاتن لەهەموو شتەکان..



Scanned with Can

تۆش هەموو شتێکیت..

زۆر دووبارەم نەکردەوە؟!

من هەموو شتێکم خۆشدەوێت لەهەموو شتێکی تۆدا!!!

پاسپۆرتە ئەمریکییەکەت دەرهێناو ڕۆیشتیت و چاوەکانت بەشوێنمەوە بوون..

گیان گەیشتبووە دەرچوون..

گیان نەگەڕایەوە بۆ جەستەم، تا ئەوکاتەی لەدوورەوە ماچێکت بۆ هەڵدام..

مێینەی (کەوان) حەزی لەدوورییە.. لەگەڵ کۆچ..

ڕێکەوتنەکە بەوشێوەیە بوو کەچەند ڕۆژێک دواتر یەکتری ببینین..

چووم بۆ نەخۆشخانەو بەباشی شارەزای بووم..

پرسیاری ناوەکەتم کردو چاوەڕوانت بووم..

شەوێکی ئەفسوناویمان لەنیویۆرک بەڕێکرد..

وەک ئەوەی لەیەکەم ژووانی دڵداریدا بین..

ئاگادارت نەکردم و تایەی ئەسپەکەش خەمەکانمی لەگەڵ خۆی رادەکێشا..

T4C

N2B

M1

خۆزگە نەمزانیایە ئەو پیتانە واتایان چییە نەفرەتی خودا لەبێباوەڕان..



Scanned with Cam

خۆزگە هەرگیز پیتە لاتینییەکانیان دانەهێنایە..

..

بەڵام بەباشی واتای هەر پیت و ژمارەیەک دەزانم..

T Tumor

وەرەم کەقەبارەکەی بەژمارەی یەک بە چوار پێوانە دەکرێت..

وادیارە جەستەشت وەکو خۆت وایە..

رازی نابێت بە لوتکەی هەموو شتێک نەبێت..

I lymph nodes involvement metsasis

ئاستی پەیوەندیی گرێ لیمفاوییەکان بەپیس کەپەیوەست بوو بەگرێ دەروونییەکانی منەوە بەرلەوەی پەیوەست ببێت بەگرێ لیمفاوییەکانی تۆوە..

وایکرد ترسم هەبێت کەڕۆژێک گەشت بکەم بەبێ بوونی کورسییەکی بەتاڵ کەدەربڕی بەتاڵیی من بێت..

M metsasis

کەئاماژەیە بۆئەوەی ئایا گواستراوەتەوە بۆ ئەندامێکی تر یان نا.. ژمارە سفر واتا نا.. ژمارە 1 واتا بەڵێ، ئەندامەکانی دیکەش تووش بوون..

وەک ئەوەی بڵاونەبوونەوەی هەموو شتێک وێران نەکات..

چۆن کچەکەم پەروەردە بکەم بەوەی یەکەم بێت لەکاتێکدا ترسم لەو ژمارەیە هەیە..

خۆزگە سفر دەبوو..

بەخودا ئەگەر کۆچت کرد..



Scanned with Cam

پێی دەڵێم پلە سفر بە..
بۆئەوەی هەرگیز نەڕوات..
..
بۆیە بەپیس ناونراوە..
چونکە توانای کوشتنی هەموو خەونەکانی تۆی هەیە، ئەگەر لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی هەڵبژاردووە کەلەناو هەموو جەستەتدا بگەڕێت..
جوان..
منیش وەک باخەوانێک گریانم دێت..
نایەوێت مێشەکان لەدەوری گوڵەکانی کۆببنەوە..
تۆش گوڵەکەی منیت..
تۆ باخی منیت..
سەرمایەی منیت..
هیچم نییە ئەم باخچەیە نەبێت..
گوڵەکانی لێناکەمەوە..
نامەوێت بمرێت..
..
نامەوێت بمریت..
تکایە..
بەڵێنم پێ بدە کەجێم نەهێڵیت..
هەرگیز..
ژیان لەدوای تۆ ترسێنەرە..



Scanned with Can

دێوێک لەژێر جێگەی بچکۆلەکەتەوە جێگیر بووەو دەیەوێت بیخوات..

دێوێک کەناوی دنیایە..

ناوی واقیعە..

ناوی ڕاستییە..

..

هات بۆ لەندەن..

من پێدەکەنم..

دڵیشم دەگری..

شێوازی ماڵئاواییکردنت بوو..

دەتویست ئەو شوێنانەی عاشقیت بۆ دوایین جار سەردانیان بکەین..

نەخشەی ژیانت بۆ کێشام..

دەمەوێت بنووسیت لێرە.. و لێرە.

(عەلی) مرد لە ئاگری تامەزرۆییدا..

تۆ کوشتت..

تۆ هۆکار بوویت..

خاوێن.. جوان.. بێتاوان بوو..

و مرد..

..

(خالید) "سارە"ی لەدەست دا..



Scanned with Cam

بەڵێ بەهۆی تۆوە..
تۆ گروپ و تۆ رەوتی منیت..
هەموو شتێک لەهۆزەکەم جیایان کردمەوە..
لەنیشتمانەکەم.. لەپاسپۆرتەکەم..
..
تۆ سەرداری دڵمیت..
سەرداری دڵم مرد..
(راکان)تەنانەت کردتە گریان.. (عەبدوڵا)تەنانەت کردتە گریان..
منیش دەگریم..
ئەمە بەس نییە؟
..
ئەگەر بڕیاری مانەوەت بدایە..
کۆتاییەکی بەختەوەرم دەنووسی..
بەخودا ئەگەر بڕیاری مانەوت بدایە..
لەبنەڕەتدا هەر نەمدەنووسی..
کاتم نەدەبوو بۆ نووسین و سەرقاڵ دەبووم بەتۆوە..
واز لەکارەکەم دەهێنم..
واز لەژیانم دەهێنم..
لەدنیا دادەبڕێم..
هەموو شتێک دادەخەم..
و لەتۆدا دەژیم..



Scanned with Can

بەخودا ئەگەر بڕیاری مانەوت بدایە..
هەزاران کوپ قاوە دەخۆمەوە..
بۆئەوەی نەخەوم..
شەونخونی دەکەم..
بەشەوو بەڕۆژ لەپێناوی تۆدا..
ئەگەر بڕیاری مانەوت بدایە، لەگەڵ تۆدا لەناو فڕۆکەیەکدا دەژیام و بەپێچەوانەی کاتەوە دەفڕیین، بۆئەوەی خولەکێکیش بەفیڕۆ نەچێت..
لەهەموو 11:11یەکدا دەژین..
لەهەموو سەردەمێکدا..

..

تکایە کۆچ مەکە..
دەمەوێت بەیەکەوە گەورە ببین..
بەیەکەوە پیر ببین..
من بمرم..
تۆ خەفەت بخۆیت..
گوڵەکان سەردانت بکەن تەنانەت لەدوای مردنیشم..

..

دەمەوێت هاوار بکەیت..
بەهەموو هێزی خۆت..
-یوسف ئێستا ساردەمەنیم دەوێت..
لەگەڵ بەرەبەیاندا دەچمە دەرەوەو بەشەقامەکاندا



Scanned with Cam

دەسوڕێمەوە بەدوای داواکاریی خۆشەویستەکەمدا..
یان کاتێک بڕیار دەدەیت کەئێستا دەمەوێت بڕۆمە دەرەوە پێش ئەوەی ئەو ڕووناکییە دەربکەوێت کەناگاتە ڕووناکیی تۆ، دەبینم لەوێستگەی سەنتەری سوڵتان وەستاوین و دەستت بەدەستمەوەیە..

we buy everything you are craving

منیش هیچ ناڵێم..

you can buy unlimited Ben & Jerry's

I will cook you Edamame

I will serve you breakfast at 8 pm in bed

I would give you a foot massage when it swells I will eat to gain weight so you don't feel awkward being pregnant.. I would love to buy those number 1,2,3 pullovers from universal studios so we all could wear them

دەمەوێت خێزانێکم هەبێت..
کەبریتی بێت لە من..
و تۆ
و تۆی بچکۆلە..
و تۆی بچکۆلەتر..
و تۆی بچکۆلەتر..
کوڕم ناوێت.. جگە لەکچ هیچم ناوێت..



Scanned with Cam

زۆریشم دەوێت..

دەمەوێت لەوانەوە سەیری تۆ بکەم لەهەموو تەمەنەکاندا..

..

دەمەوێت کاتێک پیر دەبیت یەکەم جار فرمێسکت بۆ بسڕم..

دەمەوێت چاوەکانت ماچ بکەم کاتێکماڵئاوایی لێ دەکەیت بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات..

دەمەوێت دەستی ئەوو دەستی تۆ ماچ بکەم کاتێک درەنگ دەکەوێت لەئاهەنگی واژۆکردنی کتێبەکەی..

چونکە شایستەی چاوەڕێکردنە..

ئایا شایستەی ئەوە نییە دایکی لێرە بوایە؟

تکایە مەڕۆ!!

..

پەرجویەکم دەوێت..

نامەوێت ئارەزوو بکەم..

دەمەوێت شتێک بکەم کەوابکات تۆ نەڕۆیت..

..

دەمەوێت پێت بڵێم کەزۆرم خۆشدەوێیت..

هێندەی خۆشەویستیت بۆ کتێب و رۆمانەکان خۆشمدەوێیت..

..

دەمەوێت پێت بڵێم کەناتوانم بەبێ تۆ بژیم..

ناتوانم.. و نامەوێت..

..



Scanned with Cam

دەمەوێت پێت بڵێم کە من..
ناتوانمماڵئاواییت لێ بکەم..
say something!! I'm giving up on me!

خۆم دەدەم بەدەستەوە..
تا ئێرەو چیتر ناتوانم..
زیاتر بتلاوێنمەوە!!

..

دوایین گفتوگۆی ئێمە..
-یوسف؟
-گەردوونی یوسف.
-دەمەوێت لەدوای من بەختەوەر بیت.
-دەمەوێت ئێستا لەگەڵ تۆ بەختەوەر بم.. سبەی گرنگ نییە..
دەنگی (عەبدولمەجید) بێدەنگیمان دەشکێنێت..
کەواتە بەڵێ بێدەنگیش قسەی هەیە..
-یوسف گوێی لێ بگرە.. لەبارەی من و تۆوەیە.
-هەموو گۆرانییەکان لەبارەی من و تۆوەیە..
-نانا ئەمەیان جیاوازە.. دەمەوێت کتێبی دووەمت گۆرانییەکی (عەبدولمەجید) ناونیشانی بێت..
-کام گۆرانی؟
-یان خەون دەبینن.. یان ملیۆنێک یادگاری..
-بۆچی؟
-چونکە ئەوەی دڵت دەدزێت لە خۆشەویستیی من.. خەون

دەبینێت.. چونکە یادگاریی من هاوتای ملیۆنێک یادگارییە..

لەبەردەممدا نواندنت بۆ وشەکانی گۆرانییەکە دەکردو سەیری ئەو هێمنییەت دەکرد..

-رۆژی یەکشەممە.. لەتەنیاییتدا بانگت دەکەم.. پاشان ئاور دەدەمەوەو کەس نابینم لەچواردەورت.. ئەوە منم.. لەزۆریی بیرکردنەوە لەتۆ.. بانگم کردیت و هەریەکەشمان لەوڵاتێک بووین..

-کام وڵات!!! ئێمە ئاسمانەکانمان لەنێواندایە..

-یوسف زویر ببم؟ بەخودا ئەگەر بیرت بکەم بانگت ناکەم!

-نا!! نا!! تکایە هەرکات بیرت کردم سەردانم بکە..

-کەواتە هەمیشە کورسییەک بۆ من جێبهێڵە.. تۆ نازانیت کەی سەردانت دەکەم..

لەکاتی کۆتاییهێنانت بەقسەکردن خۆری بەیانی هەڵات.. سپێدەی بەرەبەیان.. باشترین کاتە بۆ جێهێشتن.. و کۆچکردن..

هەمیشە لەخولەکەکانی یەکەمی بەیانیدا کۆچ دەکەیت، چونکە پڕە لەمرۆڤایەتی، ترست لەرقبوونەوەم لەشەو هەبوو.. تۆ دەزانیت من شەوم خۆشدەوێت.. نەتویست وابکەیت رقم لەشەو بێت..

لەبەرئەوە بەرەبەیانی زوو کۆچت کرد..

کاتژمێرەکەی دەستم ئاماژەی بۆ یانزەو یانزە خولەکی بەیانی دەکرد..

11:11



Scanned with Can

ساتی هاتنیان بوو بۆ گواستنەوەی تەرمەکەت، بەڵام..

گیانت لەبەهەشتدا بوو..

11:11ی بەیانی کار ناکات..

ڕەنگە ئارەزووەکەم لەشەودا وایکردبێت تا بەیانی لەگەڵم بمێنیتەوە..

بەبێ زیان ڕۆیشتیت..

خۆشەویستیت هەبوو بۆ دنیا..

بەبەختەوەرییەوە چاوەکانت لێکنا..

ڕەزامەند بوویت لەمن..

..

دەزانم کەدەخوێنیتەوە..

بەدواداچوونم بۆ دەکەیت..

لەنزیک منەوە شەونخونی دەکەیت لەکاتێکدا دەنووسم..

دەست لەمووە ئاڵۆسکاوەکانی قژم وەردەدەیت..

و لەسەرەوە سەیری من دەکەیت..

لەناو کوپی قاوەکەمدا دەبیت..

و لەناو گوڵەکان..

و پێکەنینی منداڵەکان..

دەزانم تۆ لەگەڵمدایت و منیش جامانەکەم و عەترە دڵخوازەکەی تۆ لەخۆم دەدەم..

پێنووسەکەم بەمنە..

دەڕۆم و..



Scanned with Cam

نزا دەکەم..

خودایە بتبینمەوە..

دروست نییە تۆ من ببینیت و من نەتبینم..

وێنەکانی تۆم لەسەر دیواری دڵم هەڵواسی..

دەنگیشت لەرادیۆی مێشکمدا بڵاودەبێتەوە..

کەناڵی چاوەکانم زنجیرەی پێکەنینەکانی تۆ نیشان دەدات..

گەیشتمە ناوچەی خۆراوای (مشرف)..

و هۆڵی پێنجەم.. بەدەم رۆیشتنەوە زەردەخەنەم دەکرد..

بینیم (ناسا) چاوەڕێ دەکات..

منداڵێکیش بۆ من دەگەڕا..

لەسەر کورسییەک دانیشتم..

دەستم بەواژۆکۆدنی رۆمانێک کرد..

تۆ نووسیت..

تۆ دروستت کرد..

تۆ هەڵتبژارد..

من تەنها گێڕامەوە..

..

ئاورم دایەوە بۆ یەکێک لەهاوڕێکان و داوایەکی پێویستم لێ کرد..

-کورسییەکی دیکەم دەوێت.. دەمەوێت لەنزیکمەوە بێت..

هێنایان..

لەنزیک خۆمەوە دامنا..



Scanned with Cam

کەس نایەت لەسەری دابنیشێت..
بەڵام بوونی ئاسایش و ئاسودەیی دەهێنێت..
خەونەکەت کۆتایی هات..
کتێبەکانت دەفرۆشرێن..
هەندێکیان ڕێگرییان لێکرا..
هەندێکیشیان بڵاوکرانەوە..
بەڵام من..
بەبێ خەون مامەوە..
بەبێ ئاوات..
ئەوە شتێکی خەماوی نییە..
چونکە مرۆڤ لەوپەڕی توانایدا نییە.. مەگەر کاتێک خۆی لەهەموو شتێک دابماڵێت..
هەموو شتەکان لەدەستدەدەین و خۆشمان نادۆزینەوە..
هەموو شتێکم دۆڕاند بەهەموو ئەو شتانەی خۆشمویستن..
..
تەنانەت ڕۆژێک چوومە ناو ئۆتۆمبێلەکەمەوە..
دەنگی (ئەسما سامی) خۆی سەپاندبوو..
وادیارە (ترکی مشیقح) چیرۆکی من دەزانێت..
دەنووسێت..
"تورەیی دێری ڕۆمانەکانی.. پەیام و خۆبەزلزانیی پیتەکان.. تراویلکەیەک باوەشی کردووە بەبەردە گەرمەکانداو بەقوڵایی ناخمدا دێت و دەچێت"..



Scanned with Can

خەونێک دێتە لام.. لەکاتێکدا لەجێگەکەمدا خۆم پێچاوەتەوە..
چرای تاریکی هەڵکردو روانینەکانمی گەمارۆ دا..
وتەکەیت پێشکەش دەکەم کاتێک دەڵێت..
"خۆشەویستم گوڵی خەونەکانم.. رەشەبا بێعەقڵە کەوەراندی..
خۆشەویستم مرۆڤەکان خەوتوون، منیش جیا لەوان سەرم لێ شێواوە".

..

برێکی زۆر تامەزرۆییت پێشکەش دەکەم..

..

وتەیەکم لەچامەی تامەزرۆیی هەڵبژاردو وشەیەکم لێ گۆڕی و وتم:
بەڕۆمانێک ملیۆنێکم بەدەستهێناو یەکێکم لەدەستدا کەبەملیۆنێک کڕیبووم..

..

وتم بەملیۆنێک یادگاری..
هیچ کۆتاییەک نییە.. هەموو کۆتاییەک سەرەتای شتێکی جوانە.. چاوەکانت داخە ئەوەی خۆشت دەوێت دەیبینیت..
لە 11:11دا
من تەنیا نیم..
من زۆر بەختەوەرم..
چونکە تۆ لەگەڵمدایت لەدێرەکانمدا..
هەرکات هەست بکەیت پێویستە دەگەڕێیتەوە..



Scanned with Can

ئازارەکانم هێواش دەکەیتەوەو ڕۆژەکانم ڕووناک دەکەیتەوە..

من خۆشم دەوێت..

تۆم خۆشدەوێت..

هەموو شتێکیشم خۆشدەوێت..

لەبارەی هەموو شتێک لەتۆدا..

you are my 11:11 wish

بەڵێنیش لەشوێنێکی جوانترە بەدیدارێک کەکۆتایی نایەت..

تا ئەوکاتەی بەیەک دەگەینەوە.. لەهەر شوێنێک بم کورسییەکی چۆڵ لەتەنیشتمەوە بۆ تۆ دادەنێم..

تەنها بۆ تۆ..

ئەمە کۆتایی ئەم کتێبە نییە..

بۆئەوەی وێنەکە تەواو بێت..

ڕووداوەکان بۆ خەیاڵی ئێوە جێدەهێڵم..

(یوسف جاسم ڕەمەزان)

11:11



Scanned with Can




کتێبخانەی **گۆڵدن بووک**
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook ktebfroshe_warzer


Scanned with Can

هەرکە کاتژمێر لە ١١:١٠ خولەک نزیکدەبێتەوە
دەبینم بەرلە هەموو کەسێک ئارەزووەکانی دەژمێرێت..
یەک خولەک بەسە بۆ هێنانەدیی
هەموو ئارەزووەکان،

..

بەڵام هەموو وردەکارییەکانی تۆم خۆشدەوێت..
هەموو شتێکم لەبارەی
هەموو شتێکی تۆوە خۆشدەوێت..
I wish..
ئارەزوو دەکەم..

نرخ السعر PRICE 4000



کتێبخانەی گۆڵدن بووک
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
07701598762 - 07501444434
Goldenbook @ktebfroshe_warzer
GOLDEN BOOK

Scanned with Cam